# فرۆشتنی نەوت
## شوناسی بە کوردستان بەخشی



خالید ساڵح

بۆ گوڵان نووسیویەتی *

وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ٥/٢٢ دا رایگەیاند، کە نەوتی عەمبارکراوی کوردستان لە بەندەری جەیهان بە کڕیارە نێودەوڵەتیەکانی فرۆشراوە(یان دەفرۆشرێت). ئەگەرچی دەستاودەست هیچ ژمارەیەك پشتڕاست ناکرێتەوە، بەڵام پێدەچێت بەلای کەمەوە نزیکەی ٦٠٠،٠٠٠ بەرمیل (لە کۆی ٢،٥ ملیۆن بەرمیل) عەمباری هەڵگرتنیان جێهێڵابێت بەرەو کەشتیەکانی دەریا. لە کاتی ئەم نووسینەدا، چەند بابەتێك لای چاودێرە دەرەکیەکان نادیارن: ئایا نەوتەکە فرۆشراوە؟ بە کێ فرۆشراوە؟ ئایا کڕیار بەردەوام دەبن لە کڕینی؟ ئایا ئەمە سەرەتای گەشتی دووروودرێژی کوردستانە بەرەو سەربەخۆبوونی ئابووری لە عێراقێکی بەردەوام نائارامدا؟ ئایا هەڵگرتنی داهاتەکە بارگرژی زیاتر دروست ناکات لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا؟ هەرزوو بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە کاردانەوەیەکی سەرسوڕنەهێنەری لەلایەن بەغداوە بەدوای خۆیدا هێنا. عەلی فەیاز، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز(لە پەرلەمانی فیدراڵی)، داوای لە حکومەتی عێراق کرد کە فەرمانێك بۆ راگرتن و رێلێگرتنی دەربکات.

کاردانەوەیەکی سەرسوڕنەهێنەریش لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان چاوەڕوان دەکرێت. بەپێی هەندێ راپۆرتی میدیایی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، عیزەت سابیر، خۆشحاڵ نەبوو بەوەی لە ئێستادا نەوتی کوردستان بە کڕیاری نێودەوڵەتی بفرۆشرێت. ئەو باس لەوە دەکات کە باشتر دەبوو ئەگەر ئەم کارە لەساڵی داهاتوودا بکرایە.

لە زۆر رووەوە، کاردانەوەگەلێکی سروشتی هەن کە قابیلی لێتێگەیشتنن، لەبارەی دەستکەوتە دراماتیکیەکانی هەرێمی کوردستان کە هەنگاو بە هەنگاو بەدییان دەهێنێت. هەنگاو بە هەنگاو، لەبەر ئەوەی لە گفتوگۆ دەستووریەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا وێنای گەیشتن بەم رۆژە کرابوو، ئەویش کاتێك نوێنەرانی کوردستان هەوڵ و کۆششێکی زۆر جددیان دا بۆ دروستکردنی بناغەیەکی دەستووری بۆ سەربەخۆبوونی ئابووری و رێگەگرتن لە حکومەتەکانی عێراق لە ئایندەدا بۆ ئەوەی نەتوانن سیاسەتە وێرانکاریەکانی پێشوو دژ بە کوردستان پیادە بکەن.

لە رابردودا، داهاتی نەوت بەکاردەهێنرا بۆ بەسەربازیکردنی عێراق، بۆ بەرپاکردنی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان، لە نێویاندا ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفال(جینۆسایدی عێراق دژ بە کورد). تا ئێستاش چەندین شوێنەواری ئەو سیاسەتە لە سەرتاسەری کوردستاندا بەدی دەکرێت. سەرجەم ئەو رێگا و بان و ژێرخانانەی لە شاخەکاندا دروست کران، ئامانجێکی سەربازیان لە پشت بوو: راماڵینی ناوچە گوندنشینەکان، و کۆنترۆڵکردنی تەواوی دانیشتوانەکە لەسایەی کۆماری ترسدا، ورەپێبەردانی دانیشتوانەکە بۆ ئەوەی هیچ ئومێدێکیان بە ئایندە نەمێنێت. لە زۆر

ناوچەدا، ژیانی سروشتی نزیك لەناچوون بوو: باڵندە، و ئاژەڵ، و دار و درەخت، و گوڵ و گوڵزار و کانی زەبری توندیان بەرکەوت.

ئێستاش پێوەندیەکی تەلەفۆنیم لە یادە کە دۆستێکم بۆی کردم. کە پێشمەرگەیەکی دێرین بوو، لە کەمپێکی پەنابەران لە ئێراندا گیرسابۆوە لە ساڵی ١٩٨٩دا. وەك سەدان هەزار کەسی دیکە، ئەو لە هێرشە کیمیاییەکان هەڵاتبوو کە لە کاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا ئەنجام دەدران. ئەگەرچی ئەو خۆشحاڵ بوو کە لە ژیاندا مابوو، بەڵام گریان ناچاری کرد لەو پێوەندیە تەلەفۆنیە خراپەدا زوو زوو قسەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە. لە کۆتاییدا پەیامەکەی بە روونی گەیشت: «کوردستان کۆتایی هات. کورد بوونەتە جولەکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەم زووانە نامێنن.»

تاوەکو ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردو، هیچ پرۆژەیەکی ژێرخان لە کوردستاندا نەبوو. هیچ پیشەسازیەك نەبوو شایەنی ئاماژە پێکردنبێت. کەمی بەرهەمی وزە و کارەبا بەربەست بوون لەبەردەم هەرێمدا کە نەتوانێت پەرە بە هیچ پرۆژەیەکی گەورە بدات.

تەنها دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧دا دەستی کرد بە بەکارهێنانی چەند کێڵگەیەکی گاز بۆ دابینکردنی گاز بۆ وێستگەکانی کارەبا، ژیانی هاووڵاتیانی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد. لە دەرئەنجامی چەند دەستپێشخەریەکدا، وەبەرهێنە دەرەکی و خۆماڵیەکان باوەڕیان هێنا بە توانای هەرێم لە ئایندەدا.


یەکێك لە قۆناغە یەکلاکەرەوەکانی ئەم پرۆسە هەنگاو بە هەنگاوە بریتی بوو لە دەرکردنی یاسای نەوت و غازی کوردستان لە ئابی ساڵی ٢٠٠٧دا، کە زەمینەیەکی بە پیتی رەخساند بۆ کۆمپانیا نەوتی و گازیە نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەوەی بە جددی بڕواننە کوردستان. بەڵام، هێشتا، ئەمە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ بوو. لە کەرتی تایبەتدا، چەند کۆمپانیایەکی نەوتی بچووك، بەڵام نەك کەم بایەخ، پێکەوە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی کەمی گشتی قەبارە مام ناوەند، لەگەڵ یەك کۆمپانیای حکومی بوێری ئەوەیان کرد سەرکێشی ئەوە بکەن بێنە بواری نەوتی رومالنەکراوی هەرێمەکەوە. هەڕەشەی بایکۆت و سزادان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەیترساندن. چەند سەرکردەیەکی سیاسی کورد یان دودڵ بوون یان چالاکانە دژ بە سیاسەتی نوێی نەوتی هەرێمی کوردستان بوون. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، گەورە کۆمپانیاکانی نەوت گەمەکەیان گۆڕی، کاتێك گرێبەستی کارکردنیان لە کوردستاندا بەدەست هێنا، ئەویش سەرەڕای هۆشداری یەك لە دوای یەکی حکومەتەکانیان و هەڕەشەی یەك لەسەر یەکی حکومەتی عێراقی.

دووەم قۆناغی یەکلاکەرەوە ئەوکاتە بوو کە کوردستان یەکەم کاروانی نەوتی خۆی هەناردە کرد لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩دا. ئەمەش چاوەڕوانی زیاتر کرد دەربارەی توانای کوردستان. کەمتر لە پێنج ساڵ دواتر، بە هاوکاری کۆمپانیایەکی کوردی کەرتی تایبەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پەلە بکات لە دروستکردنی بۆری هەناردەکردن، بەمەش قۆناغێکی دیکەی یەکلاکەرەوەی بڕی لە پەرەسەندنە هەنگاو بە هەنگاوەکەیدا، وەك هەرێمێکی بەرهەمهێنەری نەوت. فرۆشتنی نەوت لە کێڵگە نوێیەکانی نەوت دوایین قۆناغی گۆڕینی کوردستانە لەوەی کە هیچ نەبوو بووە کەسێك کە دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێت بەدوای نەوت دابگەڕێت، نەوت بەرهەم بهێنێت و بیگەێنێتە بازاڕی نێودەوڵەتی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥، کاتێك دانوستانکارانی کوردستان لە خەباتدا بوون بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەی کوردستان لە عێراقی نوێی فیدراڵ و فرەییدا، هیچ داتایەك نەبوو لەبارەی توانای کوردستان لە رووی وزەوە. ئێستا، بڕە زانراوەکە بەرچاوە. لە ماوەی نۆ ساڵی رابردودا، هەرێمی کوردستان سەلماندی هەر کاتێك تێڕوانین و پێداگیریەکی روونی هەبێت بۆ گۆڕینی هەل و مەرجە سیاسیە کۆت و پێوەندکارەکە، ئەوا ئەگەری بەرەوپێشچوون لە ئارادایە، سەرەڕای هەموو سنووربەندیە سەرچاوەگرتووەکان لەلایەن هاوبەش و هاوپەیمانەوە(ئیدی حکومەتی فیدراڵی بێت لە بەغدا، گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بێت لە کوردستاندا، یان هاوپەیمانەکانی جەنگ وەك ئەمریکا یان بەریتانیا کە هەموو ئەوانە بەرهەڵستی ئەوەیان دەکرد کە ئێستا ئێمە دەیبینین).

لە ساڵانی داهاتوودا توانای هەناردەکردنی کوردستان لە چەند سەد هەزارێکی کەمەوە هەڵکشێت و بگاتە ملیۆنێك بەرمیل. ئەمە لە رووی سیاسی، و ئابووری و کۆمەڵایەتی چارەنووسی کوردستان دەگۆڕێت. زۆر لە ئێمە لە یادێتی کە چەند دەیەیەکی کەم پێش ئێستا، خەڵکی کوردستان لە سایەی مەترسی بەردەوامدا دەژیان کە هەڕەشەی لە بونیان دەکرد، هەروەها بەدەست کەمی سەرجەم کاڵاکانەوە گرفتار بوون، و لە وڵاتە دراوسێکاندا کەمپی پەنابەرێتی و لە وڵاتانی دوور دەژیان. دوای چەند ساڵێکی کەم لە ئاسایش و سەقامگیری سیاسی، ناوی کوردستان ئێستا لەسەر نەخشەی دابینکەرانی وزە زیاد کرا. وەبەرهێنەرە دەرەکیەکانن هێزی کاریان هێنایە هەرێم. خەڵکی لە وڵاتانی دوورەوە هاتوچۆ بۆ کوردستان دەکەن. چالاکی و جموجوڵی ئابووری لە سەرتاسەری هەرێمدا بەرچاوە. چیدی بینینی کوردستانێکی گەشتر و گەشەکردوتر خەون نییە. کوردستان لەسەروبەندی بەدەستهێنانی کەسایەتی و ناسنامەی خۆیدایە. لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوچەرخی کوردستاندا، ئەمە بە گۆڕانێکی دراماتیکی دادەنرێت. راگەیاندنی فرۆشتنی نەوتی کوردستان لەلایەن وەزیری وزەی دەوڵەتێکی دراوسێیەوە بوو. لەم راگەیاندنەدا ئاڵوگۆڕی دراماتیکی و هەنگاو بە هەنگاوی کوردستان پێك دەگەن.

**چیدی بینینی کوردستانێکی گەشتر و گەشەکردوتر خەون نییە. کوردستان لەسەروبەندی بەدەستهێنانی کەسایەتی و ناسنامەی خۆیدایە**



# جیهان دیراسەتی بژاردەکانی بارزانی دەکات





**ئێستا كاتی ئەوە هاتووە و ئەركی بەڕێز مسعود بارزانیشە، ئەو واقیعەی ئێستای عێراق كە هەیە وەك خۆی بۆ دۆستانی كوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ئەوروپی و جیهان باس بكات، بۆ ئەوەی هەموو پێكەوە هاوكاربن بەدیلێك بۆ دیكتاتۆریەت بدۆزرێتەوە**

**ئەوانەی لە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی ئێستای ئەمریكا شارەزان، دەزانن ئەم ئینشا سیاسییەی بەرپرسانی ئەمریكی لەهەمبەر كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بە تایبەتی دەریدەبڕن، رەنگدانەوەی خراپی سیاسەتی ناوخۆی ئەمریكایە**

جۆن حەننا راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی دیك چینی جێگری پێشووی سەرۆكی ئەمریكا لەو دیمانە تایبەتەی لەم ژمارەی گوڵان بڵاو بۆتەوە، سەبارەت بە بڕیاری هەناردەكردن و فرۆشتنی نەوتی كوردستان راستەوخۆ لەلایەن هەرێمی كوردستانەوە، ئاماژە بەوەدەكات، ئەم بڕیاری نەوت فرۆشتنە یان دەبێت بە بناخە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان یان دەبێتە بناخە بۆ دووبارە گێڕانەوەی دەوڵەتی عێراق بۆ دەوڵەتێكی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا.

ئەم قسانەی جۆن حەننا پێش سەردانی سەرۆك مسعود بارزانی-یە بۆ ئەوروپا و كۆبوونەوەی لەگەڵ فرانسۆ هۆلاندی سەرۆكی فەرەنسا، بەڵام وەك باڵیۆز پیتەر گالبریس لە دیمانەیەكی دیكەی سەبارەت بە سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئەوروپا و كۆبوونەوەكەی لەگەڵ فرانسۆ هۆلاند پێی راگەیاندین، گالبریس سەبارەت بە كۆبوونەوەی بارزانی و هۆلاند دەڵێت: (رۆژی هەینی سەرۆك بارزانی چاوی بە سەرۆك هۆلاند كەوت، پێموایە كۆبوونەوەیەكی گەورە بوو. بە باوەڕی من واقیعی ئێستا ئەوەیە كە پەیوەندیەكانی ئێستا لە عێراقدا سەركەوتوو نین، تێگەیشتنێكی روو لە زیاد هەیە لە ئەوروپا و ئەمریكادا كە عەرەبی عێراق رێز لە بیرۆكەی خۆبەڕێوەبەری- خۆحكومڕانی- كوردستان ناگرێت، بەو پێیە تێگەیشتنێك هەیە لەبارەی ئەوەی دەبێت كوردستان تەرتیباتی نوێ بكات. لەبەر ئەوە پێموایە خەڵكی لە ئەوروپا و ئەمریكاش دان بەو راستییەدا دەنێن كە سەربەخۆبوونی كوردستان شتێكی حەتمیە، ئەمە پرۆسەیەكە و ئێستا بەردەوامە. كەواتە پرسیارەكە ئەوەیە ئایا لە چ كاتێكدا ئەمە روودەدات، یاخود ئایا تەرتیباتێكی دیكە لەگەڵ عێراقدا دەكرێت؟ كە هەرچۆنێك بێت لە سایەیدا كوردستان وەك قەوارەیەكی خاوەن سەروەری بمێنێتەوە. پێموایە سەرۆك بارزانی ئەوە شەرح دەكات كە بۆچی بارودۆخی عێراق شكستی هێناوە).

كەواتە سەردانەكانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەدوای هەڵبژاردنەكانی ٣٠ی نیسانی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەیە بە جیهانی عەرەبی و دەوڵەتانی ئەوروپی رابگەیەنێت كە ئێستا كاتی ئەوەیە لەسەر بڕاردەكانی بەردەست دیراسەتی جدی بكرێت بۆ ئەوەی چیدیكە ئەم كێشەیە بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە، ئەو بڕاردانەش بریتین لە:

١. هەرێمی كوردستان بارودۆخێكی تایبەتی لە ناو عێراقدا هەیە، لەبەر ئەوەی بڕیاری ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانی ئارەزوومەندانەوە بۆ رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، بۆ بەشە عەرەبییەكەی عێراق بووە نەك هەرێمی كوردستان، زیاتر لەمەش هەرێمی كوردستان یەكێك بووە لە هاوپەیمانانی ئارەزوومەندانە بۆ رزگاركردنی عێراق و هێزی پێشمەرگەی كوردستان، تەنیا هێزی سەربازی بووە لەو پرۆسەیە بەشداری كردووە.

٢. دوای ئەوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنی عێراق بە پێی بڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گۆڕا بۆ داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە و ئەمریكا بەرپرسیاریەتی پاراستن و بونیادنانەوەی عێراقی كەوتە سەر شان وەك دەوڵەتێكی داگیركار، ئەوا ئەمریكا جیا لەوەی ناچار نەبووە سەربازی خۆی بنێرێتە كوردستان، لە هەمانكاتدا تەنیا یەك سەربازی ئەمریكیش لە كوردستان خوێن لە لوتی نەهاتووە.

٣. ئەمە وەنەبێت ئەمریكا زۆر شارەزای بارودۆخی عێراق بووبێت و خۆی ئارەزوومەندانە بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی كوردستان كردبێت، بەڵكو ئەوە سەركردایەتی سیاسیی كوردستان بە گشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بوو، كە بواری نەدا سەربازانی ئەمریكا بە هاوشێوەی شارەكانی دیكەی عێراق لەكوردستان رەفتار بكەن، دیارە هەموو لایەك لە یادی ماوە كە فەرماندە سەربازییەكانی ئەمریكا لەسەرەتا ویستیان، هەرێمی كوردستانیش وەك عێراقی داگیركراو سەیر بكەن، بەڵام هەر لە كاتی خۆیدا لەلایەن بارزانییەوە سنوریان بۆدانرا.

٤. لەبری ئەو پارەمەتیانەی كە بە زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار مەزندە دەكرێت و بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی عێراق تەرخانكرابوون لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، بەپێی راپۆرتەكانی دامەزراوەی لێپرسینەوەی حكومەتی ئەمریكا كە لەگەڵ ئەو لیژنەیە كراوە كە ئەو پارەیان لە عێراقدا سەرفكردووە و هیچ ئاكامێكیشی نەبووە، تەنیا یەك دۆلاری نەدراوە بە هەرێمی كوردستان، بە تایبەتی لەبواری رێكخستنەوەی ژێرخانی كارەبا لە عێراقدا كە زیاتر لە ٥ملیار دۆلاری بۆ تەرخانكراوە، یەك دۆلار نەدراوە بە كوردستان و هەموو جیهان دەزانن چۆن وێستگەكانی كارەبا لە هەرێمی كوردستان دامەزراون.

كەواتە ئەگەر رای گشتی ئەمریكا بەوجۆرە هەتا ئێستا لە بارودۆخی عێراق تێگەیەنرابێت، بەوەی ئەمریكا مافی خۆیەتی قسەی لەسەر ئایندەی عێراق هەبێت، لەبەرئەوەی زیاتر لە ٦ ترلیۆن دۆلار و لە ١٥٠٠ سەربازی قوربانی بۆداوە، ئەوا دەبێت نەك هەر رای گشتی ئەمریكا، بەڵكو دەبێت هەموو رای گشتی جیهانیشی لێ ئاگادار بكرێتەوە، كە ئەو ٦ ترلیۆن دۆلارە یەك دۆلاریشی بۆ كوردستان سەرفنەكراوە و ئەو ١٥٠٠ سەربازەشی لە عێراق كوژراون و ئەو دەیان هەزارەی لە عێراق بریندارابوون، تەنیا سەربازێكیان لە كوردستان نەك نەكوژراوە برینداریش نەبووە.

### بژاردەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان

### ١. گەڕان بەدوای بەدیلی دیکتاتۆریەتدا

کاتێك بەر لەدوو ساڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، رەفتارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت ملدەنێت، ئەم ئاراستەیەش عێراق بەرەو ئایندەیەکی تاریك و نادیار دەبات، وەك جۆن حەننا راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دیك چینی بە گوڵانی راگەیاند، سەرۆك ئۆباما ئەوکاتە لەوە تێنەدەگەیشت بارودۆخەکە بەو ئاستە خراپە دەگات و سیاسەتەکانی نوری مالیکی دەمانگەیەنێتە ئەمڕۆ، ئەوکات سەرۆك بارزانی لە کۆشکی سپی ئەم واقیعەی بە سەرۆك ئۆباما راگەیاند، هەروەها لە موحازەرەکەشی لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك بە ناوەندەکانی توێژینەوە و تەواوی رای گشتی ئەمریکای راگەیاند، ئەگەر لە عێراقدا دیکتاتۆریەتێکی نوێ دروست بێتەوە، ئەوا گەلی کوردستان جارێکی دیکە ملکەچی دیکتاتۆریەت نابێت و ئەم بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بڕیاری خۆی بدات.

کەواتە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە و ئەرکی بەڕێز مسعود بارزانیشە، ئەو واقیعەی ئێستای عێراق کە هەیە وەك خۆی بۆ دۆستانی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی ئەورووپی و جیهان باس بکات، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە هاوکاربن کە بەدیلێك بۆ دیکتاتۆریەت بدۆزرێتەوە و تەواوی عێراقیەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەو دەرهاویشتە سلبیانە رزگار بکرێت کە لەماوەی ٤ ساڵی رابردوو هەموو عێراق دووچاری بووە.

ئەمە پێمان دەڵێت بژاردەی یەکەمی هەرێمی کوردستان رزگارکردنی عێراقە لە دیکتاتۆریەتێکی نوێ، کە دەرهاویشتەی سندوقەکانی دەنگدانە.

لەم سیناریۆیەدا، بەڕێز مسعود بارزانی وەك دیارترین سەرکردە و سیاسەتمەداری عێراقی لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو لایەك لە دیکتاتۆریەت رزگار بکات و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکەوێتە سەر سکەی خۆی و دەستووری عێراق بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت.

### ٢. رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لە سزادانی دیکتاتۆر

سەبارەت بە بژاردەی یەکەم کە رزگارکردنی عێراقە لە دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن، دیارە هەموو لایەك بۆچوونی فەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باڵیۆز و بەرپرسانی ئەمریکی لە عێراقدا دەزانین، بەوەی ئەوان هاوکاری عێراقیەکان دەکەن بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێکی سیاسیی، بەڵام دەست لە بژاردەی سیاسیی عێراقیەکان وەرنادەن و ئەوان هەر بژاردەیەکیان هەبێت ئەمریکیەکان بە مەودایەکی یەکسان لە دووری هەموو لایەنەکان رادەوەستن.

ئەوانەی لە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی ئێستای ئەمریکا شارەزان، دەزانن ئەم ئینشا سیاسییەی بەرپرسانی ئەمریکی لەهەمبەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بە تایبەتی دەریدەبڕن، رەنگدانەوەی خراپی سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکایە، خۆ لە خۆڕا نییە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ ریچارد هاس کە ئێستا سەرۆکی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکایە و لە هەردوو ئیدارەی بیل کلینتۆن سەرۆکی ستافی پلان دارشتنی سیاسەتی دەرەوە بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کتێبێك بڵاو دەکاتەوە بە ناونیشانی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سیاسەتی ناوخۆوە دەست پێدەکات)، شایەنی باسە ئەو پرۆژەی کە کۆڵن پاول وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئیدارەی بوش لە ساڵی ٢٠٠١ بەناوی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ رایگەیاند، لەبنەڕەتدا ئەو پرۆژەیە لەلایەن ریچارد هاسەوە ئامادەکرابوو بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەو کتێبەی هاس کە دوای دەرچوونی هەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ لە ئامۆژگای ناشناڵ دیموکراتی کۆڕێکی لەسەر گێڕا، لەو کۆڕەدا کۆڕگێڕەکە رووی لە هاس کردوو لێی پرسی، ئەگەر لەم کۆڕەدا سەرۆك ئۆباما ئامادەبووایە پرسیاری لێبکردیدایە، ئایا هەمان وەڵامت دەدایەوە، کە پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا بێت؟ هاس لەوەڵامدا پێی گووتن ئەگەر سەرۆك ئۆباما لێرە بوایە و پرسیاری لێ بکردمایە، پێم دەگووت، سیاسەتی ئەمریکا نەك هەر پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، بەڵکو سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانای ئەوەی نییە هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات.

بۆیە لەم روانگەیەوە و بۆ ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا توانای چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەکی نییە، هەتا ئەگەر هەوڵیش بدات چارەسەری بکات ناتوانێت چارەسەری بکات، هەروەك چۆن پێش هەڵبژاردنەکانی ٣٠ نیسان نەیتوانی حکومەتی عێراق ناچار بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگەنە رێککەوتن و هەموو لایەکیش دەستپێشخەریەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان بینی بەوەی رۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی (سۆمۆ)وە بێ هیچ مەرجێك ئامادەیە بنێرێتە دەرەوە، بەمەرجی حکومەتی عێراقیش هەنگاوێك بێتە پێشەوە، هەر بۆیە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنەکان و لە رۆژی ٢ی ئایار حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا نەوت هەناردە بکات و بیفرۆشێت.

**بۆ ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا توانای چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەکی نییە**

**کورد ئەگەر مافە دەستوورییەکانی خۆی لە دەستووری عێراقدا پارێزراو بێت، دژی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق نابێت، نایەوێت دەست لەکاروباری پێکهاتەکانی دیکەی عێراق وەربدات**

**ئەگەر حکومەتی عێراق پێشوازی هیچ کام لە بژاردەکان نەکات، ئەوا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی بێتە ناو پرۆسەکە و لە پێش هەموویانە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی سنورێک بۆ خواستە خۆسەپێنەکانی دەسەڵاتی بەغدا دابنرێت و کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات**

**ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەنا بۆ ئەوە بەرێت بەشێوەی ئاشتیانە دەوڵەتی سادە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتی لێکدراو، ئەوا شێوازی فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزم، یان یەکێتی دەوڵەتەکان لەناو سنوری دەوڵەتە کۆنەکە، چارەسەری کێشەکان دەکات**

لەم حاڵەتەدا کە هەرێمی کوردستان بۆ لابردنی سزای دیکتاتۆر ناچارە مافە دەستوورییەکانی خۆی پیادە بکات، بەڵام ئەگەر حکومەتی ناوەندی عێراق بیەوێت گوشار بکات و ڕێز لە پیادەکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد نەگرێت، ئەوا کورد ناچارە پەنا بۆ بژاردەی سێهەم بەرێت.

**٣. دۆزینەوەی میکانیزمێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراقدا**

هەندێك لەو پسپۆرانەی کە شارەزان لەبواری داڕشتنی دەستوور، ئەو ڕەخنەیە لە دەستوور داڕێژەران و راوێژکارە دەستوورییە نێودەوڵەتیەکان دەگرن، کە بەشداربوون لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەوەی هەندێك بڕگەو ماددەی دەستوورەکە لەبەر بوونی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا خراونە ناو دەستوورەکە و بەرهەمی پێداگیری کوردە لەمافەکانی خۆی، بۆیە هەق بوو ئەو بڕگەو ماددانە وەك تایبەتمەندی کوردستان دیاری بکرانایە، نەك وەك بڕگە و ماددەی دەستووری بۆ هەموو عێراق لەوانە:

* پێش ئەوەی عێراقی نوێ بوونی هەبێت، هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیع بوونی هەبووە، بۆیە دەستووری عێراق پێش ئەوەی دەستوور بێت بۆ هەموو عێراق، گرێبەستێکی سیاسی بووە بۆ لکاندنەوەی هەرێمی کوردستان بەعێراقەوە، دیارە بۆ ئەم لکاندنەوەیەش کورد مەرج و داواکاری خۆی هەبووە، هەروەها کۆمەڵێك کێشەی هەبووە کە تەمەنی ١٠٠ ساڵ بووە، بۆیە دەبوو ئەم تایبەتمەندییە بە راشکاوی رەچاو بکرایە و بڕگەو ماددە دەستوورییەکان تەنیا بۆ کوردستان بوونایە.

* دیارە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، پێش نووسینەوەی دەستوور ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی بەڕێوەبەردنی دەوڵەت بووە بۆ قۆناخی ئینتیقالی، ئەم ماددەیە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتە بوون کە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتی و یاساییانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبوو ماددەی ١٤٠ تەنیا تایبەت بووایە بە کوردستان و پێوەندی بە شارەکانی دیکەی عێراقەوە نەبوایە.

* هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێش دروستبوونەوەی سوپای عێراق هەبووە و بناخەی سوپا تازەکەی عێراق بووە، بۆیە تایبەتمەندی پێشمەرگە وەك هێزێکی سەربازی بەناوی پاسەوانی هەرێمی کوردستان و بەشێك لە مەنزومەی دیفاعی عێراق، دەبوو وەك ماددە و بڕگەیەکی دەستوور تایبەت بوایە بە هێزی سەربازی کوردستان بەناوی هێزی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی دواتر حکومەتی عێراق نەتوانێت گێچەڵی ئەوەی پێبکات، ئایا پێشمەرگە بەشێکە لەمەنزومەی دیفاعی یان نە.

* جیاکردنەوەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێڵگە نەوتیەکانی پێش ٢٠٠٣ و ئەو کێڵگە نەوتیانەی دوای ٢٠٠٥ وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێت، ئەمەشیان هەردەبوو تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی یاسای دابەشکردنی داهات و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکان ئاستەنگی بۆ دروست نەبێت.

* یاسای هەرێمەکان و دامەزراندنی هەرێمەکان، ئەم یاسایە کە لەبەر رۆشنایی ماددە دەستوورییەکان بۆ بەڕێوەبردن و دامەزراندنی هەرێمەکان هاتووە، لەبنەڕەتدا بۆ چەسپاندی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان بووە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیعێکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێش یاسای کاتی و داڕشتنی دەستووری عێراق بوونی هەبووە، ئەو ماددە دەستووریانەی دەسەڵاتی هەرێمەکانی پێ دیاری دەکرێت لە دەستووردا، لە بنەڕەتدا دەسەڵاتە دیفاکتۆکانی هەرێمی کوردستانن، بۆیە دەبوو، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەجیا ئاماژەی پێبکرایە و دەسەڵاتی هەرێمە تازەکان کراوە بوایە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی فیدرالی عێراق.

دیارە لەسەر هەریەکێك لەم ماددە دەستووریانە کە لەبنەڕەتدا تایبەتن بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان کورد و بەغدا، بەشێوەیەکی گشتی تایبەت نین بە هەموو عێراق، بۆیە کاتێك حکومەتی عێراق بۆ هەر یەکێك لەو ماددە دەستووریانە پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە، ئەگەر ئەو مافانە بدرێت بە هەرێمەکانی دیکە، یان ماددەی ١٤٠ جیبەجێ بکرێت، یان پێشمەرگە ببێتە بەشێك لە مەنزومەی دیفاعی، یان ئەگەر ئەو مافە دەستووریانە لەبواری سەرچاوە سروشتیەکان بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراقیش پیادە بکرێت، ئەوا عێراق بوونی نامێنێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا حکومەت و پەرلەمانی عێراق لەبری ئەوەی مافە دەستوورییەکانی کورد رەتبکەنەوە، باشترە بێن بە واقیعی و بە شاهیدی نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا و شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق، ئەم باسە دووبارە وتوویژی لەسەر بکرێت و میکانیزمێکی تازە بدۆزرێتەوە کە هەم کێشەی مافە دەستوورییەکانی کورد لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، هەمیش کێشەی حکومەتی فیدرالی چارەسەر بکات، لەم چوارچێوەیەدا کورد بژاردەی زۆرن لەوانە:

١. کورد ئەگەر مافە دەستوورییەکانی خۆی لە دەستووری عێراقدا پارێزراو بێت، دژی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق نابێت، نایەوێت دەست لەکاروباری پێکهاتەکانی دیکەی عێراق وەربدات، هەروەك چۆن ئێستا کۆمەڵێك یاسای بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستان دەرکردووە

لە بەشەکانی دیکەی عێراق بە شێوەیەکی دیکەن.

٢.ئەگەر ناتوانن دەستووری عێراق هەموار بکەن، ئەوا هەرێمی کوردستان پڕۆژەی دەستووری خۆی ئامادەیە و دەستووری عێراقیش ئامادەیە، لەمەش زیاتر دەستووری کوردستان سنوری دەستووری عێراقی نەبەزاندووە، ئەوا دەکرێت شێوازی فیدرالیزم بگۆڕێت بۆ کۆنفیدرالی یان وەك سندوقی ئاشتی جیهان و گۆڤاری فۆرین پۆلیسی پێشنیاریان کردووە زەمینە خۆش بکەن بۆ یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق، ئەو کاتە بەپێی هەردوو دەستووری کوردستان و عێراق دەکرێت، کوردستان و عێراق دوو دەوڵەت بن لە هەدووکیشیان دوو ئەندام بن لەناو یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقدا.

٣. ئەگەر حکومەتی عێراق پێشوازی هیچ کام لەم بژاردانە ناکات، ئەوا دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی بێتە ناو پرۆسەکە و لەپێش هەموویانە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی سنورێك بۆ خواستە خۆسەپێنەکانی دەسەڵاتی بەغدا دابنرێت و کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.

## جیهان لەبەردەم بژاردە کراوەکانی کوردستاندا

ئەوانەی هەتا ئێستاش لەو راستیە تێنەگەیشتوون بەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١- ٢٠١٤ روویانداوە، لە قەبارەی گۆڕانکارییەکانی ١٠٠ ساڵ زیاترە، هێشتاش هەر بەو ئەقڵیەتە سیاسەت دەکەن و وادەزانن جیهانی ئێستا پێش ساڵی ٢٠١١ یە، سەرنج بدەن نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧-٢٠١٠ بە جۆرێك سیاسەتی کرد کە بووە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا پشتگیری بکات بۆ مانەوەی لە خولی دووەم، بەڵام لە خولی دووەم بە جۆرێك سیاسەتی کرد کە هەموو جیهان بێزار بکات، ئەو پێیوابوو چۆن دەتوانێت لە ژێر پەردەی شەڕی دژە تیرۆر هەڵبکوتێتە سەر رەشماڵی خۆپیشاندەران لە حەویجە و فەلوجە و رومادی و موسڵ، دەتوانێت ئەم کارەشی لە رێگەی دامەزراندنی فەرماندەی دیجلەوە لە کەرکوکیش بۆ بچێتە سەر، بەڵام ئەوە بوو سەرۆك مسعود بارزانی وەك فەرماندەی هێزی پێشمەرگە فەرمانی بە جوڵانی هێزی پێشمەرگە کردو پێشمەرگەی بردە حەمرین و ئێستاش هێزی پێشمەرگە لەوێن و فەرماندەی دیجلەش ناچاربوو پاشەکشە بکات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ نەخشەی جوگرافیایی سیاسیی ناوچەکەیە کە ماوەی ١٠٠ ساڵە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بە کێشەی کوردستانیشەوە، بێگومان ماوەی ١٠٠ ساڵە هەموو جیهان لەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی ئەو ناوچەیە بێدەنگە، بەڵام لەدوای ٢٠١١ەوە ئێستا خەریکە کۆدەنگیەك لە جیهان دروست دەبێت، بەوەی ئەگەر دەمانەوێت کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکەین، ئەوا لەو دوو رێگەیە، رێگەی زیاتریان لەبەردەمدا نییە:

١. یان دەبێت تەواو نەخشەی جوگرفیای سیاسیی ناوچەکە ئەوەی پێیدەڵێن نەخشەی سایکس پیکۆ هەڵبوەشێتەوە و نەخشەیەکی تازە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و مەزهەبی دابڕێژرێتەوە.

٢. یان ئەوەیە دەبێت دەوڵەتە سادە و دیکتاتۆرەکان، بگۆردرێن بۆ دەوڵەتی لێکدراو، واتە لەناو ئەو دەوڵەتانە هەموو تایبەتمەندیەکانی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان پارێزراو بێت و هەموویان مافی حکومڕانی خۆیان لە چوارچێوەی ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبردندا هەبێت و پاشان ئەم ئیدارانە لێکبدرێن و دەوڵەتەکان وەك خۆیان بمێننەوە و نەخشەکە دەستکاری نەکرێت.


بۆ پەنابردن بۆ حاڵەتی یەکەم، ئەمە لە کاتێکدا جیهان ناچار دەبێت پەنای بۆ بەرێت، کە توندوتیژییەکان پەرەبسێنن بە ئاستێك و بە ئەمری واقیع ناوچەکە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی دابەش بێت، ئەمەیان ناو لێناوە هەڵوەشانەوە یان دابەشبوونی رەق و توندوتیژ (Hard Partition)، بەبۆچوونی هەموو پسپۆڕان ئەم حاڵەتە مەترسی زۆر زۆرە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەنا بۆ ئەوە بەرێت بەشێوەی ئاشتیانە دەوڵەتی سادە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتی لێکدراو، ئەوا شێوازی فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزم، یان یەکێتی دەوڵەتەکان لەناو سنوری دەوڵەتە کۆنەکە، چارەسەری کێشەکان دەکات.

ئەوجا لەبەر ئەوەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخە مەبەستێتی هاوشانی رەوتی سیاسەتی نێودەوڵەتی تازە، بەشێك بێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە، لەسەردانەکانی پێشتر و سەردانی ئەمجارەشی بۆ ئەوروپا و لەسەردانەکانی داهاتووشدا، ئەو بژاردانە هەمووی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باس دەکات و پێیان رادەگەیەنێت کە کورد جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی کورد ئەزموونێکی جوانی لە ناوچەکە پێشکەش کردووە و سیفەتی دەوڵەتی هاوچەرخی سەدەی بیست و یەکەمی بەتەواوەتی پیادەکردووە، بۆیە جیهان بەرێزەوە پێشوازی لە بژاردەکانی بارزانی دەکات و ئەوانیش رێگە نادەن ئەو پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان بۆ دواوە بگەڕێتەوە و بە وردی دیراسەتی هەموو ئەو بژاردانەی بارزانی دەکەن، کە وێرای ئەوەی بارزانی داکۆکی لەمافی نەتەوەکەی خۆی دەکات، لە هەمانکاتدا ئەو بژاردانەی دەیخاتە روو خزمەتی ئاشتی و تەناهی ناوچەکە و جیهانیش دەکات.

**لەبەر ئەوەی کورد ئەزموونێکی جوانی لە ناوچەکە پێشکەش کردووە و سیفەتی دەوڵەتی هاوچەرخی سەدەی بیست و یەکەمی بەتەواوەتی پیادەکردووە، بۆیە جیهان بەرێزەوە پێشوازی لە بژاردەکانی بارزانی دەکات و ئەوانیش رێگە نادەن ئەو پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان بۆ دواوە بگەڕێتەوە**







بەیان سامی عەبدولڕەحمان
نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا بۆ گوڵان:

# سەردانی ئەمجارەی نێچیرڤان بارزانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەریتانیای بردە قۆناغێکی دیکە

**سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و شاندێ یاوەری بۆ بەریتانیا و ئەو پێشوازییە گەرمەی لەسەر ئاستی حكومەتی بەریتانیا لێیان كرا، ئاماژەیە بۆ ئاستی پێوەندییەكانی نێوان بەریتانیا و هەرێمی كوردستان و هەروەك بەڕێز ولیام هەیك وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی كوردستان و شاندی یاوەری رایگەیاند: (خۆشحاڵم كە ئەمڕۆ لە یەكەم سەردانی فەرمیدا بۆ بەریتانیا پێشوازی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەكەم. ئەم سەردانە دەرفەتێك و رەنگدانەوەی ئەو پێوەندییە گەرمەیە كە لە نێوان بەریتانیا و هەرێمی كوردستانی عێراق لە بوارەكانی بازرگانی و پەروەردە و كەلتووریدا هەیە).**

**هەروەها خواست و ویستی حكومەتی بەریتانیای بۆ پتەوكردنی پێوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان دووپات كردەوە و پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی كرد بۆ ئەو پێشكەوتنانەی لە هەموو بوارەكاندا لە هەرێمی كوردستان هاتوونەتە دی، بە تایبەتیش لە بواری جێگیریی ئارامی و سەقامگیریدا؛ لە ناوچەیەكی پڕ كێشە و ئاڵۆزی وەك بەشەكانی دیكەی عیراق و سوریا و ناوچەكە.**

**سەبارەت بە بایەخ و گرنگی ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی كوردستان بۆ بەریتانیا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان لەبەریتانیا ئەنجامداو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەردانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و شاندی یاوەری بۆ بەریتانیا، هەنگاوێكی دیكە لە بەرەو پێشەوەچوونی پێوەندییەكانی نێوان هەردوولا، ئایا ئێوە وەك نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بەریتانیا چۆن سەیری ئەم سەردانە دەكەن؟**

- ئەم سەردانەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەردانێكی سەركەوتوو بەرهەمدار بوو، من وای دەبینم پێوەندییەكانی هەرێمی كوردستان و بەریتانیا دەباتە ئاستێكی باڵاتر. ئاشكرایە بەریتانیا یەكێكە لەدەوڵەتە گەورەكانی ئەورووپا و جیهان و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشە، بۆیە پێوەندی ئەم دەوڵەتە بۆ هەرێمی كوردستان گرنگە، هەر بۆیە ئێمە وەك نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەبەریتانیا چەند ساڵێكە هەوڵی جددیمان داوە، زەمینەسازی بكەین بۆ ئەوەی پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەریتانیا زیاتر پتەو بكەین، لەم سەردانەشدا ئاستی پێشوازی حكومەتی بەریتانیا لە سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان رەنگدانەوەی ئاستی ئەو پێوەندییە پتەو و گەرمە بوو كە لەنێوان هەردوولا دروست بووە. بۆیە دیسان دووبارەی دەكەمەوە، ئەم سەردانە پێوەندی هەرێمی كوردستان و بەریتانیاوە بەرەو باشتر دەبات و پێوەندییەكان لە باشەوە بۆ باشترو بەرزتر دەكاتەوە، بۆ نموونە ئێمە لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان لەگەڵ بەریتانیادا دەتوانین كاری باشتریش بكەین، دەمانەوێت راستەوخۆ لە نێوان بەریتانیاو هەرێمدا هێڵی فڕۆكەی راستەوخۆ هەبێ بۆ هاتوچوون، ئێستا هێڵی فڕۆكەوانی راستەوخۆ لە نێوان كوردستان و نەمساو ئەڵمانیاو توركیادا هەیە، بەڵام بۆ بەریتانیا نیمانە، كاری زۆرمان بۆ ئەوەش كردووە هیواداریین لە داهاتووی نزیك ئەو پردی پێوەندیەی هاتووچۆ ئاسانتر بێت، دەمانەوێت لە بواری پێوەندییە كەلتوورییەكان پێوەندی هەردوولا باشتر بكەین بۆ نموونە زانكۆكانی كوردستان پێوەندی باشتریان بە زانكۆكانی بەریتانیاوە هەبێت، سەردانی بەڕێز كاك نێچیرڤانیش بە هەنگاوی گەورەترەوە ئەم پێوەندییانەی زیاتر بردە پێشەوە.

*** بەڕێزت بە حكومی ئەوەی بەرپرسی نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانی لەبەریتانیا، ئایا تۆ سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر ئێستای هەرێمی كوردستان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- حكومەتی بەریتانیا زۆر واقیعبینانەو دووربینانە سەیری پرس و رووداوەكانی دەوروبەریان دەكەن ئەوان ئێمە وا دەبینن كە بەشێكین لە دەوڵەتی عێراق بەڵام لە كوردستاندا ئەمنیەت و سەقامگیری و ئاشتەوایی هەیەو لە بەشەكانی تری عێراقدا نییە، ئێمە بەردەوام كار بۆ ئەوە دەكەین كە ئیكۆنۆمی واتە ئابووری كوردستان بەهێزتر بێت، ئەوان لەسەر هێڵی دیموكراتی ئێمە دەبینن، كەس ناتوانێت شتێكیان لێ لێڵ بكات یان چاوبەستەكێیان بكات، لەكاتێكدا بە چاوی خۆیان راستیەكان دەبینن، ئەوەتا لە هەرێمی كوردستان قونسڵخانەیان هەیە، دەشزانن چۆن بەراوردكاری لە نێوان دۆخی بەغداو

دۆخی کوردستان دەکەن، بۆیە ئەوەی کە واقیعە لە کوردستان بێ ئەوەی کەس باسی بکات بۆیان خۆیان درکی پێ دەکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەمان پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئەو بابەتە هەر نەخراوەتە باسەوە، ئەو بابەتەی زیاتر لە سەردانەکەی کاك نێچیرڤان باسی لێ کراوە، چۆن بواری بازرگانی لە نێوان کوردستان و بەریتانیا دەوڵەمەند بکرێت هەروەها کار بکرێت تا هێڵی فڕۆکەی راستەوخۆ لە نێوان هەردوولادا هەبێت، چۆن کار بکەین تا هەردوولامان یەکتری وەك دۆست ببینین لە ناو فکری ستراتیژی و بوارە مرۆییەکان و بوارەکانی دیپلۆماسی و نەوت و غاز و ئیکۆمینیکیدا، بۆ سەرخستنی ئەم کارانەش نە باسی مێژوومان کردووە نە باسی سەربەخۆیی، چونکە ئەوان مێژووی خۆیان و هی ئێمەش باش دەزانن و ئێمەش ئەو مێژووە دەزانین، گرنگ ئەوەیە لە داهاتوودا چۆن وا لە بەریتانیا بکەین شان بە شانی کوردستان راوەستێت.

*** لەم سەردانەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك دیداری گرنگی لەگەڵ ناوەندە جیاوازەکانی بەریتانیا گرێدا، ئایا تاچەند ئەم کۆبوونەوانە بەرهەمدار بوون و ئایا دوای ئەم سەردانە چاوەڕوانی رەنگدانەوەی ئەم پێوەندییانە زیاتر لە چ بوارێکدا دەکرێت؟**

- لەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ بەریتانیا، کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ و بەرهەمدار هەبوون، بۆ نموونە هەردوولا بڕیارمان دا کە کۆمسیۆن دابنێین، ئەمەش واتە هەردوو حکومەت کۆمسیۆنی تایبەتیان هەبێت بۆ بەدواداچوونی بەهێزکردنی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەریتانیا لە بواری بازرگانیدا، کاری ئەو کۆمیتەیە ئەوەدەبێت و ئێستا خەریکین خەڵك پەیدا بکەین بۆ ئەو کۆمیتانە، تا پێوەندییەکانی هەردوولا باشترو قووڵتریش بێت، هەروەها لەمیانەی ئەم سەردانەدا سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان لەگەڵ چەندین وەزیری بەریتانیا کۆبۆوە، بە تایبەتیش لەگەڵ ولیەم هیگ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانیش کۆبوویەوە، لە پەرلەمانی بەریتانیادا گرووپێك هەیە بۆ دۆستایەتی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا، دانیشتنێکی لەگەڵ ئەو ئەندام پەرلەمانانەدا هەبوو، ئەوەش زۆر گرنگە کە دۆستی ئەوان بین لە ناو پەرلەمانی بەریتانیاوە، شتێکی تریش هەیە کە لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمان چەندین مانگە دیراسەتی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا دەکەن و بە نیازن بێن بۆ کوردستان، ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە پێوەندییەکانی بەریتانیا و کوردستان لە داهاتوودا رۆژ بە رۆژ هێندە بەهێز دەبێت کە لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا خۆیان بیانەوێت دیراسەت لەو بارەیەوە بکەن. بۆیە دەتوانم بڵێم لەم سەردانەدا باسی زۆر شت کراوەو دەرئەنجامەکانی دەردەکەون، بەڵام بە یەك رۆژو دوو رۆژ نابینرێت، هەمیشە کاری دیپلۆماسی و سیاسی دەرئەنجامەکەی درەنگتر وەردەگریتەوە، رەنگە لە هەفتەیەك یان مانگێك یان ساڵێکدا وەریبگریتەوە رەنگیشە دوای چەندین ساڵ بێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە هەردوولا زۆر بەم سەردانە رازی بوون و سەرکەووتوانە بوو، من وای دەبینم کە پێوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەریتانیای بەهێزتر کرد. بەڵام بەریتانیا خەمخۆری و دۆستایەتیەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ پرسی کورددا چ وەك پەرلەمان و چ وەك حکومەتی بەریتانیاش، بۆیە لە داهاتوودا ئێمە لەو بڕوایەدام ئێکسپۆشنمان هەبێت کە بەریتانیا وەك دۆست تەماشای کوردستان دەکەن.

*** هاوکات لەگەڵ کاتی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ بەریتانیا، دەستکرا بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان، ئایا لەم سەردانەدا مەسەلەی نەوت و گازی کوردستان باسی لێوەکراوە؟**

- حەتمەن پرسی نەوت و گاز بۆ بەریتانیا و تەواوی وڵاتانی ئەورووپا گرنگە، گەرچی ئێستا بەریتانیا خۆی غاز لە روسیا وەرناگرێت بەڵکو غازی خۆی هەیەو لە شوێنانی تر پەیدای دەکات، بەڵام وڵاتانی تر هەن لە ناو ئەورووپادا کە غازیان لە روسیاوە بۆ دابین دەکرێت، بۆیە ئەو کێشەیەی کە ئێستا لە نێوان روسیاو ئۆکرانیاو لەو ناوچەیەدا تاوی سەندووە، بۆتە کێشە بۆ هەموو ئەورووپا بە بەریتانیاشەوە، حەتمەن ئەمە زۆر بە لایانەوە گرنگە کە شوێنی تر هەبێت بۆ نموونە کوردستان کە بتوانێت نەوت غاز بفرۆشێتە ئەورووپا، ئەوان بە چاوێکی ستراتیژی و ئابووری تەماشای دنیا دەکەن. ئەوەی من لێی تێدەگەم بەریتانیا تەماشای ئەو بابەتە دەکەن تا بزانن دەرئەنجام چی دەبێت، بەو بنەمایە دەڕوانن بۆ فرۆشتنی نەوت و غازی کوردستان و جۆری پێوەندیمان لەگەڵ بەغدا..

*** تۆ ئاماژەت بەوەکرد دەمانەوێت وەك دۆست سەیری یەکتری بکەین، ئایا دۆستایەتی بەریتانیا بۆ ئەزموونی کوردستان دەبێتە هاندەرێك بۆ پشتیوانی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بۆ ئەوەی ئەوانیش پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان بکەن؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، حکومەتی بەریتانیا واقیعبینانە ئەو هێڵە دیموکراتیە دەبینن کە هەرێمی کوردستان لەسەری دەڕوات و بەلاشیانەوە گرنگە کوردستان لەسەر ئەو هێڵە ببینن، ئەگەرچیش هەندێ کێشە هەیە بەڵام ئەوان دەبینن کە ئێمە پابەندین بە دیموکراسیەوە کە ئەمە بۆ ئەوانیش زۆر گرنگە بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باش ئەوە دەزانن کە بە دەگمەن دیموکراسی هەیە، بۆیە بۆ ئەوان زۆر گرنگە کە ببینن هەرێمێك هەبێت لەناو ئەو دەوروبەرە نادیموکراسیە پڕ لە فەوزایەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پابەندە بە دیموکراسیەتەوە، هەروەها ئەو هەرێمە نەوت و غازیشی هەیە و دەیەوێت ئەو نەوت و غازە لە رێگای تورکیاوە بفرۆشێتە ئەورووپا ئەم شتانە لە رووی ستراتیژی ئیکۆنۆمی و پۆلەتیکای بەریتانیاوە گرنگی خۆیان هەیە..

**ئاستی پێشوازی حکومەتی بەریتانیا لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەنگدانەوەی ئاستی ئەو پێوەندییە پتەو و گەرمە بوو کە لەنێوان هەردوولا دروست بووە**

**پێوەندییەکانی بەریتانیا و کوردستان لە داهاتوودا رۆژ بە رۆژ هێندە بەهێز دەبێت کە لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا خۆیان بیانەوێت دیراسەت لەو بارەیەوە بکەن**

**ئەو کێشەیەی کە ئێستا لە نێوان روسیاو ئۆکرانیاو لەو ناوچەیەدا تاوی سەندووە، بۆتە کێشە بۆ هەموو ئەورووپا بە بەریتانیاشەوە، حەتمەن ئەمە زۆر بە لایانەوە گرنگە کە شوێنی تر هەبێت بۆ نموونە کوردستان کە بتوانێت نەوت غاز بفرۆشێتە ئەورووپا**

جۆن حەننا

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# فرۆشتنی نەوتی کوردستان یان دەبێتە بناخە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان یان عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدرالی رێکدەخاتەوە

**سیاسەتی چوار ساڵی رابردووی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئاكامی هەڵبژاردنەكانی نیسانی رابردوو بە ئاستێك رەشبینی لای دیپلۆماتكار و پسپۆران و چاودێران دروستكردووە، بەوەی ئەگەر جارێكی دیكە نوری مالیكی ویلایەتی سێهەمی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەربگرێتەوە، ئەوا هیچ تروسكاییەك بەدی ناهێنرێت بۆ ئەوەی بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر بڕوات، لەم دیمانەیەدا بەڕێز جۆن .پی. حەننا راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی دیك چینی جێگری پێشووی سەرۆكی ئەمریكا، زۆر بە نیگەرانیەوە سەیری داهاتووی عێراق دەكات و مەترسی و نیگەرانی ئەوەی هەیە ئەگەر مالیكی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، عێراق بەرەو ئایندەیەكی تاریك هەنگاو هەڵدەگرێت و لەمەش ترسناكتر لای جۆن حەننا ئەو سیاسەتەیە كە ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر عێراق پیادەی دەكات؛ ئەو پێیوایە ئۆباما زۆر درەنگ هەستی بەوەكرد رەفتارەكانی مالیكی عێراق دەگەیەنێتە ئەمڕۆ، سەبارەت بەهەموو پرسە پێوەندارەكان بە كێشەكانی عێراق و كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا، بەڕێز جۆن حەننا لەم دیمانە تایبەتەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**




*** سەرەڕای ئەوەی پێشـــبینیەکان باس لەوە دەکەن کە پێکهێنانـــی حکومەتی ئایندەی عێراق کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەمجارەش مالیکی ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکانی بەدەســـت هێنا لە دوای هەڵبژاردنـــە پەرلەمانیەکە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیەوە، کە نزیکەی لە سەدا ٣٠ی کۆی دەنگەکانە، و ئێستاش کورد و سوننە و سەدر و ئەل حەکیم ڕازی نابن جارێکی دیکە مالیکی ئەو پۆســـتە وەربگرێتەوە، بەڵام مالیکی ســـەرقاڵی دروســـتکردنی زۆرینەیەکی سیاســـییە بۆ ئـــەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئایا دووبارە هەڵبژاردنەوەی مالیکی عێراق بەرەو تاریکی نابات؟**

-پێویســـتە لێرەدا نیگەرانی قووڵی خۆم دەربڕم لەبارەی ئەگەری وەرگرتنەوەی پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران بۆ جاری ســـێیەم لەلایەن مالیکی-یەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا، و بـــە پشـــتیوانیەکی بەهێـــزی ئەمریکا، مالیکی وەك ســـەرکردەیەکی نەتەوەیی عێراقی بوێرانە ڕەفتاری کرد، دەستی کرد بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دژی تیرۆریستە ســـوننە و شیعەکان وەك یەك، ئەو تیرۆریستانەی هەوڵی لەباربردن و پەکخستن و تێکدانی ئەو دیموکراســـیەیان دەدا کە تازە لـــە عێراقدا هاتبۆوە ئاراوە. بە هەمان شـــێوە، لەســـەر پێداگیری ئەمریکا، هەوڵ و کۆششـــی خستەگەڕ بۆ ئەوەی هێڵە ئیتنی و تایەفەگەریەکان تێپەڕێنێت و کار لەگەڵ هێزە ســـوننی و کورددا بکات بۆ هێنانەدی ســـەقامگیری و ئاشتی. دەبێـــت ئەوە بڵێین کە ئەو ڕۆڵێکـــی گەورەی بینی لە ڕزگارکردنـــی عێراق لە تاریکترین ســـاتەوەختەکانیدا، عێراقی لە لێواری شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری، و پشێوی و هەڵدێرەوە گەڕاندەوە.

**ئه‌گه‌ر خولی سێیه‌می سه‌رۆكایه‌تی هاوشێوه‌ی خولی دووه‌ی مالیكی بێت، ئه‌وا من ترسم هه‌یه له‌وه‌ی، ئه‌گه‌ره‌كانی لێكترازانی عێراق وه‌ك ده‌وڵه‌تێكی یه‌كگرتوو به‌ ره‌وتێكی خێرا گه‌وره‌تر بن**

**ئیداره‌ی ئه‌مریكا زۆری پێچوو بۆ ئه‌وه‌ی درك به‌و راستیه‌ بكه‌ن كه‌ ئه‌و ره‌وته‌ی ئێستا وڵاته‌كه‌ی پێدا ده‌روات ته‌نیا ده‌بێته‌هۆی دوورخستنه‌وه‌ی له‌ دیموكراسی راسته‌قینه‌ و ره‌نگه‌ به‌ره‌و ئاینده‌یه‌كی تاریكتر و ناسه‌قامگیری زیاتر و گێژاوی بێ بنی توندوتیژیش ببات**

به‌ڵام دوای كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی ئه‌مریكا له‌ ساڵی ٢٠١١دا، ره‌فتاره‌كانی مالیكی به‌ شێوه‌یه‌كی دراماتیكی به‌ره‌و خراپ بوون رۆیشتن. ئه‌و ده‌سه‌ڵاتی ناچاركه‌ری ده‌وڵه‌تی خراپ به‌كارهێنا، ئه‌ویش له‌پێناو هێرشكردنه‌ سه‌ر نه‌یاره‌ سیاسییه‌كانی. هه‌وڵیدا به‌هێزترین دامه‌زراوه‌كانی ده‌وڵه‌ت بخاته‌ ژێر ركێفی خۆیه‌وه‌ و قۆرخیان بكات- هه‌ر له‌ هێزه‌ چه‌كداره‌كانه‌وه‌ بۆ وه‌زاره‌تی ناوخۆ، هه‌ر له‌ ده‌زگای هه‌واڵگریه‌وه‌ بۆ بانكی ناوه‌ندی، و دادگاكان و كۆمسیۆنی هه‌ڵبژاردن.

ئه‌و ده‌رفه‌ت و ده‌روازه‌ی به‌ رووی پێداویستی په‌له‌ی عێراقدا داخست، كه‌ خۆی له‌ بوونی فۆرمگه‌لێكی بڕیارداندا ده‌بینییه‌وه‌ بۆ هاوكاری كردن و پێكه‌وه‌كاركردن له‌ سه‌ر بنه‌مای سازشكردن و له‌به‌رچاوگرتنی به‌رژه‌وه‌ندیه‌ گرنگه‌كانی سه‌رجه‌م پێكهاته‌ جیاوازه‌كانی عێراق و ره‌چاوكردنی دۆخی له‌رزۆكی دیموكراسی. له‌بری ئه‌وه‌، شێوازێكی سیاسه‌تی په‌یڕه‌و كرد كه‌ خۆسه‌پێنی و رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ و پشت به‌ زۆرینه‌ی له‌ خۆ ده‌گرت، كه‌ هه‌موو ئه‌مانه‌ بوونه‌ هۆی ئه‌وه‌ی زه‌مانه‌ته‌ ده‌ستووریه‌كانی جیاكردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌كان و لێپرسینه‌وه‌ و له‌ سنورداركردنی ده‌سه‌ڵاته‌كان بسڕدرێنه‌وه‌.

ئه‌م رێگاچاره‌یه‌ش ته‌نیا گومان و ترس و دابه‌شبوونی تایه‌فه‌گه‌ری و ئیتنی تۆختر كردووه‌. به‌بێ گومان، نابێت كه‌س پاساو بۆ ئه‌ل قاعیده‌ و پشتیوانه‌كانی بهێنێته‌وه‌ كه‌ دێوه‌زمه‌ی مه‌رگ و تیرۆریان له‌ دژی عێراقیه‌ بێتاوانه‌كان دروست كردووه‌ له‌ ماوه‌ی چه‌ند ساڵی رابردوودا. به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا نابێت ئه‌وه‌مان له‌ یاد بچێت كه‌ شێوازی حكومڕانی مالیكی كاریگه‌ریه‌كی زۆر كه‌می هه‌بووه‌ له‌سه‌ر لاوازكردن و له‌ شه‌رعیه‌ت داماڵین و تێكشكاندنی ئه‌ل قاعیده‌ و هێزه‌ رادیكاڵه‌كانی دیكه‌، به‌ پێچه‌وانه‌وه‌، سیاسه‌ته‌كانی مالیكی به‌شدار بوونه‌ له‌ گه‌شاندنه‌وه‌ی ئه‌ستێره‌ی به‌ختی ئه‌و گرووپانه‌ و خراپتركردنی ئه‌و قه‌یرانه‌ی ئێستا عێراقی پێدا تێده‌په‌ڕێت.

ئایا خولی سێیه‌می مالیكی هاوشێوه‌ی ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ ده‌بێت یان پتر له‌ هه‌ل و مه‌رجی ساڵی ٢٠١١ ده‌چێت؟ ئه‌مه‌ پرسیاره‌ سه‌ره‌كیه‌كه‌یه‌. من ترسم هه‌یه‌ له‌وه‌ی زۆرینه‌ی به‌ڵگه‌كان پاساو نه‌بن بۆ گه‌شبینی له‌م رووه‌وه‌. مه‌ترسیه‌كانیش زۆر گه‌وره‌ن، چونكه‌ ئه‌گه‌ر خولی سێیه‌می سه‌رۆكایه‌تی هاوشێوه‌ی خولی دووه‌ی مالیكی بێت، ئه‌وا من ترسم هه‌یه‌ له‌وه‌ی، ئه‌گه‌ره‌كانی لێكترازانی عێراق وه‌ك ده‌وڵه‌تێكی یه‌كگرتوو به‌ ره‌وتێكی خێرا گه‌وره‌تر بن.

*** زۆرێك له‌ خه‌ڵكی پێیانوایه‌ ره‌نگه‌ پێكهێنانی حكومه‌تی عێراق ساڵێك بخایه‌نێت، ئه‌مه‌ش وا ده‌كات عێراق له‌و ماوه‌یه‌دا بێ حكومه‌ت بمێنێته‌وه‌، له‌ هه‌مان كاتدا دابه‌شبوونێكی قووڵ هه‌یه‌ له‌ نێوان كورد و سوننه‌ و شیعه‌كاندا. به‌ بۆچوونی ئێوه‌، ئایا هاوڕا نین له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه‌ ئه‌م دۆخه‌ زه‌مینه‌یه‌كی له‌بار دروست ده‌كات بۆ هه‌رسهێنانی عێراق؟**

-هیچ گومانی تێدانیه‌ كه‌ ئه‌و هه‌ل و مه‌رجه‌ی حاڵی حازر له‌ ئارادایه‌، كه‌ بریتییه‌ له‌ هه‌ڵكشانی توندوتیژی و بارگرژیه‌كان، و به‌ بنبه‌ست گه‌یشتنێكی سیاسی دووردرێژ، ئیفلیجبوون و شه‌ڕكردن له‌سه‌ر بابه‌ته‌ بچووكه‌كان، خزمه‌ت به‌ سه‌قامگیری و یه‌كێتی عێراق ناكات. مه‌ترسی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه‌كی گه‌وره‌تر، و پشێوی و له‌به‌ریه‌كهه‌ڵوه‌شان، مه‌ترسیه‌كی زۆر راسته‌قینه‌یه‌. نابێت هیچ كه‌سێك له‌به‌رچاویان نه‌گرێت.

له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌، ئه‌گه‌ر گفتوگۆ دووردرێژه‌كان له‌ كۆتاییدا حكومه‌تێكی نوێیان له‌ عێراقدا هێنایه‌ئاراوه‌ كه‌ هه‌مووان له‌ خۆبگرێت، و پابه‌ند بێت به‌ ده‌ستووری عێراقه‌وه‌، جددی بێت له‌ بنیاتنانی دیموكراسی و خزمه‌ت كردن به‌ به‌رژه‌وه‌ندیه‌ سیاسی و ئابووری و





کۆمەڵایەتیەکانی هاووڵاتیانی عێراق، ئەوا ئەمە دەرئەنجامێکە شایستەی ئەوەیە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بین.

*** سەرۆك بارزانی دوو ساڵ پێش ئێستا باسی لەوە کرد مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات، هەروەها ئێستا بە هۆی گرژیەکانەوە سەرۆك بارزانی هۆشداری ئەوەی داوە کە کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات و بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێتەوە بۆ رای خەڵك، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا تا چ رادەیەك گرنگی بە ئایندەی عێراق دەدات و ئایا تا چ رادەیەك رێگە لە دووبارەبوونەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا دەگرێت؟**

- بە بۆچوونی من، ئیدارەی ئەمریکا زۆر درەنگ وەخت گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە عێراق لە دۆخێکی باشتردا دەبێت ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە قۆناغی ئینتیقالی ببڕێت، کە هاوپەیمانێتەیەکی حکومڕان بێنێتە سەر دەسەڵات کە سەرکردەیەکی نوێی هەبێت.

زۆری پێچوو بۆ ئەوەی درك بەو راستیە بکەن کە ئەو رەوتەی ئێستا وڵاتەکەی پێیدا دەڕوات تەنیا دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی لە دیموکراسی راستەقینە و رەنگە بەرەو ئایندەیەکی تاریکتر و ناسەقامگیری زیاتر و گێژاوی بێ بنی توندوتیژیش ببات.

بەڵام تەنانەت دوای ئەم درککپێکردنەش، من ترسم هەیە لەوەی ئیدارەی ئۆباما ئامادە نییە هەوڵ و کۆشش و سەرچاوەی دیپلۆماسی پێویست بخاتەگەڕ بۆ هاوکاری کردنی عێراق بۆ رزگارگردنی لەو یەکێتی و ئەزموونە دیموکراسیە لەرزۆکە. باش بێت یان خراپ، کاتێك ئۆباما دەسەڵاتی گرتەدەست باوەڕی وابوو ئەرکی ئەو بەرامبەر خەڵکی ئەمریکا بریتییە لە جێهێشتنی عێراق، لەبری ئەوەی بەشدار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا.

سەرۆك ئۆباما باوەڕی وایە کە هەر شتێکی خراپ لە عێراقدا رووبدا دەکرێت ئۆباڵەکە بخرێتە ئەستۆی ئیدارەی سەرۆك بۆش. لۆجیکی ئەم پشت هەڵوێستە ئەوەیە ئەمریکا لە دۆخێکی باشتردا دەبوو لە ئێستادا ئەگەر عێراقی داگیر نەکردایە و سەددام حوسێنیش لە دەسەڵاتدا بوایە. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، ئەو بە دڵنیاییەوە خۆی لەگەڵ بوونی عێراقێکی لاواز

**بە بۆچوونی من گرەوێکی زۆر خراپە، ئەگەر عێراقیەکان چاوەڕوانی ئەمریکا بە سەرکردایەتی ئۆباما بکەن بۆ ئەوەی بێت و دۆخەکە رزگار بکات. لە بنەڕەتدا، رزگارکردنی دیموکراسی لە عێراقدا دەوەستێتەسەر سەرکردە و دەوڵەتمەدار و خاوەن تێڕوانینەکانی عێراق**

**ئەگەر کورد بەیەکگرتوویی بمێننەوە، ئەوا دەستڕۆیشتوویییەکی زۆریان دەبێت بۆ ئەوەی داواکارییان هەبێت لە حکومەتی نوێی عێراق لەبەرامبەر پشتوانیکردنیان بۆ ئەو حکومەتە**

**هیچ کاتێک وەک ئێستا ئەگەری لێکترازان و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە ئەگەرێکی گەورە نەبووە. ئەگەر لە گوگڵدا بە دوای بابەتی «کۆتایی هاتنی سایکس-پیکۆ»دا بگەڕێیت، بە ملیۆنەها رایەڵت دەداتێ**

و دابەشبوودا دەگونجاند کە مایەی هەڕەشەیەکی کەمتر بێت لەلایەن حکومڕانی دیکتاتۆری نوری ئەل مالیکیەوە. لە کاتێکدا رەنگە ئەو پێی خۆش نەبێت ئەم دەرئەنجامە بێتەئاراوە و ئارەزووی دەکرد جیاوازتر بێت، بەڵام رەنگە پێی وانەبێت ئەمە هەڕەشەیەکی راستەقینە لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بکات کە شایستەی ئەوە بێت هەوڵ و کۆشش و سەرچاوەی جددی بۆ بخاتەگەڕ.

پێموایە ئیدارەی ئۆباما بە تەواوەتی هەڵەیە لەم بارەیەوە. بەڵام ئەگەر لە رووی واقیعەوە بڕوانین، ئەگەر بمانەوێت پرۆژەی دیموکراسی لە عێراقدا رزگاری بێت، ئەوا کارە سەختەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقیەکان خۆیان. چونکە ئەگەر عێراقیەکان رێگای خۆیان بگرنەبەر و ئەوە پیشان بدەن کە دەیانەوێت وڵاتەکەیان و دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا بپارێزێن، ئەوا رەنگە لە کۆتاییدا ئۆباماش ناچار بێت هاوکارییان بکات. بەڵام بە بۆچوونی من گرەوێکی زۆر خراپە، ئەگەر عێراقیەکان چاوەڕوانی ئەمریکا بە سەرکردایەتی ئۆباما بکەن بۆ ئەوەی بێت و دۆخەکە رزگار بکات. لە بنەڕەتدا، رزگارکردنی دیموکراسی لە عێراقدا دەوەستێتەسەر سەرکردە و دەوڵەتمەدار و خاوەن تێڕوانینەکانی عێراق.

*** کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا گەیشتە ئەو رادەیەی مالیکی بە بڕیارێکی شەخسی بەشە بودجەی کوردستان ببڕێت و دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانیش هێشتا هەر پێداگیری بکات لەسەر رەوانە نەکردنی مووچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا بە سووربوونی مالیکی لەسەر ئەم هەڵوێست و بڕیارەی پێوەندیەکانی کورد و بەغدا چییان لێ ماوەتەوە؟**

- بە چەشنی زۆرێك لە رەفتارەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی مالیکی، ئەوا هەوڵەکانی بۆ فشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان لە رێی بڕینی بودجەوە خراپ بەسەریدا شکایەوە. سیاسەتەکانی هەڕەشە و ترساندن و ئیبتزازکرن تەنیا دۆخەکەیان خراپتر کردووە. بە دڵنیاییەوە ئەوەی پێویستە بریتیە لە خستنەگەڕی هەوڵێکی جددی و دڵسۆزانە بۆ ئەوەی پێکەوە دابنیشن و گفتوگۆ بکەن تاوەکو بگەنە رێککەوتنێکی دادپەروەرانە کە سوودی هەردوولای تێدا بێت، کە زەمانەتی ئەوە بکات سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندی عێراق بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکار دەهێنرێن و سوودەکەی بۆ سەرجەم هاووڵاتیان دەبێت.

بوونی نیازپاکی و متمانە لە هەردوولاوە، وا دەکات هیچ هۆکارێك نەبێت بۆ ئەوەی چارەسەرێکی لەم شێوەیە نەبێتە هەم بەهێزکردنی مافەکانی کورد لە سایەی سیستمی فیدراڵی دەوڵەتی عێراقدا و هەم پاراستنی یەکێتی و گەشەکردنی عێراق. ئایا مالیکی دەتوانێت بگاتە رێککەوتنێکی دووربینی لەم شێوەیە؟ ئایا تێڕوانین و کارامەیی دیموکراتی هەیە لەم رووەوە؟ یان تەنیا لە خەمی ئەوەدایە دووبارە سەرجەم دەسەڵاتەکان بە مەرکەزی بکاتەوە و لە دەستی خۆیدا کۆیان بکاتەوە و جارێکی دیکە چارەنووسی کورد لە ژێر رەحمەتی حکومڕانی بەغدا بێت؟ لەبەر رۆشنایی تۆماری رابردووی مالیکی، ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانین گەشبین بین.

بەڵام تەنانەت ئەگەر دەستیان لە مالیکیش شۆردبێت، ئەوا هێشتا پێویستە کورد پرسیاری ئەوە بکەن ئایا ئەگەرەکانی ئەوان باشتر نییە لەگەڵ سەرکردەیەکی دیکەی عێراقدا. مالیکی نوێنەرایەتی سەرجەم عێراقیەکان ناکات. زۆرێك لە سەرکردە عێراقیەکان هەن کە هاوڕا نین لەگەڵ مالیکیدا، کە دەکرێت قەناعەتیان پێ بهێنرێت بۆ ئەوەی سیاسەتێکی رۆشنگەرتر بگرنەبەر لە ئاست هەرێمی کوردستان، کە بە راستی نەك هەر تەنیا سوود بە کورد، بەڵکو بە سەرجەم عێراقیەکان بگەیەنێت. پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئایا سەرکردەیەکی لەم شێوەیە دەرفەتی ئەوەی هەیە دەسەڵات بگرێتەدەست لە دوای هەڵبژاردنەکان. ئەگەر کورد بەیەکگرتوویی بمێننەوە، ئەوا دەستڕۆیشتوویییەکی زۆریان دەبێت بۆ ئەوەی داواکارییان هەبێت لە حکومەتی نوێی عێراق لەبەرامبەر پشتوانیکردنیان بۆ ئەو حکومەتە.

*** دوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە نەوتی هەرێمی کوردستان بفرۆشێت، ئەمەش دابڕانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا زیاتر دەکات. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ رادەیەك فرۆشتنی نەوتی کوردستان زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کوردستان لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت؟**

- توانای هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوت و کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی ئابووری خۆی یان دەبێتە بناغەیەك بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان یان دەبێتە بەردی بناغە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی دیموکرات و خۆشگوزەرانی عێراق. هاتنەدی هەر یەکێك لەو دوو دەرئەنجامەش دەوەستێتەسەر تێڕوانین و سیاسەتی ئەوانەی حکومڕانی بەغدا دەکەن. بۆ ماوەی دە ساڵە، کورد ئەو راستیەیان روون کردۆتەوە کە

تاوەکو ئەو ئامرازانەیان پێبدرێت کە بەهۆیانەوە دەتوانن زەمانەتی ئاسایشـــی و خۆشگوزەرانی ئابووری خۆیان بکەن، ئـــەوا پابەند دەبن بە هاوکاریکردنی پرۆســـەی بنیاتنانـــەوەی عێراقێکی ســـەقامگیر و دەوڵەمەند و دیموکراتی. ئەمەش ڕێگاچارەیەکی زۆر سوودبەخشـــە کە پێویســـتە باقی بەشـــەکانی دیکـــەی عێراق لێی تێبگەن. بە داخەوە، بڕاردەکانی مالیکی لەم ساڵانەی دواییدا بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە بوونە.

*** زۆرێك لـــە ناوەندەكانـــی توێژینەوە ئامـــاژە بەوە دەكەن كە كێشـــەكانی عێراق و ســـوریا سەردەكێشن بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەكە، لەبەر ئەم كێشانە پێویستە ناوچەكە لە ڕووی جوگرافیەوە دووبارە ڕێكبخرێتەوە. بە تێڕوانینی ئێوە، ئایا هەردوو دەوڵەتی عێراق و ســـوریا بە یەكگرتوویی دەمێننەوە؟ یـــان دابەش دەبن و دەبنە چەند دەوڵەتێك؟**

- من ناتوانم پێشـــبینی ئاینده بکەم. ڕاستیەکە ئەوەیە سیستمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هاتەئـــاراوە- زۆر درێژخایەنتر بـــوو لەوەی زۆر کەس پێشـــبینی دەکرد. بەڵام ئەوەش ڕاســـتە کە حاڵی حازر کەوتۆتە ژێر فشـــارێکی بێ پێشـــبینەوە. هیچ کاتێك وەك ئێستا ئەگەری لێکترازان و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە ئەگەرێکی گەورە نەبووە. ئەگەر لە گوگڵدا بە دوای بابەتی «کۆتایی هاتنی سایکس-پیکۆ»دا بگەڕێیت، بە ملیۆنەها ڕایەڵت دەداتێ. بەڵام هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەتە چەســـپیوەکان و گۆڕینی سنورەکان لە ڕووی تیۆرییەوە ئاســـانترە وەك لەوەی لە واقیعی عەمەلیدا ئەنجامی بدەیت.

خەریکـــە بڵێین دابەشـــکردنی دەوڵـــەت واقیعێکە بە شێوەیەکی حەتمی پشێوی و توندوتیژی و ناسەقامگیری بە دوای خۆیـــدا دەهێنێت. بـــە ملیۆنەها کەس ئێش و ئازار دەچێژن لەم پرۆســـەیەدا. لەبـــەر ئەو هۆکارە، هێزەکانـــی دیکە- - لە نێویاندا هێزە گەورەکان- - ئەوا نزیکەی هەموو کات بەرهەڵســـتی ئەم کارەیان کردووە. گومانی تێدا نییە کە سیاسەتی خراپ، توندوتیژی و ســـەرکردایەتی خراپ وا دەکات لە کۆتاییدا گۆڕانی سیستمی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە شتێکی حەتمی. بەڵام خۆهەڵـــدان بۆ نێو ئەم نەزانراوەوە نابێت یەکەمیـــن ڕێگاچارە بێت کە پەنای بۆ دەبەین. چونکە باشترە و باجێکی کەمتریشی دەوێت- بەلای کەمەوە بە بۆچوونی من- - کە سەرەتا هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ بەرفراوانکردنی ئازادی و سەربەستی و دەرفەتەکان لە چوارچێوەی ئەو بونیادانەی لە ئارادان.

**جۆن حەننا لە چەند دێڕێكدا..**

جۆن.پی.حەننا سیاســـەتمەدار و دیپلۆماتکارێکی ئەمریکایـــە؛ لەمـــاوەی ســـاڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٩ ڕاوێژکاری ئاسایشـــی نەتەوەیی دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بووە، لە ئیدارەی یەکەمی سەرۆك بۆشـــیش لەماوەی ســـاڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٥ جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشـــی نەتەوەیی دیك چینی بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

جۆن حەننا لە ئیدارەی یەکەمی بوش، یەکێك بووە لە هاوبەشـــە نزیکەکان بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق و ئێران و سوریا و لوبنان و پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی جیهانی دژە تیرۆر.

لـــە ئیدارەی دووەمی بوشـــدا کاروباری ئاسایشـــی نەتەوەیی بۆ دیك چینی گرتە دەست و بووە بەرپرسی گـــەورە ڕاوێژکارانی دیك چینی بـــۆ کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و کۆریـــای باکور و ڕوسیا.



جـــۆن حەننا لە ئیـــدارەی بیل کلینتۆن گـــەورە ڕاوێژکاری وان کریستۆفەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە و لەئیدارەی جورج بوشی باوکیشدا ئەندامێکی دیـــاری ســـتافی پلاندانـــەری جیمس بیکـــەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە.

دوای تـــەواو بوونی لە کاری حکومی، جۆن حەننا بۆتە تۆژەری باڵا و جێگری بەڕێوەبـــەری ئامـــۆژگاری واشـــنتۆن بـــۆ سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ئێســـتاش تـــۆژەری باڵایە لـــە دامەزراوەی بەرگـــری کـــردن لـــە دیموکراتی (FDD).

جۆن حەننا بەردەوام لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز، واشـــنتۆن پۆست، وۆرلد ســـتریت جۆرنال، لۆس ئەنجلـــوس تایمز، ناشناڵ ڕیڤیو، فۆرین پۆلیسی وتار بڵاو دەکاتەوە.


٧٦ و ٩٨٪ ی دەنگی خەڵکی کوردستان لەرێی
بیت کرداوای سەربەخۆیی دەکرد.



# مافی بڕیاردانی چارەنووس و ریفراندۆم



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

## پێشەکی

گەلێ بەڵگەنامەی نێودەوڵەتـــی و هەرێمی هەن، کە مافی گەلان لـــە بڕیاردانی چارەنووســـیان دووپـــات دەکەنەوە. بە گوێـــرەی ئەم مافەش، گەلان باری سیاســـیی خۆیان بڕیار دەدەن و ئازادانـــە درێژە بە گەشـــەی ئابـــووری و جڤاکی و کولتووریی خۆیان دەدەن.

لەبارەی رێدان بە ســـەربەخۆیی تەواو بەو گەل و هەرێمانەی کۆلۆن و داگیرکراون، وەك ئاکامێکی پەســـند لە پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، مشـــتومڕێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە. لە ساڵانی شەست و حەفتای سەدەی رابردوودا، زۆربەی گەلانی ئاســـیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ســـەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا، کۆلۆنیالیزمیش بە فۆرمە کلاسیکەکەی لەبەر چاوان نەما. هەڵبەت رەوشەکە سەبارەت بەو نەتەوانەی، چ بە خواســـتی خۆیان بێت یان نا، لـــە چوارچێوەی خاکی دەوڵەتانی پاش کۆلۆنیالیزمـــدا دەژین، جیاوازە، لە نموونەی رەوشـــی گەلی کوردســـتان لە عێراق و چیچان لە رووسیای فیدرال. بەوەی دوو هەڵوێست لەم بارەیەوە هەن:

> **لە ساڵانی شەست و حەفتای سەدەی رابردوودا، زۆربەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا، کۆلۆنیالیزمیش بە فۆرمە کلاسیکەکەی لەبەر چاوان نەما**

١-جیابوونەوە و بەدەســـت هێنانی ســـەربەخۆیی سیاسی لە دەوڵەتـــی دیاریکـــراو وەك جیابوونەوەی کرواتیا، بۆســـنە و هیرزگۆڤیـــن، مەکەدۆنیا و کێوی رەش لە کۆماری فیدرالی یۆگســـلاڤیا، یان جیابوونەوەی سلۆڤاکیا لە چیك (١٩٩٣)، یان جیابوونەوەی باشـــووری ســـوودان لە باکووری ســـوودان (٢٠١١).

٢-مانـــەوە لە چوارچێـــوەی دەوڵەتەکەدا بەپێی رێوشـــوێنی دەستووری و دیموکراسی، جا چ لە سەر بنەمای فیدرال بێت یان ئۆتۆنۆمی، یان رێوشـــوێنێکی دی، کە هەردوو لایەن لە سەری رێك دەکەون.

دەوڵەتـــان بە گشـــتی، (بە دەگمەن نەبێت وەك: ئەســـیوپیا، ســـانت کیتز و نفیس)، ئامادە نین لە نێو دەستووری خۆیاندا مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەو نەتەوانەی لە نێو هەرێمی خۆیاندان، بسەلمێنن و بیچەسپێنن. سەرباری ئەوە، دەستووری زۆر دەوڵەت هەیە کە بە دەق دەڵێ، خاکی ئەوان قابیلی دابەش کردن نییە.

ئەوەشـــمان لە بیر بێت کە بەڵگەنامـــەی نێودەوڵەتییەکانیش، دەوڵەتان ناچار ناکەن ئەو مافە بخەنە نێو دەســـتوورەکانیانەوە، ئەمە بۆ ویستی گەلانی ئەو دەوڵەتانە جێ هێڵدراوە.

یەکێك لە خواســـتەکانی بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کوردســـتان ئەوە بوو، کە لە دەستووری عێراقدا ماددەیەکی تایبەت هەبێت، تێیـــدا دان بە مافی گەلی کوردســـتاندا بندرێت، کە مافی خۆیەتی هەر ١٠ ســـاڵ یان ١٥ ســـاڵ جارێك راپرسییەکی گشـــتی بکات، ســـەبارەت بە مانەوەی لە نێـــو عێراقدا یان جیابوونەوەی. پارتەکانی کوردســـتان ئەو خواســـتەیان گرتە ئەستۆ، بەڵام لایەکانی غەیرە کورد رازی نەبوون ئەم بڕگەیە لە نێو پرۆژەی دەســـتوورەکەدا هەبێت، دواجار بە شـــێوەیەکی کاڵ و بێ رەنگ، ئەو خواستە لە نێو دیباجەی دەستوورەکەدا نووســـرا. دەســـتووری عێراق کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥دا پەسند کرا، هیچ ماددەیەکی تێدا نییە کە بە ئاشـــکرا باسی مافی بڕیاردانـــی چارەنووس بۆ گەلی کوردســـتانی عێراق بکات، بەڵام لە دیباجەی دەستوورەکەدا دەستەواژەیەك هاتووە و دەڵێ «پەیوەســـت بوون بەم دەستوورە، یەکێتیی ئازادانەی عێراق بە گەل و خاك و سەروەرییەوە دەپارێزێت».

وێڕای ئەوەی لە دەستووری عێراقدا ناڵێ دیباجەکە بەشێکە لە دەســـتوورەکە، وەك ئەوەی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بـــۆ قۆناغی راگواســـتنەوەدا هاتووە، بـــەڵام دیباجە رۆحی دەســـتوورە و مەبەستەکانیشی راڤە دەکات. ئیدی بە گوێرەی ئـــەوە دەکرێ بەو جۆرە ئەو دەســـتەواژەیە لێـــك بدرێتەوە، کە ئاماژەیەکی پەنهانە بە یەکێتیی ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق. لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەو یەکێتییەدا، کورد بۆی هەیە مافی بڕیاردانی چارەنووســـی خۆی پیادە بکات، بەپێی ئەوەی کە خۆی پێی باشـــە بۆ دیاری کردنی پێگەی سیاســـیی کورد و گەشەکردنی ئازادانەی ئابووری و جڤاکی و کولتووریانەی خۆی.

بەم واتایە بێت، پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن کوردەوە، وابەستە و گرێدراوی مەرجە، وەك ئەوەی سیستەمی فیدرال و بنەما ســـەرەکییەکانی دەســـتوور و دیموکراســـی و مافی تاك و کـــۆی مرۆڤ لەلایـــەن حکومەتی فیدرالەوە پێشێل بکرێت. جێبەجێ نەکردنی ماددەکانی دەستوور، نەمازە ماددەی ١٤٠ و کارکردن بە ئاراســـتەی هێشتنەوەی ئاکام و پاشـــماوەی سیاسەتی پێشووی رژێمی سەدام، کە بە پاشگەز بوونەوە لە دەستوور و پێشێل کردنێکی ترسناکی ئەوە، هەرێمی کوردســـتان لە هەر پەیوەست بوونێك بە یەکێتیی خاکی عێراق ئازاد دەکات، دەشـــتوانێ لە راپرســـییەکی گشـــتیدا پەنا بۆ گەلەکەی ببات، ســـەبارەت بەوەی لە نێـــو عێراقدا بمێنێتەوە یان جیا ببێتەوە.

لێرەدا پرســـیارێك دێتە پێش، ئەوە چ لایەنێکە کە بڕیار دەدات داخوا چ لایەنێك دەستووری پێشێل کردووە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرســـیارە، بـــە گوێرەی ماددەی (٩٣/ چوارەم) لە دەستووری عێراق، دادگای باڵای فیدراڵە لایەنی پێوەندیدار بـــە «یەکلایی کردنەوەی ئەو ناکۆکیانەی دەکەونە نێـــوان حکومەتی فیـــدراڵ و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا و شـــارەوانی و کارگێڕییەکانەوە». بەپێـــی ماددەی (٩٤) بڕیارەکانی ئەو دادگایە «بۆ هەموو دەســـەڵاتەکان گردەبڕ و پابەندکارن»، لە نێویشیاندا دەسەڵاتی هەرێم. ماددەی (٩٢)ی دەستووریش دەڵێ، ژمارەی ئەندامانی دادگاکە و شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی و کاری ئەو، بە یاسایەك رێك دەخرێت کە لەلایەن دوو لە سەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بڕیار دەدرێت. وەك من بزانم تا ئێســـتا ئەو یاسایە دەرنەچووە، بەڵکە دادگای فیدرالی بەپێی ژمارە ٣٠ی ساڵی ٢٠٠٥ لە ٢٠٠٥/٢/٢٤دا دامـــەزراوە. ئەمەش بە راســـتی گرفتێکە لە رێی دیاریکردنی ئەو لایەنەی دەستوور و بنەما سەرەکییەکانی پێشێل دەکات. کەواتە چ بکەین؟

### یەکەم: مافی بڕیاردانی چارەنووس و میکانیزمەکانی:

یەکەمین پرســـیار کە لێرەدا دێتە پێـــش ئەوەیە، ئاخۆ گەلی هەرێمی کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە

یان نا؟ ئەگەر وەڵام بەڵێیە، باشە ئامراز و هۆکار چییە بۆ پراکتیزە کردنی ئەم مافە؟
پێشتر ئاماژەمان بە دیباجەی دەستوور دا، ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی ترسناك دەستوور پێشێل کرا و حکومەتی فیدرال پێوەی پەیوەست نەبوو، ئیدی یەکێتیی ئارەزوومەندانە هیچ واتایەکی نامێنێ. جا ئاخۆ گەلی کوردستان مافی خۆی نییە کە بەو شێوەیەی خۆی پێی چاکە، بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات؟ هەرچی ئامراز و میکانیزمی پیادە کردنی ئەو مافەشە، بە بڕوای من ئەمانەن:

### ١-ئەنجامدانی راپرسییەکی گشتی لە هەرێمدا:

لێرەشدا گرفتەکە ئەوەیە کە دەستووری عێراق، نە ئاماژەی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس و نە بۆ جیابوونەوە کردووە، نە ئاماژەشی بە میکانیزمێك کردووە بۆ رێکخستنی راپرسییەکی گشتی لەسەر ئاستی هەموو عێراق یان راپرسیی ناوخۆیی سەبارەت بەو پرسانەی کە بۆ بەرژەوەندیی باڵای وڵات یان هەرێم گرنگن، تەنیا ئەو ئاماژەیە نەبێت بەساز کردنی راپرسی بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان بە گوێرەی ماددەی (١١٩) یان هەموارکردنی دەستوور بە گوێرەی ماددەی (١٢٦). کەواتە چۆن دەکرێ پەنا بۆ گەل ببردرێ و سەرپشك بکرێت و راپرسییەك بۆ ئەم مەبەستە لە هەرێمدا رێك بخرێت؟ پاشان کێ مافی هەیە داوای ئەم جۆرە راپرسییە بکات و چۆنیش هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەنجامەکەیدا بکرێت؟ دواتر وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە.

### ٢-راگەیاندنی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە:

أ-دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە تێیدا جاڕی سەربەخۆیی بدات، بەوەی کە پەرلەمانێکە بە دەنگدانی راستەوخۆی نهێنی لە ٢٠١٣/٩/٢١ەوە هەڵبژێردراوە و نوێنەری گەلی کوردستانیشە. هەروەها پەرلەمانی کوردستان شەرعیەت و دەستووراییەتیی خۆی لە ماددەی (١١٧/ یەکەم)ی دەستووری عێراقەوە بەدەست هێناوە، کە بە دەق دەڵێ «ئەم دەستوورە، لە کاتی کار پێ کردنیدا، هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی کە هەیەتی (دەسەڵاتی یاسادانان کە پەرلەمان نوێنەرایەتیی دەکات و یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی هەرێم) وەك هەرێمێکی فیدرال ئەرێ دەکات». هەروەها پەرلەمان بەپێی بڕیاری ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی، هەر خۆی چاوگی دەستووری و سیاسییە بۆ بڕیاردانی پرسگەلی چارەنووسسازی گەلی هەرێمی کوردستان. کەواتە پەرلەمان دەتوانێ بڕیارێکی لەم جۆرە بدات، لەوانەش بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق کە لە بری گەلی هەرێمی کوردستان بیدات، وەك چۆن لە ١٩٩٢/١٠/٤دا لەبارەی رێکخستنی پێوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق بڕیاری دا، کە لە سەر بنەمای فیدرالی بێت. هەڵبەت ئەو بڕیارەی لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت بە راگەیاندنی سەربەخۆیی، بڕیارێکی تاك لایەنە دەبێت، دەبێتە مایەی کێشە و ململانێ، یەکلایی کردنەوەشی لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵ و لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراقدا دەبێت. لێرەدا ئێمە دەتوانین چاو لە رای راوێژکاری (دادگای باڵای کەنەدی) بکەین و پرسی پێ بکەین، سەبارەت بە پرۆژەی جیابوونەوەی هەرێمی کیوپیك و ئەو راپرسییەی لە ئوکتۆبەری ١٩٩٥دا کرا، کە لە (کلاریتی ئاکت) بۆ ساڵی ٢٠٠٠دا چەسپێندراوە. رای ئەو دادگایە ئەوەیە، کە لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری کەنەدا، جیابوونەوەی هەرێمی کیوپیك رەوا نییە، بەڵام دادگاکە پێی وایە لە پێڤاژۆی ناکۆلۆنیالیزمدا و تەنیا لە دوو حاڵەتدا، پرۆژەی جیابوونەوەی هەرێم رەوایە:
١-ئەگەر گەل کەوتبووە بن باری چەوساندنەوە و کۆنترۆڵی بیانییەوە.
٢-یان ئەگەر رێ بەو گەلە نەدرا بە ئەندازەیەکی ماقووڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسی ناوخۆی پیادە بکات.
پاشان دادگاکە ئەوەشی خستەسەر، ئەگەر گەلی کیوپیك بە زۆرینەیەکی روون وەڵامی پرسیارێکی روون و رەوانی دایەوە، ئەوا دەبێ حکومەتی کەنەدا لەو بارەیەوە دانوستان لەگەڵ کیوپیکدا بکات. ئەم بڕیارەش زادەی پرەنسیپی دیموکراسییە. ئێستا ئەم حاڵەتە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نییە. دەکرا لە پاش رووخانی رژێم لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا پەنا بۆ ئەو بژاردەیە ببردرێت و پێداگیریی لێ بکرێت.
هەروەها پەرلەمانی کۆسۆڤۆ لە ١٧ی شوباتی ٢٠٠٨دا بە تێکڕای دەنگ (١٠٩ ئەندام و ١٠ ئەندامیش ئامادە نەبوون) بڕیاری سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ و جیابوونەوەی لە سربیا دا، نزیکەی ٩٠ دەوڵەتیش دانیان پێدا ناوە، بەڵام سربیا بڕیارەکەی رەت کردەوە. ئیدی هەرێمی کۆسۆڤۆ بوو بە بابەتێکی ململانێی نێوان سربیا و حکومەتی کۆسۆڤۆ. لە ٢٢ی تەممووزی ٢٠١٠دا، (دادگای نێودەوڵەتیی داد)، راوێژە رای خۆی لەبارەی ئەو ململانێیەوە دا و گوتی: «راگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە ١٧ی شوباتی ٢٠٠٨دا پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتی نییە». ئەم رایەی دادی نێودەوڵەتی دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ.
ب-یان ئەوەتا پەرلەمان یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ رێکخستنی راپرسی سەبارەت بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یان جیابوونەوە لێی، وەك هەر یاسایەکی دی بە گوێرەی رێوشوێنی باو. جا لەم حاڵەتەدا یان حکومەتی هەرێم خۆی پرۆژەی ئەو یاسای راپرسییەی پێویستە بکرێت، پێشکەش دەکات، یان ١٠ پەرلەمانتار ئەم پرۆژەیە پێشکەش دەکەن. جا بەم پێودانگە بێت، لە راپرسییەکەدا خەڵك سەرپشك دەبن، چونکە دەست پێشخەرییەکە بە دەستی حکومەت دەبێت یان بە دەستی ١٠ پەرلەمانتار دەبێت، پاشان رێکارەکانی دیکەی یاسادانان رێڕەوی ئاساییانەی خۆیان دەگرنە بەر. لە دادگای باڵای فیدرالدا، ئەم یاسایەش دەبێتە مایەی ململانێ.
لەبەر ئەوەی ئێمە وەك هەرێمێکی فیدرال خاوەن دەستووری تایبەتی خۆمان نین، کەواتە دەکرێ پەنا بۆ پەرلەمان ببردرێت، بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە راپرسی لە هەرێمدا. لە دەستووری نەرویجدا، بۆ نموونە، حوکمی تایبەت بە راپرسی نییە، وێڕای ئەوە دوو راپرسیی تێدا کراوە، ئەویش بەپێی یاساگەلێك کە بۆ ئەم مەبەستە دەرچوون، بە ئامانجی ئەوەی

**دەستووری عێراق کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥دا پەسند کرا، هیچ ماددەیەکی تێدا نییە کە بە ئاشکرا باسی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستانی عێراق بکات، بەڵام لە دیباجەی دەستوورەکەدا دەستەواژەیەک هاتووە و دەڵێ «پەیوەست بوون بەم دەستوورە، یەکێتیی ئازادانەی عێراق بە گەل و خاک و سەروەرییەوە دەپارێزێت»**

**لەبەر ئەوەی ئێمە وەک هەرێمێکی فیدرال خاوەن دەستووری تایبەتی خۆمان نین، کەواتە دەکرێ پەنا بۆ پەرلەمان ببردرێت، بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە راپرسی لە هەرێمدا**

**پەرلەمان بەپێی بڕیاری ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی، هەر خۆی چاوگی دەستووری و سیاسییە بۆ بڕیاردانی پرسگەلی چارەنووسسازی گەلی هەرێمی کوردستان. کەواتە پەرلەمان دەتوانێ بڕیارێکی لەم جۆرە بدات، لەوانەش بڕیاری جیابوونەوە لە عێراق کە لە بری گەلی هەرێمی بیدات**

بچنە نێو گرووپی ئابووریی ئەورووپا و یەکێتیی ئەورووپاوە.

**٣-بە دەست پێشخەریی سەرۆکی هەرێم:**

أ-سەرۆکی هەرێم بابەتی جیابوونەوەی هەرێم لە عێراق و راگەیاندنی سەربەخۆیی بوونی، بخاتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان تا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و بڕیاریشی لەبارەوە بدرێت.

ب-یان ئەوەتا سەرۆکی هەرێم بە شێوەیەکی دۆستانە و لە رێی دانوستان و رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدرال (بەغدا) لەبارەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق، بگاتە ئەو ئاکامە یان دانوستانی لەگەڵدا بکات سەبارەت بە رێکخستنی راپرسییەك لە کوردستان لەبارەی جیابوونەوەی هەرێم لە ناوچەکانی دیکەی عێراق یان ئەوەتا لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بەو سیفەتەی کە بەپێی ماددەی (١) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات، وەك ئەوەی لە نێوان حکومەتی سوودان و بزووتنەوەی میللیی رزگاریخوازی باشووری سوودان رووی دا، بەپێی ماددەی (٢/پێنجەم) لەو رێککەوتننامەیەی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا لە نایرووبی واژۆ کرا، ئامادەکاری کرا و لە کانوونی دووەمی ٢٠١١دا راپرسی کرا.

**٤-بڕیارێکی نێودەوڵەتی کە دەستەیەکی نێودەوڵەتی (بۆ نموونە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان) بیدات. ئەمەش لەم کاتەدا جێی مەزندە نییە.**

لەبەر ئەوەی هەردوو میکانیزمی یەکەم و دووەم زادەی ویستێکی میللین، بۆیە ئەوان گونجاوترن لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووس، چونکە هەر یەکەیان میکانیزمێکی مەدەنی و دیموکراسی و ئاشتیانەن. واتە راستەوخۆ گەڕانەوە بۆ لای گەل لە رێی بەجێ گەیاندنی راپرسییەکی گشتی، وەك میکانیزمێکی دیموکراتیی نیمچە راستەوخۆ، یان لە رێی پەرلەمانەوە وەك میکانیزمێکی ناڕاستەوخۆوە.

**دووەم: راپرسی چییە؟**

راپرسی وەك رێکارێکی راستەوخۆی دیموکراسی، دەرفەتی ئەوە دەداتە دەنگدەران بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان سەبارەت بە پرسێکی گشتی بدەن، لە هەمان کاتدا هاووڵاتیان لە دروستکردنی بڕیاردا بەشدار دەبن، لە بری ئەوەی بژاردەی دەسەڵاتدار بە تەنیا بۆ خۆی بڕیار بدات، لە هەمان کاتدا گەل بەشدار دەبێت لە گرتنە ئەستۆی بڕیاری خۆی.

«مەبەست گەڕانەوەیە بۆ گەل بۆ وەرگرتنی رای لەبارەی پرسێك لە پرسەکانەوە»، کە بەپێی ئەو حاڵەتانەی بە دەق لە دەستووردا هاتوون، ئەو پرسەی دەخرێتە بەردەم. کەواتە لە حاڵەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێتە رێکارێکی فەرمی، کە لە رێی ئەوەوە ئارەزووی تاکەکانی گەلی هەرێم دەزاندرێت، سەبارەت بە دیاری کردنی رەوشی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان، هەروەها مافی ئەو لە بڕیاردانی چارەنووسی. بۆ ئەوەی دوور نەڕۆین، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، چەندین گەل لە رێی راپرسیی گشتییەوە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا.

ئەو دەوڵەتانەی دوای شەڕی سارد و لە رێی راپرسیی گشتییەوە سەربەخۆییان بەدەست هێنا، ئەمانەن:

سلۆڤینیا (٢٣/کانوونی یەکەم/١٩٩٠) بە رێژەی ٨٨٪، لاتیڤیا (ئاداری ١٩٩١) بە رێژەی نزیکەی ٧٤٪، ئەسیتۆنیا (ئاداری ١٩٩١) بە رێژەی نزیکەی ٧٨٪، لیتوانیا (شوباتی ١٩٩١) بە رێژەی پتر ٩٠٪، کرواتیا (١٩/ئایار/١٩٩١) بە رێژەی ٩٢٪، تیمووری رۆژهەڵات (٣٠/ئاب/١٩٩٩) بە رێژەی پتر ٧٨٪، مەکەدۆنیا (٨/ئەیلوول/١٩٩١) بە رێژەی ٩٥٪، بۆسنە و هزرگۆڤین (٦/ئادار/١٩٩٢) بە رێژەی نزیکەی ٦٣٪، ئیریتیریا (ئاداری ١٩٩٣) بە رێژەی نزیکەی ١٠٠٪، چیای رەش (مۆنتینیگرۆ) (٢١/ئایار/٢٠٠٦) بە رێژەی نزیکەی ٥٦٪، باشووری سوودان (٩/یانایەر/٢٠١١) بە رێژەی نزیکەی ٩٩٪.

لە هەرێمی کیوبیك لە کەنەدا لە هەردوو ساڵی ١٩٨٠ و ١٩٩٥دا دوو راپرسی کرا، بەڵام ئەنجام لە بەرژەوەندیی سەربەخۆییدا نەبوو. بە گوێرەی بڕیارێکی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیار وایە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی بیابانی رۆژاوا (مەراکیش بە بەشێك لە خاکی خۆی دەزانێت) راپرسییەك رێك بخرێت، بەڵام ئەو راپرسییە تا ئێستا نەکراوە، رەنگە لە ٢٠١٤شدا لە ئوسکوتلەندا راپرسییەك لەبارەی سەربەخۆییەوە بکرێت.

**سێیەم: چەندین پرسیار هەن پێویستیان بە وەڵام هەیە:**

بەر لە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە رێکخستنی حوکمەکانی راپرسی، چەندین پرسیار هەن پێویستیان بە وەڵام دانەوە هەیە، لەوانە:

بنەمای یاساییانەی راپرسی کردن کامەیە؟

ئایا یاسایەك پێویستە بۆ رێکخستنی حوکمەکانی؟

ئەو راپرسییەی داوا دەکرێت بکرێت، ئایا بە داوای حکومەتە یان دەستەی یاسادانان یان ژمارەیەك هاووڵاتی؟

ناوەرۆك و شێوەی راپرسی چییە؟

کام لایەن سەرپەرشتیی دەکات؟ کێ مافی بەشداری تێدا کردنی هەیە؟

کامەیە زۆرینەی پێویست، کە بۆ بەرژەوەندیی ئەنجامێك یان بڕیارێکی دیاریکراو: زۆرینەی ئەو دەنگدەرانەی بەشدارییان لە راپرسییەکەدا کردووە، زۆرینەی رەهای دەنگە راستەکان، یان زۆرینەی تایبەت بۆ نموونە ٦٠٪ یان دوو لە سەر سێ یان....؟

کامە لایەنە کە ئەنجامەکە ئەرێ دەکات؟

ئایا ئەنجامەکەی مولزەمە یان راوێژانەیە؟ ئایا دەکرێ هەر کارێك هەر چییەك بێت، بخرێتە بەر دەمی گەلەوە، تا رای ئەو لەبارەیەوە وەربگیرێت، یان هەندێك شت هەن ناکرێ بخرێنە بەر راپرسییەوە؟

وەك پێشتر گوتمان، دەستووری عێراق ئاماژەی بە راپرسی نەکردووە تەنیا لە دوو حاڵەت نەبێت:

یەکەمیان لە ماددەی (١١٩)دا سەبارەت بە مافی پارێزگایەك یان زیاتر لە رێکخستنی خۆی وەك هەرێمێك، کە دەبێ راپرسی بۆ دانیشتووانی ئەو پارێزگایە بکرێت، ئەمەش وابەستەی

**بنەمایەکی یاسایی بۆ راپرسی لە دەستووری عێراقدا نییە، بەڵام ئەوە رێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناگرێت کە یاسایەکی فیدرالی دەربکات بۆ بەڕێوە بردنی راپرسیی گشتی، سەبارەت بە پرسگەلی دیاریکراو لە سەر هەردوو ئاستی نیشتیمانی**

داوایەکی یەك لە سەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکەیە یان داوای دەیەیەکی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەیە. واتە دەبێ یەکەم جار داوایەك هەبێت بۆ پێکهێنانی هەرێمێك پاشان ئەو داوایە بخرێتە بەر راپرسییەوە.

هەرچی حاڵەتی دووەمە، ئەوا ماددەی (١٢٦)ی دەستوور ئاماژەی پێ کردووە، پێوەندیی بە هەموارکردنی دەستوورەوە هەیە، کە بە گوێرەی ئەو رێکارانەی لەو ماددەیەدا باس کراون، دەبێ راپرسییەکی گشتی بکرێت بۆ ئاشنا بوون بە رای گەل، سەبارەت بەو هەموارەی پێشنیار کراوە. ئیدی بەم جۆرە بێت، هەموارکردنی هەر ماددەیەکی دەستووری عێراق پێویستی بەوەیە، بە راپرسییەکی گشتی بخرێتە بەردەمی گەلەوە، هەروەها پێکهێنانی هەر هەرێمێکی دی لە عێراقدا، دەبێ پێشنیارەکە بخرێتە بەردەم دەنگدەرانی پارێزگاکە یان ئەو پارێزگایانەی مەبەستن، واتە راپرسییەکی ناچارانەن نەك سەرپشکانە. کەواتە بنەمایەکی یاسایی بۆ راپرسی لە دەستووری عێراقدا نییە، بەڵام ئەوە رێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناگرێت کە یاسایەکی فیدرالی دەربکات بۆ بەڕێوەبردنی راپرسیی گشتی، سەبارەت بە پرسگەلی دیاریکراو لە سەر هەردوو ئاستی نیشتیمانی (مەبەست ئاستی عێراقە) و لۆکاڵی (مەبەست لە سەر ئاستی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە نێو هەرێمێکدا نین).

هەرچی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، ئەوا لە ماددەکانی (١٢٠، ١٢١، ١٢٢)دا ئاماژە بە بابەتی راپرسی کراوە. هەردوو ماددەی (١٢٠، ١٢٢) تایبەتن بە دەستوور و هەموارکردنییەوە، کە هەر دەبێ لە راپرسییەکدا کە بۆ ئەو مەبەستە رێك دەخرێت، گەل پێی رازی بێت. بەو واتایە، ئەوە راپرسییەکی ناچارانەیە.

هەڵبەت ماددەی (١٢١) ئاماژە دەکات کە ٢٥٪ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان لە هەرێمدا هەیە، داوا بکەن سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو راپرسی بکرێت (سەرنج بدەن هەر بابەتێك جا هەر چییەك بێت). ئیدی ئەوسا دەبێ پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی ئەو راپرسییەی مەبەستە. جا بەم جۆرە بێت، راپرسی وابەستەیە بە ویستی ٢٥٪ی دەنگدەران، واتە ئەو راپرسییە سەرپشکانەیە. ئیدی لێرەوەیە کە هەبوونی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێم بایەخی خۆی بەدەست دەهێنێت. پێویستە ئەو هێزە سیاسیانەی لە پەرلەماندا ئەندامیان هەیە، بیر لەم پرسە بکەنەوە و پەلەی تێدا بکەن، بەر لە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی فیدراڵ، بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی رۆژی ٣٠/نیسان/٢٠١٤، کە نەبادا رەوشەکە ئاڵۆز و ئاڵۆزتر بێت. هەڵبەت ئێمە وەك هەرێمێکی فیدرال دەستووری تایبەتی خۆمان نییە، کەواتە چی بکەین؟

کەواتە پەرلەمانی کوردستان چۆن دەتوانێ یاسایەك دەربکات کە پرۆسەی راپرسی رێك بخات؟ بەپێی تێگەیشتنی من لە دەستووری عێراق، هیچ ماددەیەکی تێدا نییە، کە رێ لەم مافەی پەرلەمانی کوردستان بگرێت، ناشچێتە نێو (الاختصاصات الحصرية)ی پەرلەمانی فیدراڵ (ئەنجومەنی نوێنەران)ەوە.

- **بەرەنجام:**

کەواتە لەبارەی هەر پرسێکی پێوەندیدار بە بەرژەوەندیی گشتییەوە، دەبێ پەرلەمانی کوردستان- عێراق یاسایەك دەربکات بۆ رێکخستنی پرۆسەی راپرسی، چونکە لەم رووەوە بۆشاییەکی یاسایی هەیە. دەبێ ئەو پرسیارانەی پێشتر خستمنە روو، وەڵام بدرێنەوە، بەڵام چەندین گرفتیش هەن:

**گرفتی یەکەم:** ئایا تەنیا دەنگدەری شیاو ئەو(هاووڵاتی)یەیە کە هەژدە ساڵیی تەواو کردووە و بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا بە سنووری ئێستایەوە دەژی، وەك لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا وابووە، بەدەر لە ناوچەکانی کوردستانی کە ململانێیان لە سەرە، مافی بەشداری کردنی هەیە، پشتیش بە پسوولەی خۆراك دەبەسترێت، وەك لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا کرا، یان هەر هاووڵاتییەکی کوردستان- عێراق، جا چ لە ناوخۆی عێراقدا بژی یان لە دەرەوەی، مافی بەشداری کردنی هەیە؟ ئەو یاسایەی پەرلەمان دەری دەکات دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، چونکە پرسی سەربەخۆیی بە لای هەموو کوردەوە گرنگە و چارەنووسسازە.

**گرفتی دووەم:** لە وڵاتانی دیموکراتدا دەستەی سەربەخۆ هەن، کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەییدا هەڵبژاردن و راپرسی رێك دەخەن و سەرپەرشتیی دەکەن، لە ژێر چاودێریی دەستەگەلی ناوخۆ و هەرێمیانە و نێودەوڵەتیدا. بۆ نموونە لە تورکیای دراوسێماندا بە گوێرەی ماددەی (٢/٦٧) دەسەڵاتی دادوەری سەرپەرشتیی هەڵبژاردن دەکات. بە گوێرەی ماددەی (٢/٧٩)ش ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردن پرۆسەکە رێك دەخات و بەجێی دەگەیەنێت. بە بڕوای من دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراقدا سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان راپرسی رێك ناخات، ئیدی بۆیە ئێمە لە کوردستاندا پێویستمان بە دەستەیەکی سەربەخۆ هەیە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنێت (دەستەی سەربەخۆی هەڵبژادن و راپرسی لە کوردستاندا/ سێیەمین خولی پەرلەمانی کوردستان بۆی نەڕەخسا یاسایەکی تایبەت بەو دەستەیە دەربکات، وێڕای گفتوگۆ کردن لەبارەی ئەو پرۆژەیە و پەسندکردنی چەندین ماددەی، بەڵام نەسازانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە کاتی خۆیدا، رێی لە بڕیاردانی ئەو یاسایە گرت، هیوادارم چوارەمین خولی پەرلەمان یاساکە بڕیار بدات.

**گرفتی سێیەم:** هەرێمی کوردستان دەستووری تایبەت بە خۆی نییە.

پرۆژە یاساکە ئامادەیە و وابەستەیە بە رازی بوونی لایەنانی نێو پەرلەمانەوە، کە بە خێرایی هەموار بکرێت تا ئامادە بێت و بخرێتە بەردەمی گەل بۆ بڕیاردانی. بۆیە پێم وایە کاری لە پێشینەی پەرلەمان پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بەو بابەتەیە یان بە هەر شێوەیەك بێت چارەسەری بکات و مۆرکی یاسای پێ ببەخشێت و دواتر بخرێتە راپرسییەوە.

**ئەم بابەتە لە نیسانی ٢٠١٤دا بە زمانی عەرەبی نووسراوە و گوڵان کردوویەتی بە کوردی و پوختەکەی لێرەدا بڵاو دەکاتەوە**

**پەرلەمانی کوردستان چۆن دەتوانێ یاسایەک دەربکات کە پرۆسەی راپرسی رێک بخات؟ بەپێی تێگەیشتنی من لە دەستووری عێراق، هیچ ماددەیەکی تێدا نییە، کە رێ لەم مافەی پەرلەمانی کوردستان بگرێت، ناشچێتە نێو ساغە دەسەڵاتی پەرلەمانی فیدرال (ئەنجومەنی نوێنەران)ەوە**

**لەبارەی هەر پرسێکی پێوەندیدار بە بەرژەوەندیی گشتییەوە، دەبێ پەرلەمانی کوردستان- عێراق یاسایەک دەربکات بۆ رێکخستنی پرۆسەی راپرسی، چونکە لەم رووەوە بۆشاییەکی یاسایی هەیە**




باڵیۆز پیتەر گالبرێس بۆ گوڵان:

# دیداری نێوان بارزانی و هۆڵاند ئەوەی پیشاندا ئەوروپا لە مافەکانی هەرێمی کوردستان تێگەیشتووە



سەردانەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ نیسانەوە بۆ ئوردن و لە چەند ڕۆژی رابردووشدا بۆ ئەورووپا، ئەوە پیشان دەدەن، کە بارودۆخی داهاتووی عێراق بۆ هەموو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان پێویستی بەوەیە تێڕوانینی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بزانن، لەمەش زیاتر ئاستی ئەو پێشوازییەی لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت، وێنای دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان پیشانی جیهان دەدات، لەبەر ئەوەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، وەك ئەوەی لەچەند ڕۆژی داهاتوو لە فەرەنسا پێشوازی فرانسوا هۆڵاند سەرۆك کۆماری فەرەنسامان لە سەرۆك بارزانی بینی، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە ئەورووپا و جیهانیش تێگەیشتنیکی نوێیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیە و دەزانن ئەو سیاسەتە فاشیلەی حکومەتی عیراق پیادەی کردووە لەماوەی چوار ساڵی رابردوو جیا لەوەی بارودۆخی عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەبات، لە هەمانکاتدا سەربەخۆیی کوردستانیش دەکاتە شتێکی حەتمی، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ ئەورووپا و بڕیاری فرۆشتنی نەوتی کوردستان و هەروەها باسکردنی ئایندەی کوردستان لەگەڵ عێراق و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دەوڵەتی کوردستان، باڵیۆز پیتەر گالبریس لەم دیمانە تایبەتەدا بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

*** ئەوە شەش مانگە مالیكی بەشە بودجەی كوردستانی بڕیوە، لە بەرامبەردا حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیاریدا نەوتی كوردستان بفرۆشێت، پێش چەند ڕۆژێك بە ڕەسمی ئەم نەوتە بە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا فرۆشرا، ئایا لێكدانەوە و خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم مەسەلەیە و ئایا تا چ ڕادەیەك دەبێتە هۆی ئەوەی كوردستان لە ڕووی ئەمری واقیعەوە سەربەخۆ بێت؟**

- ئەمە هەنگاوێكی زۆر ئیجابییە، كوردستان مومارەسەی مافی خۆی دەكات بە پێی دەستوری عێراق، كە بە پێی دەستور دەتوانێت كۆنترۆڵی تەواوی نەوتی كوردستان بكات، چونكە دەستور زۆر ڕوونە لەوەدا كە هەرێمەكان بەرپرسیارێتیان هەیە لە نەوتی كێڵگە نوێیەكاندا.

هەڵوێستی مالیكیش ناعەقلانی و وێرانكار بووە، ئاشكرایە بۆ ئەوەی فیدراڵیزم سەركەوتوو بێت، دەبێت هەرێمەكان سەرچاوەو داهاتیان هەبێت و ئێستاش كوردستان ئەم كارە دەكات، ئەمەش سەرچاوەیەك بە كوردستان دەبەخشێت بۆ ئەوەی ڕێگایەكی جیاواز لە عێراق بگرێتەبەر ئەگەر هاتوو عێراق ڕازی نەبوو ڕێز لە مافەكانی كوردستان بگرێت.

*** ئاشكرایە سەرۆك بارزانی بە سەفەرێك لە ئەوروپایە و سەردانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و فەرەنسا دەكات، پرسیارەكە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی كۆكردنەوەی پشتیوانی ئەوروپا بۆ كوردستان؟**

- ڕۆژی هەینی سەرۆك بارزانی چاوی بە سەرۆك هۆڵاند كەوت، پێم وایە كۆبوونەوەیەكی گەورە بوو، بە باوەڕی من واقیعی ئێستا ئەوەیە كە پێوەندییەكانی ئێستا لە عێراقدا سەركەوتوو نین، تێگەیشتنێكی ڕوو لە زیاد هەیە لە ئەوروپا و ئەمەریكادا كە عەرەبی عێراق ڕێز لە بیرۆكەی خۆبەڕێوەبەری -خۆحكومڕانی- كوردستان ناگرێت، بەو پێیە تێگەیشتنێك هەیە لەبارەی ئەوەی دەبێت كوردستان تەرتیباتی نوێ بكات.

لەبەر ئەوە پێم وایە خەڵكی لە ئەوروپا و ئەمەریكاش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن كە سەربەخۆبوونی كوردستان شتێكی حەتمیە، ئەمە پرۆسەیەكە و ئێستا بەردەوامە. كەواتە پرسیارەكە ئەوەیە ئایا لە چ كاتێكدا ئەمە ڕوودەدات، یاخود ئایا تەرتیباتێكی دیكە لەگەڵ عێراقدا دەكرێت؟ كە هەرچۆنێك بێت لە سایەیدا كوردستان وەك قەوارەیەكی خاوەن سەروەری بمێنێتەوە. پێم وایە سەرۆك بارزانی ئەوە شەرح دەكات كە بۆچی بارودۆخی عێراق شكستی هێناوە.

*** حاڵی حازر سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی، بە یاوەری شاندێك سەردانی بەریتانیا دەكات، ئایا تا چ ڕادەیەك پشتیوانی بەریتانیا بۆ ئێمە گرنگە؟**

ـ بوونی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ باقی جیهاندا گرنگە، و بەریتانیاش هێزێكی زۆر گرنگە لە جیهاندا، ئەگەر ئێوە بتانەوێت حكومڕانی خۆتان بكەن، ئەوا پێویستتان بە سیستمێكی دارایی و تەرتیباتی بانكی خۆتان دەبێت.

*** ئایا دوای فرۆشتنی نەوت چ پەیوەندیەك لە نێوان كوردستان و بەغدا ماوە، ئایا ئەمە هەنگاوێك نییە بۆ جیابوونەوەی تەواوەتی لە بەغدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە هەنگاوێكە كە دەبێتەهۆی ئەوەی كوردستان سەرچاوەی بكەوێتە بەردەست بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەغدا جیا ببێتەوە و بێگومان ئەمەش ئارەزوی هەموو كوردێكە. لە ڕاستیدا ئەوە بەغدا بووە وای كردووە كوردەكان جیا ببنەوە، چونكە نەیتوانیوە دەستور جێبەجێ بكات. كوردستان ئامادەبوو هەوڵبدات بگاتە تەرتیباتێك لەگەڵ بەغدا و پشتیوانی دەستوری كرد، لە بەرامبەردا تەنیا داوای ئەوەی كرد ڕێز لە مافەكانی كوردستان بگیرێت، بەغدا ڕازی نەبوو ڕێز لەو مافە دەستوریەكانی كوردستان بگرێت. ئێستاش كوردستان ئەوەندە بەهێز بووە كە بەرەوپێش بچێت و مومارەسەی مافی خۆی بكات. ئێستاش ئەو دۆخە دروست بووە كە دەیبینن. بەڵام كێشەكە ئەوەیە تۆ ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ دواوە و سەر لەنوێ دەست پێبكەیتەوە، دۆخەكە ئەوەیە كە هەیە.

*** سەرەڕای ئەوەی پێشبینیەكان باس لەوە دەكەن كە پێكهێنانی حكومەتی ئایندەی عێراق كۆتایی هاتووە، بەڵام ئەمجارەش مالیكی ڕێژەیەكی زۆری دەنگەكانی بەدەست هێنا لە دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانیەكە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەكانیەوە، ئێستاش كورد و سوننە و سەدر و ئەل حەكیم ڕازی نابن جارێكی دیكە مالیكی ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، بەڵام مالیكی سەرقاڵی دروستكردنی زۆرینەیەكی سیاسیە بۆ ئەوەی بتوانێت حكومەت پێكبهێنێت، ئایا دووبارە هەڵبژاردنەوەی مالیكی عێراق بەرەو تاریكی نابات و ئایا باوەڕت وایە عێراق كۆتایی هاتووە؟**

- پێم وانییە و پێم وا نەبووە عێراق وەك وڵاتێك بمێنێتەوە، بەڵام كوردستان پێوەندییەكی جیاوازی لەگەڵ عێراقدا دەبێت، كە پێوەندی قەوارەیەكی خاوەن سەروەری دەبێت، واتە پێوەندی دەوڵەتێكی خاوەن سەروەری بە دەوڵەتێكی دیكەی خاوەن سەروەریەوە، ڕەنگە لە چوارچێوەی كۆنفیدراڵیدا بێت یاخود شێوەیەك لە هاوكاری كردنی یەكتردا بێت. ئەوە عێراق كارێكی كرد دەستور سەركەوتوو نەبێت و ئەوە عێراق بوو كە ڕازی نەبوو كوردستان خۆی حكومڕانی خۆی بكات، هەر كاتێكیش ئەوە ڕوویدا، ئەوا دەبێت تەرتیباتی نوێ بێتەئاراوە.

*** مالیكی بە نیازە بوو سەردانی ئێران بكات، ئاشكرایە كە ئێرانیش ڕۆڵی دەبێت لە گەمە سیاسیەكە و پێكهێنانی حكومەتدا، ئایا هەڵوێستی ئەمەریكا چی دەبێت لەم ڕووەوە و لە ئاست ئەم هەنگاوەدا؟**

- بەهۆی ئەمەریكاوە ئێران بووە وڵاتێكی دەستڕۆیشتوو لە عێراقدا. مالیكی خاوەنی پارتێك بوو كە بۆ چەندین ساڵ لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەكرا. لەبەرئەوە دڵنیام ئێران ئامۆژگاری دەكات كە چۆن حكومەت پێكبهێنێت و پێویستە حكومەت چ هەڵوێستێك بگرێتەبەر، ئەمەش شتەكان زەحمەت دەكات. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە مالیكی بۆتە هاوپەیمانی ئێران و ئەسەد، لە كاتێكدا كوردستان ٢٥٠ هەزار پەنابەری سوریایی لە خۆگرتووە كە لە دەست ئەسەد هەڵاتون. لەبەر ئەوە تۆ دوو سیاسەتی دەرەكی جیاواز بەدی دەكەیت لە ئاست سوریادا، یەكێكیان لەلایەن بەغداو یەكێكیان لەلایەن هەولێرەوە. ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە كە وڵاتەكە بە ڕاستی وڵات نییە.

خەڵكی لە ئەوروپا و ئەمەریكاش دان بەو ڕاستیەدا دەنێن كە سەربەخۆبوونی كوردستان شتێكی حەتمیە، ئەمە پرۆسەیەكە و ئێستا بەردەوامە. كەواتە پرسیارەكە ئەوەیە ئایا لە چ كاتێكدا ئەمە ڕوودەدات، یاخود ئایا تەرتیباتێكی دیكە لەگەڵ عێراقدا دەكرێت؟

بوونی پێوەندی ئابووری لەگەڵ باقی جیهاندا گرنگە، بەریتانیاش هێزێكی زۆر گرنگە لە جیهاندا، ئەگەر ئێوە بتانەوێت حكومڕانی خۆتان بكەن، ئەوا پێویستتان بە سیستمێكی دارایی و تەرتیباتی بانكی خۆتان دەبێت

*** سەرۆك بارزانی دوو ساڵ پێش ئێستا باسی لەوە كرد مالیكی بەرەو دیكتاتۆریەت دەڕوات، هەروەها ئێستا بە هۆی گرژیەكانەوە سەرۆك بارزانی هۆشداری ئەوەی داوە كە كوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات و بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕای خەڵك، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەمەریكا تا چ ڕادەیەك گرنگی بە ئایندەی عێراق دەدات و ئایا تا چ ڕادەیەك ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی دیكتاتۆریەت لە عێراقدا دەگرێت؟**

- ئاشكرایە ئەمەریكا نایەوێت دیكتاتۆرێكی دیكە لە عێراقدا بێتەئاراوە، ئەمەریكاش لەوە تێدەگات كە تەنیا دۆستێكیان لە عێراقدا هەبوبێت، كورد بووە، بە تایبەتی ئەو ئەمەریكیانەی لە عێراقدا خزمەتیان كردبێت و كوردیان ناسیبێت بە ڕاستی لایەنگیریەكی زۆری كورد دەكەن. ئەمە گۆڕانێكی گەورەیە، كاتێك بۆ یەكەمجار و سی ساڵ پێش ئێستا من هاتمە نێو ئەم پرسەوە، كەس نەیدەزانی كورد كێیە، ئێستا بە هەزاران و بگرە بە دەیان و بە سەدان هەزار ئەمەریكی هەن كە ئەزموونێكی شەخسییان لەگەڵ كورددا هەیە و لەوە تێدەگەن كە كوردەكان مەیل بە ئەمەریكا و ئەوروپا و مەیل بە دیموكراسین و ئەوان پارێزگاری لە كەمینە ئاینیەكان دەكەن، بە تایبەتی مەسیحیەكان، ئەمەش بیركردنەوەی ئەمەریكا دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە پێم وایە خەڵكی ئەمەریكا لەوە تێدەگەن كە بۆچی كوردەكان جیابوونەوەیان دەوێت و بۆچی عێراق سەركەوتوو نابێت. ڕەنگە لێدوانی ڕەسمی حكومەت هەبێت، بەڵام پێم وانییە ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی بیركردنەوەی خەڵكانی نێو حكومەتەكە بێت، بە دڵنیاییەوە ڕەنگدانەوەی بیركردنەوەی ئەو ئەمەریكیانەش نییە كە ئاشنایەتیان لەگەڵ عێراق و لەگەڵ كوردستاندا هەیە.

*** چەند ساڵێك پێش ئێستا كتێبی كۆتایی عێراقتان نووسی. ئایا بە ڕاستی عێراق كۆتایی هاتووە ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینن؟**

- عێراق وەك وڵاتێكی یەكگرتوو چەند ساڵێك پێش ئێستا كۆتایی هات، لە ڕاستیدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە و بگرە ڕەنگە بتوانین بڵێین لە ساڵی ١٩٩١ەوە. ئەوە سەددام و جۆرج بۆش بوون كە كۆتاییان بە عێراق هێنا. ئێستاش واقیعێكی نوێ هاتۆتە ئاراوە، كە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە واقیعێكی قانونی، لە ڕووی عەمەلیەوە كوردستان سەربەخۆیە و هەنگاو بەرەو سەروەری دەنێت. ئاشكرایە هیچ حكومەتێكی بەغداش ناتوانێت ناوچەی سوننەكان كۆنترۆڵ بكات، لەبەر ئەوە دەبێت ڕادەیەكی گەورە لە خۆحكومڕانی هەبێت لەو ناوچەیەدا. لە ساڵی ١٩٩١دا بوونی دەوڵەتێكی خۆسەپێن كە حكومڕانی هەمو عێراق بكات، كۆتایی هات. ئەو عێراقەی لەسەر نەخشە دەردەكەوێت، لە ماوەی چەند ساڵێكی كەمی داهاتوودا دەگۆڕێت.

*** دوا پەیام و دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە كە ئێستا خەڵكی لەوە تێدەگەن كێشەی كورد ڕەوایە و خەڵكی كوردستانیش مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، لە جیهاندا تێگەیشتنێكی زۆر بۆ ئەمە هەیە.

پیتەر دەبلیو گالبریس لە چەند دێڕێكدا

باڵیۆز پیتەر دەبلیو گالبریس، یەكێكە لە دبلۆماتە تۆژەرە باڵەكانی سەنتەری كۆنترۆڵكردنی چەك و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەك، لەم بوارەدا كاری لەسەر عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە كردووە، هەروەها كاری لەسەر تەنگژەو چارەسەری تەنگژەو دووبارە بونیادنەوەی دوای تەنگژەكان كردووە، لەمەش بوارەشدا بەدیاریكراوی كاری لەسەر ناوچەكانی بەڵكان و ئەندنوسیا و عێراق و هیندستان و پاكستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا كردووە. پێش ئەوەشی ببێتە تۆژەر لەم سەنتەرەدا، گالبریس پرۆفیسۆر بووە لەسەر ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی لە كۆلیژی ناشناو وۆر.

گالبریس لەماوەی ساڵانی ١٩٧٩ -١٩٩٣ زۆر پۆستی باڵای لە حكومەتی ئەمریكاو نەتەوە یەكگرتووەكان وەرگرتووە

- گالبریس ڕاوێژكاری باڵای ئەنجوومەنی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەنات بووە بۆ كاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك و باشوری ئاسیا و ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان.

- لە ساڵانی ١٩٩٣- ١٩٩٨ باڵیۆزی ئەمریكا بووە لە كرواتیاو زۆر بەچالاكانە بەشداری كردووە لە پرۆسەی ئاشتی نێوان بۆسنە و كرواتیا و یارمەتیدەرێكی باش بووە بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتنی ئیردوت بۆ كۆتایی هاتنی شەڕی لە كرواتیا.

- گالبریس لە ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠١ بەڕێوەبەری كاروباری سیاسیی و دەستوری و كاروباری هەڵبژاردنی نەتەوەیەكگرتووەكان بووە بۆ قۆناخی ئینتیقالی لە تەیموری ڕۆژهەڵات.

هەروەها یەكێك بووە لە ئەندامانی كابینەی حكومی سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكان لە تەیموری ڕۆژهەڵات لە قۆناخی ئینتیقالیدا.

- گالبریس نووسەری كتێبی كۆتایی عیراقە كە لەساڵی ٢٠٠٦ بڵاوكرایەوە.



## دوای ڕەوینەوەی هەوری هەڵبژاردنەکان

# سیاسەتمەدارانی عێراق چۆن بڕیار لەسەر مۆدێلی پێکهێنانی حکومەت دەدەن؟



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**● یەکەم**

لە ٢ی مایسی ٢٠١٤ ڕۆژنامەی( واشنتۆن پۆست)وتارێکی لەژێر ناوونیشانی((هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن)) بڵاوکردۆتەوە..

لەو وتارەدا ئاماژە دراوە بەوەی کە ((باشترین ڕۆژانی عێراق لە دەساڵی ڕابردوودا ڕۆژانی هەڵبژاردنەکان بووە)) ئەوەی هەندێك سەیر و نامۆ بێت لەم دەستەواژەیەدا ئەوەیە کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووتر((مەبەست لێی ڕۆژی هەڵبژاردنە گشتیەکانە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە ٣٠ نیسانی٢٠١٤ ئەنجام دراوە)) ئەو ڕۆژە یەکێك بووە لەو ڕۆژانە سەرەڕای ئەوەی کە مەترسی ئەوەی لێدەکرا وڵات بەرەو جەنگێکی ناوخۆ ڕاپێچێت بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە نیسانی ئەمساڵدا ٧٥٠ کەس بەهۆی کارە تیرۆریستییەکان و لە ئەنجامی توندوتیژیدا لە عێراقدا کوژراون ــــ کەچی نزیکەی دوازدە ملیۆن کەس ڕوویان لە سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کردووە، بۆ یەکەمین جاریش لەو کاتەوەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا ئەو وڵاتەی بەجێهێڵاوە، واتە بۆ یەکەمین کەڕەتە بەبێ بوونی سوپای ئەمریکی، هەڵبژاردنێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێت و ئاست و ڕێژەی دەنگدەرانیش نزیك ببێتەوە لە ٥٨٪، ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە لەچاو ڕێژەکانی بەشداربوون لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی بۆ سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەزەندە دەکرێت ((بەو شێوەیە عێراقییەکان مکوڕترن لەسەر پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراتیبوون، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتدارانیشیان بڕوایان پێی نەبێت)).

ئەم وتارە بە ڕوونی لە ڕۆژنامەکەی واشنتۆن پۆستدا گوزارشت لە ڕوانینەکانی بڕیاردەران لە واشنتۆن دەکات، دەکرێت هەندێ خاڵی گرنگی لێ هەڵهێنجێنین کە گرنگترینیان ئەمانەیە:

١. ڕۆژانی هەڵبژاردن ڕۆژانێکی گرنگن لە مێژووی عێراق، هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا، بەڵام بەبێ ئاماژەدان بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنانە دەربارەی تێکچوون و لادانی خراپ و قۆرخکاری بۆ سەر مافەکانی هێزە سیاسییەکان چی بەدیهێناوەو چی لێ شین بۆتەوە، بەتایبەتی ئەم بەدیهاتن و بەرهەمە لە وتەو دیمانەو ڕاگەیاندراوەکانی دەنگدەرانەوە ڕادیارە..

٢. ڕۆژی هەڵبژاردن لە ٣٠ نیسانی ڕابردوو لە تێڕوانینی ڕۆژنامەکەوە ڕۆژێکە لەو ڕۆژانەی ئەو مانگەی کە تێیدا زیاتر لە ٧٥٠ قوربانی لێکەوتۆتەوە(ئەم ژمارە زۆرەی قوربانی هاندەر بووە بۆ . ڕۆژنامەی ئەندیبندنت-ی بەریتانیی تا بە سەرسوڕمانەوە بپرسێت: ئەوە خێرە سیاسەتمەداران و سەرکردەکانی ناو عێراق دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش ناکەن، وەك ئەوەی لە عێراقدا سیاسەتمەدارانێکی نیشتمانپەروەر بە ئاستی دەوڵەتمەدارە نیشتمانپەروەرەکان هەبن و تەنیا خەمی ئەوەیان بێت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن).

٣. بە لای واشنتۆن پۆستەوە هیچ گرنگ نییە چەندە قوربانی لە مانگێکدا دراوە، لە کاتێکدا لە هەمان ڕۆژنامەشدا بەپێی

پشت بەستن بە زۆر سەرچاوەی تر ژمارەیەکی زیاتر راگەیاندراوە کە گوایە قوربانیەکان لە هەزار کەسی تێپەڕاندووە، ئەمە جگە لە برینداربوونی سێ هەزار کەسی تریش) ئیتر ئەمە زۆر بەلای رۆژنامەکەوە شتێك نییە بەهەند وەرگیرابێت، گرنگتر لەمە ئەوەیە هەرچۆنێك بووە هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێن و رێژەی بەشداربوون زیاتر بێت لەو رێژانەی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا رادەگەیەنرێن(ئەم بەراوردکارییەش لە راستیدا وردبینی تێدا نییە، بەهۆی ئەو جیاوازییە ریشەهێن و یەکلاکەر و زۆر و زەوەندانەی لە نێوان ئەزموونی مێژوویی و کەلتووری سیاسییانەی هەر یەك لە ئەمریکاو عێراق هەیە).

٤. رۆژنامەکە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە عێراقیەکان مکووڕن لەسەر پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراتیبوون بەبێ ئەوەی حاکمدارانیان هاوشێوەی خەڵکی بیر بکەنەوە، ئەم دەرئەنجامەش دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی زۆر گرنگ: چۆن دەتوانرێت دیموکراتیەت بچەسپێنرێت بەبێ بوونی دیموکراتخوازان..؟ کەواتە ئەو پرسیارەی خۆی فەرز دەکات ئەوەیە: دیموکراتخوازان لە کوێن..؟ لە شرۆڤەکارییەکانی زۆر لە بیرمەندانی خەمخۆر بە دۆزەکانی دیموکراتیەتەوە، کەسایەتیەکی وەك (غەسان سەلامە) سەرنجەکانی خۆی بەم شێوەیە پڕدەکاتەوە((ئەوانە جەخت ناکەنەوە لەسەر بوونی هێزو گرووپی رێکخراوانەی ئاڵاهەڵگر لە بەرنامەکانی دیموکراتیەتدا، یان پەنجە دانانێن لەسەر ئەو ئاسانکارییانەی کەلتووری باوی سیاسی بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشیانی دەکات، یان ئەو بەربەستانەی لەبەردەم ئەزموونی دیموکراتی دەیانوروژێنن، یان تەماشای هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لۆکاڵی ناکەن، یان لە دەرکەوتنی ویستی گشتی ناڕوانن، هێندەی ئەوەی لەسەر پەرەپێدانی دەزگاکان و فاکتە ئابوورییەکان جەخت دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە دیموکراتیەت یان هێندەی ئەوەی سەبارەت بە ئەگەری دەسکەوت و بڕوانامەکانی نێوان هێزە ئەکتیڤە سەرەکیەکانی سەر شانۆی سیاسی پشت دەبەستن، سەرەڕای وابەستەبوونیان بە بنەماو بەها دیموکراتیەکانیشەوە...)) لەم بارەیەوە دیموکراتیەت بریتییە لە کۆمەڵێك بنەماو پەیکەربەند و دەزگاو رەفتاری تێکچڕژاو، وەك غەسان سەلامە دیارییان دەکات، گەر بەپێی ئەو ناساندنە بێت دیموکراتیەت پێویستی بە دیموکراتخوازیی پابەندبوونە، کەچی واشنتۆن پۆست بایەخ نادات بە مەسەلەی خەمساردی دەسەڵاتدارانی عێراق لە بارەی پرۆسە دیموکراتیەتەوە، ئەم کەمبینی و کورتبینیە لە روانیندا تەنیا روانینی ئەو رۆژنامەیە ناگرێتەوە بۆ ئەو پرسە، بەڵکو سیاسەتمەدارە ئەمریکیەکانیش هەمان روانینیان هەیە لەو بارەیەوە..

ئەگینا چۆن راڤەی پیرۆزبایی لێکردنی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەمریکی جۆبایدن لێکدەدرێتەوە بێ ئەوەی بایدن بایەخ بدات بەو کارو کردەوانەی دەبێتە هۆی شێواندنی دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە، تەنانەت ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بێ ئەوەی بایەخ بە ساختەکارییەکان بدات نامەی پیرۆزبایی بە گەرمیەوە دەنێرێت..

٥. ئەو شتەی رۆژنامەی واشنتۆن بایەخی زیاتر پێداوە بریتییە لە چۆنیەتی لابردنی هەڕەشە لەسەر نیشتمانی ئەمریکایی، لەو بارەیەوە نووسیویەتی کە حکومەتی ئۆباما ئومێد دەخوازێت بۆ ئەوەی حکومەتی نوێی عێراق توانای ئەوەی بۆ دروست بێت ئەو هەڕەشانە لەسەر ئەمریکا دوور بخاتەوە، دواتر جەختیش لەوە دەکاتەوە بەوەی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق ئەو توانایەی نییە کەواتە ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم هەڕەشانە هەر بمێننەوە، کەواتە وەك فۆرن پۆلیسی جەختی لێ کردۆتەوە مالیکی خراپترین بژاردەکانی ئەمریکا بووە بۆ سالانی رابردووی..

## دووەم

لە دۆخێکی هاوشێوەی وادا عێراق خۆی دەبینێتەوە، لەبەردەم ئەوەی چۆن دەوڵەتمەداران هەڵسوکەوت دەنوێنن و سنووری بەرپرسیارێتیان لە کوێدایە و بەپێی چ پێوەرێك بڕیارەکانیان دەردەچووێنن؟

فەیلەسوفی بەریتانیایی (ر.م.هێر) دەڵێت((ئەگەر زۆر لەو خەڵکانەی خۆیان بە کاروباری سیاسەتەوە سەرقاڵ کردووە بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی سیماکانی فیکری رۆشنگەریی بۆ چارەسەری دۆخەکان بخەنە کار، لەو بارەیەشەوە چاوتیژیی سیاسییانەیان بیانگەیەنێتە ئەو ئاستی فیکرییە، کەواتە لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە کاری سیاسی ناشەرعی پێویست نییە، چونکە زیانەکانی زۆر زیاترن لە خێروبێرەکانی، ئەوەش رووەدات ئەو کەسانەی لە بواری سیاسەت کار دەکەن ئەو کەسانە نین کە ئەو سیمایانەی رۆشنگەریی بناسن، ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بوایە حەق نییە کەس گەشبین بووایە، بە هەرحاڵ خەڵکانێك کە زیاتر ئەمڕۆ هەڵکەوتوون کەسانێکن سەر بە چینە تەمومژاویەکانن، ئەوانەی چاوتیژیی سیاسییان نییە)).

کەواتە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق پێویستیان بەوەیە بەپێی چوارچێوەی فکری رۆشنگەرانەی مرۆڤایەتی بجوولێنەوەو بیرتیژی و زیرەکی سیاسییانەیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی گرفت و کێشە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکانی وڵاتدا..

ئەو پیاوە سەرکردانە پێویستە دەوڵەتمەدار بن، نەك تەنیا پیاوانی سیاسەتمەدارو پیاوانی سەر بە حزبەکان و حزبی بن..

شرۆڤەکردنی سایکۆ- سۆسیۆلۆژیی دەوڵەتمەداریی دەریدەخات کە هەشت نموونە یان(مۆدێل)ی گەورەی هەیە:

* نموونەی هەڵچوو (ناپلیۆن)
* نموونەی هەڵچووی تووڕەی خێرا( دانتۆن – یەکێکە لە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا)
* نموونەی هەڵچووی سۆزدار(رۆبسپیێر- یەکێکە لە گەورە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا)
* نموونەی هەڵچووی دەمارگیر( شاتۆبریان- سیاسەتمەداری فەرەنسی)
* نموونەی هەڵنەچوو، بەڵام کارا یان سست( فرانکلین، واشنتۆن)
* نموونەی هەڵنەچوو، بەڵام کاراو خوێناوی( لویسی

سەرکردە سیاسییەکانی عێراق پێویستیان بەوەیە بەپێی چوارچێوەی فکری رۆشنگەرانەی مرۆڤایەتی بجووڵێنەوەو بیرتیژی و زیرەکی سیاسییانەیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی گرفت و کێشە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکانی وڵاتدا

بیانووەکانی دیموکراسی پێویستە جەخت لەوە بکەنەوە کە هەڵبژاردن بریتی نییە لە گوزارشت یان تاکە میکانیزمی دیموکراسی، بەڵکو ئەو بیانووانە پێویست بە بیرکردنەوە دەکات لە پرەنسیبە بنەڕەتییەکان و بیرکردنەوە دەربارەی ئەو بارودۆخەی کە دیموکراسیی تێدا جێبەجێ دەکرێت

هەژدەهەم، تالیران)
* نموونـــەی هەڵنەچـــوو، بەڵام نـــاکارا و گێل( لویســـی پازدەهەم)
* نموونـــەی هەڵنەچوو، بـــەڵام ناکارا یان دژەباو(لویســـی شازدەهەم)

ئەم نموونانە دەکەونە بەردەم هەڵوێســـتە مێژووییەکان، دواجار پۆلێنکردنێکی دیکەی کەسایەتیی دەوڵەتمەداری بەدوادادێت، ئەم پۆلێنکردنەش لە نێوان ئەم دوو نموونەدایە:

* نموونەی بڕواداریی (لینین) و نموونەی هەڵپەرســـت (لوید جۆرج، لاڤال): لە زۆربەی نووســـینەکانی مێژووی سیاسیدا ئامـــاژە بە لوید جـــۆرج ( David Lloyd George ١٨٦٣-١٩٤٥: ســـەرۆکی پارتی ئازادیخوازان و ســـەرۆك وەزیرانی بەریتانیا١٩١٦-١٩٢٢) دەکرێت وەك نموونەیەکی سیاســـیی هەڵپەرستی زووگۆڕ کە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە ((هەرگیز بڕوام نییە بە دووڕەگەیاتی رووکەشـــانەی پڕبەها، چ لە شەڕ یان لە سیاسەتدا، لە کاتێکدا لەتوانادا هەبێت شێوازێکی دیکە بدۆزرێتەوە))هەروەها((ئـــەو یەکلاییکردنەوەی ئەنجامدەدرێت هـــەر چۆنێك بێت، ئەوا پێوەندیی نییە بەو هەلومەرجانەی کە تێیـــدا ئەنجامدراوە، جا ئەگەر گۆڕانکاریی لەو هەلومەرجانە هاتەئاراوە ئەوکاتە گۆڕانکارییەکانی خودی یەکلاییکردنەوەکە دەبێتە ئەرکێکی پێویست)).

نموونەیەکی دیکەی سیاســـەتمەداریی هەڵپەرســـتی ڕاڕا و گۆڕدراو ئەویش(ئارســـتید بریان Aristide Briand ١٨٦٢-١٩٣٢ســـەرۆك وەزیرانـــی فەرەنســـا بۆ ١١ جـــار) کە بەوە ناسراوە(نموونەی جوانی هەڵپەرستی)یە کە لەلایەن ناحەزانیەوە بەم شـــێوەیە وەســـف کراوە: ((بریان خۆی ئەڕستۆ بوون و بە ئاژەڵێکی سیاســـی ناوزەد دەکرا، ئـــەو مرۆڤە بوو کە چێژی وەردەگرت و حەزی لە سیاســـەتی هەنووکەیی بوو و هەستی پێ دەکرد، ئەو مرۆڤەی کە بەوە ناســـرابوو دەرکی بە هەموو ڕاڕاییـــەك دەکـــردو ملی بۆ کەچ دەکـــرد و جارێك خۆی بۆ دەچەمانـــدەوەو جارێکی دیکەش پەلامـــاری دەدا، بەڵام ئەم هەموو بەهـــرە بەرزانە رەنگدانەوەیان هەبـــوو، مرۆڤ دەبێتە بەندکراوی نێو چواردیواری سیاسەتی هەنووکەیی کە دووچاری کورتبینی دەکات، ڕاوێژکاری ئەڵمانی و بەدیهێنەری یەکێتیی ئەڵمانیا(بســـمارك Bismarck ١٨١٥-١٨٩٨) نموونەیەکی دیکەی دەوڵەتمەدارێکی هەڵپەرســـتە کە لە ســـاڵی ١٨٤٩دا لێدوانێکیدا بەوەی کە گەمژەیی لەوەدا نییە کە هیچ شـــتێك لە سیاســـەتدا ناگۆڕێت، هەروەها ئەوەندەش گرنگ نییە کە ئەوەی مرۆڤ بەر لە ٢٥ ســـاڵ گوتوویەتی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بزانرێت کام شت بەسوود و پێویستە بۆ دەوڵەت.

* نموونەی خەباتگێڕ (ویلسن) و نموونەی ریفۆرمخواز(بریان): ویلسن دەریدەخات کە خەباتگێڕی بیرۆکەیەکە کە بڕوای پێی هەیە کاتێ دەڵێت: تێکدەشـــکێم و دادەنەوێم، حەزدەکەم هەست بە وروژاندنێکی جوان بکەم لەناو خوێنمدا کاتێ خەبات دەکەم لەپێناو شتێك کە لە خۆم گەورەتر بێت.

لەســـەرئەو هەموو نموونانەی دەوڵەتمەداران پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی چالاکیی سیاســـییان ئـــەوە لەبەر چاوی خۆیان دابنێـــن کە ئـــەوان لێرە لـــە دەوڵەتدان لە پێنـــاو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی. لەسەر دەوڵەتمەداران پێویستە وێنەیەکی ســـەقامگیری بەرژەوەندیی نیشـــتمانی بهێننەکایەوە، دەبێ ئـــەم وێنەیەش لە رەفتارو و بڕیارو سیاســـەتەکانیاندا رەنگ بداتەوە.

بیانووەکانی دیموکراســـی پێویســـتە جەخت لەوە بکەنەوە کە هەڵبـــژاردن بریتی نییە لە گوزارشـــت یان تاکە میکانیزمی دیموکراســـی، بەڵکو ئەو بیانووانە پێویســـت بـــە بیرکردنەوە دەکات لە پرەنســـیبە بنەڕەتییەکان و بیرکردنەوە دەربارەی ئەو بارودۆخەی کە دیموکراســـیی تێدا جێبەجێ دەکرێت، کەواتە ئەوە بەس نییە کە ســـەرکردەکانی عێراق بڵێن دیموکراســـی شتێکی باشـــە و فۆرمێکی باشی حوکمڕانییە، بەڵکو لێرەدا گرنگ ئەوەیە داکۆکی لێ بکەن بەپێی پاساوگەلێك کە پشت بـــە فاکتەری مێژوویی و سۆســـیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژیەکان دەبەستێت، ئەمەش بە مانای گفتوگۆکردنە دەربارەی بوونی دیموکراسی، ئەم گفتوگۆکردنە چەند پرسیارێکی مەترسیدار دەخاتەڕوو کە پێویســـتیان بە وەڵامی یەکلاکەرەوەیە کە ئەوە خۆی لەخۆیدا تەنیا وەڵامی دروستن بۆ ئەو پرسیارانە.

لەو پرسیارانەی کە لێرەدا خراونەتەڕوو:

بنەماکانـــی مانەوەی دەوڵەت(ئاسایشـــی دەوڵەت)چین؟ کە هەرگیز وێنا ناکرێ و ناچێتە عەقڵەوە کە دەوڵەتمەدار پرسی ئاســـاییش و مانەوەی دەوڵەت لە سەرووی ئەولەویاتی خۆی دابنێت.

پارێزگاریکردن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی دەوڵەت و نەهێشتنی فاکتەرەکانی پەرتەوازەبوونی کۆمەڵایەتی؟

## ● کارکردن لەسەر پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی

بـــەر لە هەموو شـــتێك دیســـان: کارکـــردن بـــۆ بنیادنانی هەیکەلبەندێکی یەکگرتووی پتەو کە گوشـــارەکانی ژیانی سیاسیی بگرێتەخۆو بیانگۆڕێت بۆ سیاسەت و بڕیارگەلێکی پەسندکراو لەلایەن کۆمەڵگەو هاووڵاتیانەوەو بەشداریش بکات لە پاڵپشـــتی کردنی شـــەرعییەت و بەردەوامیی سیستەمی حوکم.

کەواتـــە لە دەوڵەتێکـــی وەك عێراقدا، زۆر پێویســـتە واقعی وڵات لەبەرچاوبگیرێـــت کـــە شـــێوازێك دەســـەپێنێ رەنگە لەگەڵ ئـــەم واقیعەدا نەگونجێت، لـــەم حاڵەتانەدا هەروەکو پرۆفیسۆر (لیبهارت) دووپاتی دەکاتەوە، پەنابردن بۆ تەوافوق لـــە پێکهێنانی حکومەتی تازەدا زیاتـــر عەقڵانی دەبێت بۆ بەلاوەنانی کێشـــەکان، هەروەها هاوســـەنگییەکی پێویســـت دەخولقێنێت.

بەڵام هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە هۆی چاونوقاندن لە ئاست کێشە مەترسیدارەکان کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی عێراق دەبنەوە، هەروەها بادانەوە لە ئاســـت ئەو فاکتانەی لەســـەر ئەرزی واقیعدا بوونیان هەیە، ئەمانە قەیرانی زۆر ســـەخت و قووڵ لە ســـێکچەری سیاسەتی دەوڵەت دێننەئاراوە، هەروەکو پرۆفیسۆر (هنتکتن) بەر لە نیو سەدە پێش ئێستا دەستنیشانی کردووە ئەو کاتەی کە توێژینەوەی لەسەر قەیران و کێشەکانی سیستەمی سیاسیی دەکرد.

**لە دەوڵەتێکی وەك عێراقدا، زۆر پێویستە واقیعی وڵات لەبەرچاوبگیرێت کە شێوازێك دەسەپێنێ رەنگە لەگەڵ ئەم واقیعەدا نەگونجێت، لەم حاڵەتانەدا هەروەکو پرۆفیسۆر (لیبهارت) دووپاتی دەکاتەوە، پەنابردن بۆ تەوافوق لە پێکهێنانی حکومەتی تازەدا زیاتر عەقڵانی دەبێت بۆ بەلاوەنانی کێشەکان، هەروەها هاوسەنگییەکی پێویست دەخولقێنێت**

**ئەوە بەس نییە کە سەرکردەکانی عێراق بڵێن دیموکراسی شتێکی باشە و فۆرمێکی باشی حوکمڕانییە، بەڵکو لێرەدا گرنگ ئەوەیە داکۆکی لێ بکەن بەپێی پاساوگەلێك کە پشت بە فاکتە مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژیەکان دەبەستێت**

# پرسیارەکانی پێش نەخشە ڕێگای دەوڵەتی نەتەوەییمان

نەخشەڕێگا یان (ڕۆد ماپ) زاراوەیەکە بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٨٨٣)دا بەکارهاتووە، کەبەپێی (وێبستێر دۆت کۆم) بریتییە لە: پلانێکی وردەکار، بۆ گەیشتن بەئامانجێك.

بەمانایەکی دیکە، نەخشەڕێگا: بریتییە لەو ڕێنمایی و هاوپێچ و خشتەی کاتانەی سەرەتاو کۆتایی و، ئەو هەنگاوانەی کەیارمەتیمان دەدەن بۆ نیشاندانی ڕێگەی گەیشتن بە:

یەکەم: باشترین بژاردە، واتە دۆزینەوەی باشترین بژاردە لەنێو چەندین بژاردەی ئامادەکراودا.

دووەم: کەمترین تێچوو، واتە کەمترین زیانی هەبێت لەهەردوو حاڵەتی سەرگرتنی یان سەرنەگرتنی پرۆژەکەدا.

سێیەم: مسۆگەرترین ئەنجام، واتە نزیکترینیان لەسەرکەوتنەوە بەهۆی هۆکارە خودی و بابەتییەکانەوە.

لەوانەیە کەسێك بپرسێت سوودی نەخشە ڕێگا چییە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: نەخشەڕێگا یارمەتیمان دەدات لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە:

بۆچی ئەم باسە بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت، نەك بەشێوەیەکی دیکە؟

بۆچی هەنگاوەکانی بەم شێوەیە داڕێژراوە نەك بەشێوەیەکی دیکە؟

بنەماکانی نەخشەڕێگا چین؟

هەر نەخشە ڕێگایەك (٣) بنەمای پێویستە:

١- ڕێککەوتن لەسەر ئامادەکارییە پێویستەکان، واتە ئەو کەرەستە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کەپێویستن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەنەخشەی بۆ دەکێشین.

٢- میکانیزمی ڕاگەیاندنی ناوەڕۆك، واتە کەی؟ چۆن؟ لەکوێ؟ ناوەڕۆکی ئەو نەخشەڕێگایە ڕادەگەیەنین؟

٣- چوارچێوەیەکی گشتیی بۆ هەماهەنگیی بەرەوپێشچوونەکانی نەخشەڕێگاکە، ئەمەش لە(٣) لایەنەوە:

یەکەم: چالاکییە سەرەتاییەکان کە بریتییە لە زەمینەی پلانەکە، کەئەویش(٣)قۆناغی هەیە:

١- خوێندنەوەی ئەو بارودۆخەی کە هەڵمەتی بانگەشە بۆ پلانەکە تێیدا کار دەکات.

٢- دیارکردنی چوارچێوەی کاری پلانەکە لەنێو نەخشە ڕێگاکەدا.

٣- دیارکردنی سەرکردەیەك یان سەرپەرشتیارێك بۆ ئەم قۆناغە.

دووەم: بەرەوپێشچوونی پلانەکە لەکاتی جێبەجێکردنیدا کەبریتییە لە: ناساندنی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکە، شوێنەکەی، کاتەکەی.

سێیەم: بەدواداچوون، چونکە نەخشەڕێگا بەردەوامیی و دەستکاریکردنی تێدایە بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی کە لەزەمان و زەمینی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا دێنە ئاراوە.

ئێستا سەبارەت بەهەر نەخشە ڕێگایەك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەییمان، ئەم پرسیارانە پێویستییان بەوەڵامێکی کۆنکریتییە بۆ ئەوەی خاوەن بڕیاری سیاسیی بتوانێت لەبەر ڕۆشنایی وەڵامەکانیدا نەخشەڕێگایەك بکێشێت:

پرسیارەکان:

یەکەم: پاساوەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت چین؟

پاساوی یاساییین وەك ڕێککەوتننامە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەکوردەوە؟ کامانەن ئەو ڕێککەوتننامانە؟ ئایا دیباجەی دەستووری عێراقە؟ یان (١٦) خاڵەکەی ساڵی (١٩٣٢) کەعێراق بەڵێنی پاراستنی نەتەوەکانی نێو عێراقی داوە؟

یان پاساوی سیاسیین وەك ڕەفتاری حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق؟ جینۆسایدو کوردقڕان؟

دووەم: ناوی دەوڵەت چی دەبێت: دەوڵەتی کوردی؟ یان کوردستان؟ لەسەر کامیان کۆکین ؟ بۆچی؟

سێیەم: شوێنی ئەم دەوڵەتە کوێیە؟: کوردستانی گەورە؟ یان کوردستانی باشوور؟ بۆچی باشوور؟

ڕووبەری ئەم دەوڵەتە چەندە لەکاتی ڕاگەیاندنیدا؟ ئەم سنورەی ئێستای هەرێمە؟ یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشی دەخرێتەسەر لەسەرەتاوە؟ یان دواتر دەخرێتە سەری؟

چوارەم: کاتی ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتە کەی بێت باشە: ئێستا؟ یان لە(٢٠١٦)؟ یان دواتر؟ بۆچی؟

پێنجەم: ئایا دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنین بۆ هەمیشە؟ یان سەربەخۆیی بۆ کۆنفیدڕاڵی لەگەڵ عێراقدا؟ بۆچی کۆنفیدڕاڵیی لەگەڵ عێراقدا؟

شەشەم: کامە دەوڵەتی زلهێز پاڵپشتێکی نێودەوڵەتییە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە ڕایدەگەیەنین؟ بەریتانیا؟ یان ئەمریکا؟ یان ڕووسیا؟ ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتە لەبەرژەوەندیی کامیانە؟

کاردانەوەی نێودەوڵەتیی هەریەك لە عێراق و ئێران و تورکیاو ئوردون و وڵاتانی کەنداو چی دەبێت؟

حەوتەم: کارتەکانمان چۆن وەبەردەهێنین؟ کارتی نەوت و غازی هەرێم؟ کارتی وەبەرهێنان؟ کارتی کونسوڵخانەو پێوەندییە دیپلۆماسییەکان؟

هەشتەم: کۆڕای نیشتمانیی و نێوخۆیی تاچەند لەبارە؟ حزبەکان چۆن و چی دەکەن بۆ ئەم هەنگاوە؟

نۆیەم: پێکهاتەو نەتەوەکانی نێو هەرێم، کاردانەوەو ڕای فەرمیی و ڕاگەیەنراویان چییە لەحاڵەتی ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتەدا؟

دەیەم: کاردانەوەو ڕەفتاری یاسایی و سیاسیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و ئاژانسەکانی سەر بە (یو ئێن) چۆن دەبێت لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەم دەوڵەتەدا؟

ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە، وەڵامەکانیان زۆر پێویستن بۆ دانانی ئەو نەخشەڕێگایەی کەدواتر یارمەتیمان دەدات بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتەی کەهەموومان لەمێژە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەین.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

# سەد ساڵ بۆ کورد



د.کەیوان ئازاد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئەو سەرکردەیەی کورد، وا باشترە لە تێڕوانین و تێگەیشتنی کەسانێکەوە سەرچاوە بگرین، کە بۆ ساتێك پێیگەیشتن یان تۆمارێکی شیکارییانەیان لەسەر ژیاننامەی کەسایەتییەکەی نووسی. ئامانجیش لەم نووسینەمان بۆ ئەوەیە، تا نەوەکانی ئەمرۆ و ئایندە، لە خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردەیەی کورد تێبگەن.

لەم بارەوە(دانا ئادەمزشمیت) وەك رۆژنامەنووسێکی ئەمریکی، کە کتێبێکی نایابی لەسەر(کورد و شۆڕشی ئەیلوول) بەناوی (سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان) نووسیوە، سەبارەت بە (بارزانی ) نووسیویەتی ئەگەر بارزانی لە شانۆ نەمێنی، ئەستەمە بتوانین جووڵانەوەی نیشتمانی کورد بە یەکپارچەیی و بەهێز و پتەو ببینین. ئەو پیاوێکە کورد هەرگیز ناتوانیت دەستبەرداری ببێت". لەم بۆچوونەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە ئەو سەرکردەیە بۆ کورد پێویست بوو، دوای کۆچی دوایشی دەرکەوت، کە بە ونبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی بۆ چەندین پارت و رێکخراو و باڵی نەیار بە یەك دابەشبوون. هەر وەك رووداوەکانی دوای ساڵی (١٩٧٩ز) شاهیدی ئەو راستییە بوو.

(رێنیە مۆریس)ش وەك رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی لە بەرهەمێکیدا بە ناوی (کوردستان یان نەمان) نووسیویەتی (مەلا مستەفا بارزانی )، کە ئەمە ناوی تەواوی سارد نابێتەوە. بێ راوەستان پێشوازی لە کادیرە عەسکەرییەکان و کادیرە حزبییەکان و حەبیب محەمەد کەریم و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و سادەترین پیاوانی پێشمەرگە دەکات. هەر وەك چۆن یەك بە یەك پێشوازی لە پیاوماقوڵان و گەورە پیاوانی میللەت دەکا. ئەو دەیەوێ گرنگی بە هەموو شت بدات و ئاگاداری هەموو رووداوێك بێت. شەوانە چاوەڕوانی کوڕەکەی (ئیدریس) دەکا، کە راپۆرت دەربارەی چالاکییەکانی پێشکەش بکات و فرمانی لێ وەربگرێ". هەروەها دەنووسێت جێگای دانیشتنی هەمیشەیی ئەو یان زەوی رووتە یان بە رایەخ راخراوە. تاکە دیمەنی خۆشگوزرانیی ئەو پیاڵەی چایە".

(کیسیلیۆف)یش وەك خۆرهەڵاتناسێکی رووسی نووسیویەتی ئەو سەرکردە بوو بە پەروەردەبوونەکەی، بەڵام لەخۆبایی و لەخۆگۆڕاو نەبوو. هەروەها زۆر مامەڵەی خۆش و سادە بوو. هەرگیز حەزی بە پیاهەڵدان نەدەکرد، هەر بۆیە رقی لەوانە دەبووەوە، کە پێیدا هەڵدەدەن"

لەم دەقانەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە ئەو سەرکردەیەکی زۆر سادە لە ژیان و هەڵسوکەوت و ورد و وریا لە بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی و بزووتنەوەکەی بوو. ئەوەش خەسڵەتی سەرکردە شۆڕشگێڕە مێژووییەکانی دنیا بوون.

(عەلی ئەسغەری ئیحسانی ) وەك ئەفسەرێکی ئێرانی و ئەندامی ئەو هێزەی نێردرا بۆ لێدانی بارزانییەکان لە دوای رووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان، لە تۆمارێکیدا نووسیویەتی ئەوهەمیشە دەیگووت: هەموو شتێکی من تفەنگمە، تا ئەو تفەنگەم هەبێ هەرگیزاو هەرگیز زەلیل نابم، تێدەکۆشم، شەڕ دەکەم، دوژمن دەکوژم و دەکوژرێم. ئێستاش رووخساری پیاوانەی ئەوم هەر دێتەوە یاد". دیارە ئەو وەك ئەفسەرێکی ئێرانی، کە خۆی بە نەیارێکی (مستەفا بارزانی ) دەزانی، بەڵام بە ویژدانەوە واقیعیەتی ژیانی ئەوی تۆمار کرد. گەورەیی بارزانییش لای ئەو ئەفسەرە ئێرانییە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دوای رووخانی

کۆماری کوردستان، (مستەفا بارزانی) رابەری بارزانییەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کرد. ئەوەش بەوەی باوەری بەوە نەبوو ملکەچی بۆ دەوڵەتی شاهنشاهی ئەوسای ئێران نیشان بدات، چونکە لە کۆماری کوردستانی دا. لەو کۆچەشیدا لە چەند شەرێکدا چەند جارێك زۆر بە سەختی سوپای ئێرانی تێکشکاند. شەرەکانیش (نەڵوس) لە (٥ی ئازاری١٩٤٧ز) و (گۆجار) لە (١٣ی ئازاری١٩٤٧ز) و شەری نێوان (نەغدە-شنۆ) لە (١٨ی ئازاری١٩٤٧ز) و شەری (قارنە) لە (٢٤ی ئازاری١٩٤٧ز) و شەری (هەلەج) لە (٢٥ی ئازاری ١٩٤٧ز) بوون. هەر ئەو قارەمانیەتییەش ئەو ئەفسەرە ئێرانییەی گەیاندە ئەوەی، کە بڵێت تا ئەو تفەنگەم هەبێ هەرگیزاو هەرگیز زەلیل نابم، تێدەکۆشم، شەر دەکەم".

(د.عادل تەقی عەبد موحەممەد ئەلبەلداوی) وەك کەسێکی ئاکادیمی لە بەرهەمێکیدا بە ناوی (تێکۆشانی گەلی کورد و پێگەی بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی عێراقدا) نووسیویەتی: ئەو شوێنەوارەی بارزانی لەسەر ئاستی سەرکردایەتییەکەی بۆ کێشەی کوردی بەجێهێشت، بۆ ماوەیەکە دەخوازێت هەموو سەرکردەیەکی بوێر و ئازای کورد لە داهاتوودا بۆ سەرخستنی کێشەکەیان پیادەی بکەن". ئەو وتەیەش پێچەوانەکەی هەر راستە واتە کاتێك سەرکردەیەکی تری کورد بە پێچەوانەی (بارزانی) بریاری سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دا، بزووتنەوەکە بەرەوە سەرکەوتن ناروات. گەر هەندێکیش هەبن وا بیربکەنەوە، کە تا ئەو سەرکردەیەی کورد سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەکرد، پرۆسەکە بە سەرکەوتن نەگەیشت، وەك دوای ئەو کورد پێی گەیشت؟ ئەوا لە وەڵامی وەها پرسیارێکدا تەنیا ئەوەندە بەسە، کە بڵێین: ئەو سەرکەوتنانەی کورد دوای راپەرینە مەزنەکەی کورد و پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بەدەستیان هێنا تەنیا لە ئازایەتی و لێهاتوویی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و جەماوەری راپەریووی کوردستان و وورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوو، بەڵکو ئەوە سیاسەتێك ئەوەی کرد، کە دەوڵەتی عێراقی لە کوێت دەرکرد و دواتر بە لاوازبوونی رژێمی بەعس لە عێراق زەمینەی راپەرینی رەخساند، نەوەك بوێری جەماوەر و پارت و رێکخراوە کوردستانییەکان. راستییەکەشی هەروایە، گەر(سەدام حوسێن) و سیاسەتی رژێمەکەی هێزەکانی سوپای عێراق لە (٢ی ئابی١٩٩٠ز) دەوڵەتی کوێتیان داگیر نەکردایە و دواتر بەهۆی (سی) دەوڵەتەوە لەو وڵاتە دەرنەکرانایە و زەمینەی راپەرینێکی فراوان لە عێراقدا بە بەشە کوردستانییەکەیەوە نەدەرەخسا.

(لازاریف)یش وەك کوردناسێك لەم بارەوە نووسیویەتی: بارزانی کەسایەتییەکی نێوەند و دیاری سیاسی و سەربازی بزووتنەوەی رزگاریخوازی بوو نەك هەر لای کورد، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەراستیشدا بێ وێنە بوو". بەم بۆچوونەش بێت ئەو زیاتر لە (گاندی و جەواهیر لال نەهرۆ و تیتۆ و جەمال عەبدولناسر) گرنگتر بوو، بەڵام زەمینەی خەباتی ئەوان و بارزانی جیاواز بوو.

لە لایەکی ترەوە (کەنداڵ نەزان) وەك یەکێك لەو توێژەرانەی جێ پەنجەی بەسەر شیکارە مێژووییە سیاسییەکانی کوردەوە دیارە، سەبارەت بە (بارزانی) نووسیویەتی: لە سەردانێکمدا بۆ ناوچەکانی قەرقیزستان و تاجیکستان و هەرێمەکانی ئاسیای ناوەراست لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لە ماڵی زۆربەی زۆری کوردەکانی ئەو ناوچە و هەرێمانە وێنەی (بارزانیی نەمر)م بینی، کە بە شوێنێکی دیاری ماڵەکانیانەوە هەڵیانواسیبوو. بۆ ئەو مەبەستە پرسیارم لە هەر کەسێك کرد، کە ئێوە ئەو وێنەتان بۆ هەڵواسیووە؟ لە وەڵامدا هەر یەك لەوان دەیووت (ئەو وێنە نیشانە و دروشمی کوردایەتی ئێمەیە. ئێمەش بۆ ئەوە وێنەکەیمان هەڵواسیووە، تا هەر کەسێك هاتە ماڵمان و سەردانی کردین، بزانێت، کە ئێمە کوردین". کەواتە (بارزانی) لای کوردەکانی ئاسیای ناوەراست نیشانەی کوردبوونی خێزانەکانی ئەو بەشەی کوردستان بووە.

(پاڤێ نازێ)یش وەك رۆژنامەنووسێکی کوردی رووسیا، لە تۆمارێکیدا نووسیویەتی: بارزانی دژی بەکارهێنانی هەموو جۆر تیرۆر و تۆقاندنێك بوو بۆ لێدانی دوژمنەکانی کورد، لەکاتێکدا دەوڵەتە زلهێزەکان لە هەر کاتێك پێویستیان بووبێت پیادەیان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی ئەو راستییەی زۆر باش دەزانی، بەڵام هەرگیز لە ژیانیدا پیادەی نەکرد و بەکاری نەهێنا. ئەوەش گەورەیی ئەو کەسایەتییە بوو، کە لەگەڵ توندوتیژی و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو نادروست بوو. دیارە ئەگەر هەندێك وای بۆچووبن، کە کوا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە درێژایی بوونی خاوەنی چەکی گەورە و قەدەغەکراو بووە؟ ئەوا راستە، بەڵام خۆ دەیتوانی کۆمەڵێ نهێنی و خۆتەقێنەر(خۆکوژی) دروست بکات و لە بەرامبەر دوژمنەکانی کورد و بەتایبەت لە بەرانبەر سەرانی بەغداد بەکاریان بهێنێت، بەڵام هەرگیز ئەو کارەی نەکرد.

لە پەراوێزی ئەو تۆمارانەی سەرەوەدا دەبێت بڵێین: بە راستی (مستەفا بارزانی) بە هەموو ماناکانی سەرکردە بوو، بۆیە جێگای خۆیەتی چەندین ئەزموونی مێژوویی لە ژیان و کەسایەتییەکەی وەربگرین.

---

ئەو سەرچاوانەی سوودمەند بوون لە نووسینی ئەم بابەتەدا:
١. دانا ئادامز شمیدت: سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرگێرانی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل٤٨٦.
٢. رێنیە مۆریس: کوردستان یان نەمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل٢٣٤.
٣. م.س. لازاریف و،ا.ف. کیسیلیوف و الاخرون: البارزانی شهاده و تاریخ، ترجمه: د.پاڤێ نازی و د.عبدی حاجی، الطبعة الاولی، من منشورات مرکز سپیریز الطبعة و للنشر-دهوك، اقلیم کوردستان العراق- العراق، ٢٠٠٥م، ص١٢٤.
٤. علی اصغر احسانی: بارزانی و پاشەکشەی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل٦٤.
٥. (مسعود البارزانی: البارزانی و الحرکة التحرریة الکردیه- ثورة بارزان (١٩٤٥-١٩٥٨م)، الطبعة الاولی، کردستان، ١٩٨٧م)
٦. د.عادل تقی عبد محمد البلداوی: نضال الشعب الکردی و موقع البارزانی في الوثائق العراقیه السریه، الطبعة الاولی، بغداد، العراق، ٢٠٠٣م، ص٣.
٧. ژیرارد چاڵیاد و ئەوانی تر: گەلێکی پەژمووردە و نیشتمانێکی پەرت (کورد و کوردستان) وەرگێرانی لە فارسی و عەرەبییەوە: م. گۆمەیی، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٨ز، ل٣٧٥.
٨. پاڤێ نازێ: البارزانی شهاده و تاریخ، ص١٣.

# وانەکانی رووداوەکەی سۆما

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



هەندێك، ئەم رووداوە بەم دەستەواژەیە وەسف دەکەن، «ئەو رووداوەی بە هەڵە روویداو و سەری کێشا بۆ دەرئەنجامگەلێکی سلبی». هەندێك ئاماژە بە «بەدبەختیەك دەکەن کە تێیدا —خەڵکانێك- سەر و ماڵیان تیاچوو». هەندێکیش بۆ وەسفکردنی رووداوەکە، ئەم دەستەواژانەیان بەکارهێنا «پێشبینی نەکراو، نەخوازراو، بەرنامە بۆ دانەنراو، ناپێویست». لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بگەڕێین ئەوا زۆرێك لە فەرهەنگەکاندا ئەم دەستەواژەیەش بەدی دەکرێت کە «ئەگەر پێشوەختە ئەو هەل و مەرجانە دیاری بکرانایە کە سەریان کێشا بۆ ئەو رووداوە، و رێوشوێنی پێویست بگیرایەتەبەر، ئەوا دەتوانرا زیانەکە سنوردار بکرێت، یاخود بە رادەیەکی زۆر رێگە لە رووداوەکە بگیرایە».

دەکرێت هەمان شت بووترێت لەسەر حوکمی دادگای باڵای تێهەڵچوونەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حوکمێکی دادگا (٢٠٠٩)، کە بڕیاری بێتاوان بوونی کرێکارێکی کانەکانی دەرکرد بوو، لەبەرامبەر رووداوێکدا، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەوە رووداوێکی «حەتمی» بووە. حوکمی ژووری (١٠)ی دادگای باڵا نموونەیە لەم رووەوە: «حەتمیەت چەمکێکە کە باس لەو هەل و مەرجانە دەکات کە تێیاندا زەرەر و زیان دەکەوێتەوە، ئەمە سەرەڕای گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بەپێی ئەو توانا زانستی و تەکنیکیانەی، کە لەکاتی رووداوی رووداوەکەدا لەبەردەستدا بوونە. ئەوە راستیەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە دەکرا بە تەواوەتی رێگە لە ئەگەری رووداوی رووداوەکە بیگرایە ئەگەر بەرپرسەکە بواری بە قوربانی رووداوەکە بدایە کە سەرجەم ئامراز و هۆکارە پێویستەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکە بەسەلامەتی، بەکار بهێنێت».

بەپێی داتاکانی ٢٠١٠، تورکیا زۆرترین رێژەی رووداوی کانەکانی -خەڵوزی- تۆمار کردووە، بە بەراورد بە هەموو ئەو وڵاتانەی دیکە کە کانیان تێدایە. چین و ئەمریکا دوو گەورەترین وڵاتن لەڕووی کانی خەڵوزەوە. بەڵام ژمارەی مردووەکان لە کانە خەڵوزەکانی چیندا بریتییە لە ٤,٠٨ بۆ هەر ملیۆن تەنێك. لە ئەمریکا بریتییە لە ٠,٠٠٣ لە کاتێکدا لە تورکیا بریتیە لە ٧,١٠ .

زیاتر لە ٤٨ هەزار کەس لە تورکیادا کار لە پیشەسازی کانە خەڵوزەکاندا دەکەن. لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردودا ٣،٠٩٨ کرێکار گیانیان لەدەست داوە لە رووداوەکاندا. لە ناوچەی سۆمادا، کە شوێنی رووداوەکەی ئەم دواییەیە، باس لە رووداوی ٥ هەزار رووداو دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٣دا.

لە کاتێکدا زۆرێك لە ناوچەکان پرۆژەکان بەڕێوە دەبەن، ئەوا کانەکانی خەڵوز بە تایبەت کراون یاخود لەم ساڵانەی دواییدا مافی دەرهێنانی خەڵوز دراوەتە پرۆژە تایبەتیەکان. پێش ساڵی ٢٠٠٨، لە ماوەی بەڕێوەبردنی ناکارای پرۆژەی خەڵوز... کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە خاوەندارێتی دەکرا، رێژەی ٤،٤ دەمردن لە رووداوە کوشندەکاندا. هەرچۆنێك بێت، دوای بە تایبەت کردن، ئەم رێژەیە هەڵکشا و بەرز بۆوە بۆ ١١،٥.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هێشتا تەکنەلۆجیای بەکارهاتوو نەگۆڕاوە(تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هێشتا شێوازی کۆن و تەقلیدی هەڵکۆڵین بەکار دێت)، ئەوا کرێکاران کەوتوونەتە ژێر فشارەوە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر، ئەمە لە کاتێکدا پاڵنەرێکی



کەم و وەبەرهێنانی کەم کراوە بۆ پاراستنی سەلامەتیان. بەو پێیە پاڵنەری قازانج لەسەر حسابی سەلامەتی کار دەکات.
هۆکارێکی دیکە کە بە شێوەیەکی گونجاو پشکنین بۆ رێوشوێن و رێککار و ستانداردەکانی سەلامەتی ناکرێت، بریتییە لە ترساندنی یەکێتیەکانی کار، و هێزی ئەم یەکێتیانە بەرەو پوکانەوە دەچێت. لەم ساڵانەی دوایی حکومەت پتر هەڵوێستێکی دوژمنکارانەتری گرتەبەر لەدژی یەکێتیەکانی کار و لەبەرامبەردا پشتیوانی وەبەرهێنەرەکانی کرد بۆ دوورخستنەوەیان لە شوێنی کارکردن. لە دەرئەنجامدا، ژمارە رەسمیەکانی دامەزراوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئاشکرای کرد کە ١٠,٣١٤,٠٩٥ کرێکاری تۆمارکراو تەنیا ٩٢٢،١٨٨ لە یەکێتیەکان تۆمار کراون. کەواتە ئەم رێژەیە دەگاتە ٨,٩٤٪ بەپێی ژمارەکانی وەزارەتی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ژمارەی کرێکاران لە کەرتی تایبەتدا، ئەوانەی سوودمەندن لە گرێبەستی کار لەگەڵ بەرپرسانی کاردا، لەرێی یەکێتیەکانەوە بریتییە لە ٣٧٠ هەزار کەس. ئەمەش وا دەکات رێژەی تۆمارکردن لەرێی یەکێتیەکانەوە لە کەرتی تایبەتدا رێژەیەکی زۆر بچووك بێت کە بریتییە لە ٣,٥، ئەم رێژەیەش لەو رێژەیە نزمترە کە لە کاتی کودەتا سەربازیەکاندا هەبوون، و تەنانەت نزمترە لەو رێژەیەی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوشدا هەبوون.
ئایا ئەمە بە مانای ئەوەیە کە ئێمە لەبری مرۆڤەکان زیاتر پارەمان خۆش دەوێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە پێچەوانەی ئەمەش دەڵێین؟ من دەترسم ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەویش بە رەوچاکردنی ئەو راستیەی کە ئێستاش حکومەتەکانی تورکیا بە شێوەیەکی سیستماتیکی خۆیان لاداوە لە واژۆکردن لەسەر رێککەوتنی سەلامەتی و تەندروستی کانەکان، ١٩٩٥(ژمارە.١٧٦).
لە کاتێکدا ئەو نەتەوانەی ئێمە باوەڕمان وایە کە زۆر لە دوای ئێمەوەن، وەك ئەلبانیا، ئەرمینیا، و زامبیا، لە نێو ئەو دەوڵەتانەن کە واژۆیان لەسەر ئەم رێککەوتنە کردووە.
ئەگەرچی یەکێتیەکان زامنکاری بەشداریکردنی دیموکراتین، هەروەها وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی ماف و سەلامەتی کرێکاران کار دەکەن، بەڵام سڵپێکردنەوەی ئەم یەکێتیانە وایکرد دووبارە گرێبەستی کرێکارانیان دایەوە بۆ خاوەن کارەکان لەبەرامبەر پێدانی کرێیەکی کەم و کارێکی ناسەلامەتدا.
هیچ پاساوێك نییە بۆ نینۆك کردنی یەکێتیەکان، لەبەر ئەوەی ئەوان بەرگری لە «تورکە سپی پێستەکان» یاخود «دەوڵەتە هاوتەریبە»کە ناکەن. بەڵکو ئەوان نوێنەرایەتی و بەرگری لە مافەکانی هەژار و بێبەشکراوەکان دەکەن. ئەگەر بە راستی سیاسییەکان خەڵکانی کرێکاریان خۆش دەوێت و رێزیان لێدەگرێت لە وڵاتەکەدا، ئەوا وا دەکەن کار بۆ دروستکردنی «ژورێکی سەلامەتی دژ بە ئاگر» لە کانەکانی خەڵوزدا دروست بکرێت. هەروەها رێوشوێنەکانی پشکنینی سەلامەتی بە جددی وەربگیرێن.
لەبەرچاوگرتنی ئەم راستیانە، پێدەچێت ئەو گوتارەی کە پێیوایە «یەکێتی ئەوروپا دژی ئەوەیە ئێمە ببینە بەشێك لێی، ئەویش بەهۆی ئاینەکەمان یان کەلتورەکەمانەوە»، گوتارێکە دۆخەکەی لەبەرچاو نەگرتووە. بۆچی پرسیاری ئەوە ناکەین کە بۆچی ئێمە ستانداردەکانی سەلامەتی ئەو وڵاتانە بەکار ناهێنین کە ئێمە زانست و تەکنەلۆجیایان لێ وەردەگرین؟
پرسیارە هەستیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین متمانە بە پرۆژەگەلێکی نارِوون بکەین کە بە پەرۆشەوە دەستی پێکراوە، ئەویش بە رەچاوکردنی نەبوونی دواکەوتووترین تەکنەلۆجیاکانی پەیوەست بە ستانداردەکانی سەلامەتیەوە؟ هەر رووداوێکی نارِوون بۆی هەیە لە پاڵ ئەو کاولکاریانەی لێدەکەوێتەوە، زیانێکی درێژخایەنیش لەسەر نەوەکانی داهاتوو دروست بکات.


*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# پێگەی سیاسەت لە ئیسلامدا

## چەند راستییەک لەم بابەتەوە بزانە

دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



بەداخەوە، تێکەڵ و پێکەڵەیەکی یەکجار زۆر لەنێوان هەردوو چەمکی ئیسلام و چەمکی سیاسەت دروست کراوە، بەجۆرێکی وا کە ئیسلامیان لە پەیامە روحییە دینییەکەی کە پێکهاتووە لە باوەڕ و ئیمان بەخوای بێ هاوتا و پاککردنەوەی نەفس، لە رێگای کتێبی خوداو رەوشتی پێغەمبەر((درودی خودای لەسەر بێ)) ئیسلامیان لاداوەو سیاسەتیان کردۆتە توخم و پێکهێنەری ئیسلام، ئەمەش وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتنیان بەدەسەڵات..

لەگەڵ ئەم کارە چەوتەشیاندا، توندڕەوەکان لە سوریا یەکتری دەکوژن، پێشتریش لە ئەفغانستان یەکترییان دەکوشت و هەروەها لە جێگای تریشدا، هەرهەمووشیان خۆیان بەغەزاکەر و موجاهید دادەنێن؛ ئەو موسڵمانانەی لەگەڵیان نین بەکافر یا مونافیق ناوزەد دەکرێن.

ئەی ئەوە تێکەڵ و پێکەڵی نییە؟ ئەدی خوێنرشتنی خاوەن روحی بەستەزمان و بێ گوناهـ بەناوی جیهادوە جگە لە تەحریف و ناشیرین کردنی ئیسلام، چ مانایەکی تری هەیە؟ ئەی لە چ دینێک و رێبازێکدا بەکافرکردنی خاوەن ئیمان رەوایە؟

ئەوەی باسمان کرد تاکە تەنگوچەڵەمەیەک نییە رووبەڕووی ئیسلامی خاوەن سرووش و محەمەد(درودی خودای لەسەر بێ) بوویێتەوە، بەڵکو لەبەرهەرهۆیەک بێت لە زۆرلایەنی تریشەوە، ئەم تێکەڵییە هەیە، تەنیا زانای وردو شارەزا لە زانستەکانی ئیسلامی و عەرەبیدا سەری لێدەردەچێت. بۆ نموونە:

- تێکەڵبوونی یا تێکەڵکردنی پێکهاتەکانی راستەقینەی ئیسلام و ئیمان لەگەڵ کەلتوری زەمان و مەکان.

- تێکەڵکردنی سوننەتی خودا، کە ناگۆڕدرێ لەگەڵ سوننەتی ئادەمیزاد کە هاتووە بە ناوونیشانی (سنن من قبلکم) کە قابیلی گۆڕانە.

- تێکەڵبوونی دنیاو ئایین(مقدس و مدنس) راست و ناراست(شەریعەو فیقە) تێکەڵبوونی داب و نەریتی عەرەبان لەگەڵ رێنماییەکانی ئیسلام.

تێکەڵبوونی ئەوەی ناگۆڕدرێت «ثوابت» لەگەڵ ئەوەی قابیلی گۆڕانە «متغیرات».

تێکەڵبوونی فەرموودەی راست و ئەم قسانەی هەڵبەستراون بەناوی فەرموودەی پێغەمبەر کە پێی دەڵێن «حەدیثی مەوضوع» یا نە گونجاو لەگەڵ رێنمایی قورئانی پیرۆزدا.

لە ئەنجامی ئەم تێکەڵبوونەی، کە دەبوایە زیاتر شرۆڤە بکرایە و ئێستاش ئەرکی توێژەرەکانمانە ئیشی لەسەر بکەن، لەجیهانی ئیسلامیدا بە تایبەتی لە ناو کوردەواری خۆماندا هەندێکی تریش هەن، بێ ئەوەی مەبەستیان بێ، زیان بە میللەت و ئیسلام دەگەیەنن، خۆیان بە زانای ئیسلام لەقەڵەم دەدەن؛ بەڵام بە پێچەوانەی پەیامی کرانەوەو پڕ بەزەیی و عەقڵانییەتی ئیسلام، بانگخواز و فەتوا بڵاودەکەنەوەو شتە جوانەکانی ئەم چەرخە بە حەرام یا مەکروهـ ناوزەد دەکەن، کەچی خودای عالەم فەرموویەتی: «هو الذي خلق لكم ما في الأرض جميعا» هەرچی لەم زەویەدایە بۆ ئێوەم دروست کردووە. سوودی لێوەربگرن، بۆیەش، زانایانی عیلمی فقەو أصول، دەڵێن: هەموو شتێک لە بنەچەدا دروست و حەڵاڵە؛ تەنیا بە بەڵگەی سەلمێندراو حەرام دەبێت. «ألأصل فى الأشياء الإباحە».

بێگومان، ئەم ئیشکالیاتانە لە لایەنی هزریی و واقیعیدا جددین

و، چارەسەریان پێویستە؛ بەڵام لە توانای تاکە کەسێکی زانادا نییە، ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر زانایانی جیهانی ئیسلامی بە تایبەت زانایانی زانکۆی ئەزهەری قەدرگران. چونکە ئەزهەر، جگە لە پێگە زانستییەکەی، لەڕووداوەکانی ئەم دواییەدا سەلماندی، کە دروشمی بریقەداری سیاسەت نەیتوانی بیخلیسکێنێتە ناو سیاسەتەوە لەسەر حیسابی پرەنسیبە بنەڕەتییەکانی نەگۆڕیی ئیسلام.

ئەوەی بە من بکرێت، لەم ئەرکە قورسەدا، هەر وەکو شارەزایەکی کورد لە زانستە ئیسلامییەکاندا، بۆلابردنی هەندێک لەم تەمومژییانە، چەند خاڵێک لەپرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئیسلام و راستییەکانی سەپێندراوی هزریی ئیسلامی بخەینە پێش چاوتان:

١ - سیاسەت، کە دەکاتە زانستی دەسەڵات بە هەر سیستمێک، بەشێک نییە نە لە ئیمان نە لە ئیسلام؛ بەڵام زەرورەتێکی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵگای موسڵمانیش وەکو هەر کۆمەڵگایەک پێویستیان بە دەسەڵاتی خۆیان هەیە بۆ دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بۆیەش لای زانایانی زانستی کەلام وفقه، جگە لە شیعەکان، سیاسەت، بە واتای ئیمامەت، نە کراوەتە بەشێک لە دین، بەڵکو لە دەرەوەی دین باس کراوە، وەکو ئەرکێکی عەقڵی یا شەرعی. خۆ ئاشکراشە، نە لە قورئانی پیرۆزداو نە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا سیستمی سیاسی «نظام الحكم» نە بە کورتی و نە بە درێژی باس نەکراوە؛ تەنیا چەند پرەنسیپێکی عەقڵانی ئینسانی نەبێت کە گونجاون لەگەڵ ویژدان و سروشتی مرۆڤدا، وەکو دادپەروەری و هەماهەنگی و یەکسانی.

٢ – هەموو زانایانی مێژووی سیرەتی محەمەد(درودی خودای لەسەر بێت)نووسیویانە و دەڵێن:

خاوەن هێزو دەسەڵاتەکانی قورەیش، کە هەستیان کرد بە خەتەرناکی قسەکانی محەمەد، لەسەر پێگەیان لە نێو قورەیش و عارەب، هەڵستان، لەگەڵ ئەبوتاڵبی مامی، چوونە لای، ئەم بابەتە بنبربکەن، یەکەم قسەیان ئەوە بوو: ئەی محەمەد ئەگەر دەسەڵاتت دەوێت «ملکناک» دەتکەینە خاوەن دەسەڵات «ملک» بە مەرجێك، لە داوای تاقوتەنیایی خوداو دژایەتی بتەکانیان وازبێنی.

لە وەڵامیاندا، فەرمودەیەکی وت، تائێستا زەمان سەری سوڕماوە لەم جۆرە ئیمانەی هەیبووە بە پەیامە خواییە ئیسلامیەکەی، هەمیشە دەیلێنەوە وەکو نموونەی ویست و عەزیمەتێک کە هیچ هێزێکی ماددی نەیتوانی لە مەبەستەکەی دووری بخاتەوە.

فەرمووی «والله لو وضعوا الشمس على يميني والقمر على يساري ما تركت هذا الأمر أو أهلك دونه» سوێند بە خودا ئەگەر رۆژ لای راستم دابنێن، مانگ لای چەپم؛ بۆ ئەوەی لەو پەیامە واز بێنم، وازی لێناهێنم، دیارە، پەیامەکەی «لا اله إلا الله» بوو، سیاسەت و دەسەڵات و سیستمی سیاسی نەبوو.

٣. پرسێکی تری ترسناک و نابەجێ هەر لە دەستپێکی ئیسلامدا، هەر لە زەمانی ئیمامی عەلی سەریهەڵدا، نەیارەکانی، کە بە «خوارج» ناو دەبران، بۆ یەکەمجار وەکو ئامرازی سیاسی، دینیان بەکارهێنا، دوور لە مەبەستی راستەقینەی ئایەتە پیرۆزەکەی وەکو بەڵگەو دروشمی ئەم پرسە دەیانگوتەوە ئەویش ئایەتی «إن الحكم إلا لله». شرۆڤەیەکی فیتنە ئەنگێزیان بۆ کرد، دژی ئیمامی عەلی.

ئیمامی عەلییان کافر کرد، کوشتنی ئەویان حەڵاڵ کرد؛ چونکە بە حوکمی ئادەمیزاد بۆ کۆتایی شەڕ لە نێویان، رازی بوو.

وەکو سەرچاوە مێژووییەکان نووسیویانە، (عبدالله)ی کوڕی عباس دەچێتە لایان، بۆ ئەوەی، بۆیان بسەلمێنی کە واتەی «حکم» لەم ئایەتەدا لەگەڵ بۆچوونی ئەوان ناگونجێ، دیالۆگێکی بابەتیانە و ئارامانەی لەگەڵ کردن، فەرمووی: ئەی قورئان نەیفەرمووە «وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكما من أهله وحكما من أهلها»؟ دیارە خودا لەم ئایەتەدا حوکمی داوە بە ئادەمیزادو بێگومان کافریش نابێ.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێ «کەسێ نێچیرێک لە شاری مەککە لە کاتی ئیحرامدا بە عەمدی بکوژێ هەر وەکو ئەوەی کوشتی، سزاکەیەتی، ئەوانەی لە نێو ئێوە دادپەروەرن حوکمی پێ دەکەن».

بەداخەوە، بەدرێژایی مێژووی ئێمەی موسڵمان، توندڕەویی لە دین یا توندڕەویی لە بۆچوونی سیاسی کە لەم چەرخە بە ئیسلامی سیاسی ناسراوە، لەم پرسەیەی کە ناونیشانی «حاکمییەتی خودایان پێداوە «حاكميه الله» سەری هەڵداوەتەوە، زۆر لە زانایان و نووسەران کۆکن کە سەید قوتب، لە ئاکامی ئەزموونە تاڵەکەی خۆی، ئەم بیرۆکەیەی وروژاندووە لەگەڵ رۆژنامەنووسی موسڵمانی هیندی ناسراو بە «مەودودی» بێگومان دەبوایە بزانن کە زۆربەی هەرەزۆری جیهانی ئیسلامیی کۆڵەواری زانستن، زۆربەیان، کەلتووری چەسپاو لە سەریان «ترغیب و ترهیب»، عاتیفەتە، عەقڵانی نییە، دەبوایە بزانن ئەم بیرۆکەیە، بەم ئەزموونە مێژووییە فیتنە ئەنگێزە، ئاگرێکی گەورە هەڵدەگیرسێنێت لە نێو ماڵی موسڵمانان، کە ئێستا روویداوەو ئاشکرایە.

ئیمە، لە کۆڕبەندی هزری ئیسلامیدا لە کوردستان، شانازی دەکەین کە بە شێوازێکی زانستییانە توانیومانە، لە پڕۆژە هزرییەکەی کۆڕبەندەکەمان، ئەم پرسە کۆنەو هاوچەرخە چارەسەربکەین.

بە کورتی، بە گوێرەی سیاقی ئایەتی «إن الحكم إلا لله» لە سورەتی یوسف ٦٧ هەروەها لە جێگایەکانی تریش، واتای «حکم» قەزاو قەدەرە، تەشریع و سیاسەت نییە.

٤ – خودای خاوەنی بوون و نەبوون، مرۆڤی کردۆتە «خەلیفە»ی خۆی، لەم زەوییەدا، عەقڵ و زانستی پێداوە، بەرپرسە لە ژیان و کردەوەی خۆی. ئەوەیە مرۆڤایەتی. جودای کردۆتەوە لە بوونەوەرەکانی تر. لە سورەتی هود ئایەتی ٦١ هاتووە «هو أنشأكم من الارض واستعمركم فيها» مانای وایە: خەلق و دروستکردن لە نەبوون، کاری خودایە، ئاوەدانکردنەوەو شارستانیەت کاری مرۆڤە، رێکخستنی کۆمەڵگاش بەشێکی دیارە لەم شارستانیەتەدا، ئیتر چۆن یاسادانان بە کوفر دادەنێن؟

*** سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**سیاسەت، کە دەکاتە زانستی دەسەڵات بە هەر سیستمێک، بەشێک نییە، نە لە ئیمان نە لە ئیسلام؛ بەڵکو زەرورەتێکی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵگای موسڵمانیش وەکو هەر کۆمەڵگایەک پێویستیان بە دەسەڵاتی خۆیان هەیە بۆ دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی**

**لەجیهانی ئیسلامیدا بە تایبەتی لە ناو کوردەواری خۆماندا هەندێک هەن، بێ ئەوەی مەبەستیان بێ، زیان بە میللەت و ئیسلام دەگەیەنن، خۆیان بە زانای ئیسلام لە قەڵەم دەدەن؛ بەڵام بە پێچەوانەی پەیامی کرانەوەو پڕبەزەیی و عەقڵانییەتی ئیسلام، بانگخواز و فەتوا بڵاودەکەنەوە**

# هەولێر
# سیمای تەلارسازی کوردستانە



د. مەدحەت محەمەد سلێمان



لە زۆربەی وڵاتە پێشـــکەوتووەکان، بە تایبەتی کیشوەری کۆن کە بە ئەوروپا دەگووترێت، لەگەڵ پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا و تەلارسازی هەندێ شـــوێنیان دەستکاری نەکردووە و بگرە وەکو شوێنەوارێکی زیندوو ماوەتەوە، واتە خەڵکی تیایدا دەژین و ژیان بەردەوامە، بۆ نموونە لە شاری وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا، یان لە پراگی پایتەختی چیك یاخود لە شـــاری ئۆهوس لە وڵاتی دانیمارك هەروەکو لە مۆسکۆ و سانکت پیتەرسبورگەوە تا لەندەن و پاریس و شـــارەکانی ئیتاڵیا و نەمســـا و زۆر شوێنی تر؛ ئەم شـــوێنانە بوونەتە تێکەڵەیەك لە مێژووی کۆن و هاوچەرخ کە بە هەزارەها گەشتیار رووی تێ دەکات، لە لایەك کولتوری وڵاتەکە نیشـــان دەدات، لە لایەکی ترەوە داهاتێکی باشـــی گەشتیارییە بـــۆ وڵاتەکە و لە ئەنجامیدا بە ســـەدان خەڵکی ئەو شـــوێنانە وەکو رێنیشـــاندەری گەشـــتیاری هەلی کاریان بۆ رەخساوە بۆ هاوکاری کردنی گەشتیاران بە نیشاندان و گێڕانەوەی مێژووی شوێنەوارەکان.

لێرەدا پێویســـتە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە ئایا لەشارێکی وەکو هەولێر کە یەکێکە لە شـــارە هەرە دێرینەکانی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کە ژیان تیایدا بـــەردەوام بووە، تاچەند رەچاوی ئەم لایەنە کراوە؟ بە داخەوە تا ئێســـتا بەم شـــێوەیەی وڵاتانی گەشتیاری سوودی لێ وەرنەگیراوە، لەگەڵ ئەو غەدرە مێژووییەی کە لە کوردســـتان کراوە بە داگیرکاری و سووتان و تەخت کردن و بە تاڵان بردن، سەیر دەکەی لەم بوارەدا بە داخەوە زۆر سەرچاوەی مێژوویی و پاشماوەی دێرینمان بۆ نەماوەتەوە بە تایبەتی لە بواری تەلارسازیدا، بۆیە بۆ ئێمە مانان ئەستەمە بە خەڵکی بڵێین ئەم ستایلە ستایلی تەلارسازی کوردییە، هەروەکو چۆن تورك و عـــەرەب و فارس و ئەوروپییەکان هەیانە، لەگەڵ ئەوەشـــدا کورد ئەوەندەی خەمی رزگارکردنی ژیانی خۆی بووە لەدەســـت داگیرکەرەوە، ئەوەندە خەمی پاراســـتنی مێژووەکەی خۆی نەبووە، بۆیە کە ســـەیر دەکەین پاشـــماوەکانی کۆشك و تەلارەکان تا ئێســـتا وێرانەن وەکو قەڵای دوین و زۆر شوێنی تر.

جا ئەگەر لەم روانگەیەوە ســـەیری شاری هەولێر بکەین، دیسان دەبینین غەدرێکـــی زۆرمان لە قەڵای هەولێر کردووە و بە پێی پێداویســـتی رۆژگار بە ئارەزووی خۆمان دەستکاری ئەم توحفە جوانەمـــان کردووە، بۆ نموونە دەوروبـــەری قەڵای هەولێر کاتی خـــۆی هەمووی دوکان بوو، لە ناکاو بڕیاردرا هەموو دوکانەکان تێك بدرێن و قەڵاکە بە شوورەیەکی ناشرین دەورە درا و لە گرمە و ژیان کەوت و بووە تۆپەڵە قوڕێك لە ناوجەرگەی شار، قەیسەری هەولێر کە تەواوکەری قەڵا و ســـەنتەری شارەکەیە تا ماوەیەکی زۆر وێرانە بوو، ئێستا کە نۆژەن دەکرێتەوە کارێکی باشە دەکرێت، بەڵام بە بۆچوونی من شێوازی ئەو کەرپووچانەی کە بە کاردێن بـــۆ نۆژەنکردنەوەکـــە، هەمان ئەو جـــۆری کەرپووچە نییە کە قەیسەری پێ بنیات نراوە، لەبەرئەوەی کەرپووچی کۆن جۆری پتەو بووە و ئەوەی ئێستا کوون کوونە و زۆر بە ئاسانی دەشکێت، ئەگـــەر بە بڕیارێـــك لێدانی بزمار و لافیتـــە قەدەغە نەکرێت.

خاڵێکی تر بەلای منەوە زۆر گرنگە شـــێوازی دروســـتکردنی باڵەخانە لە ناو شەقامی ٣٠ مەتری لە زۆربەی وڵاتان دروست کردنی باڵەخانە بە شـــێوەی هەڕەمەکی قەدەغەیە، بۆ نموونە لە پاریس بە دووری ١٥ کیلۆمەتر قەدەغەیە باڵەخانەیەك دروســـت بکەیت لە بورجی ئیڤڵ بەرز تر بێت، قەدەغە کردنەکە بۆ ئەوەیە

له دووره‌وه خه‌ڵك هه‌ست به بوونی ئه‌و بورجه بكات. له شاری هه‌ولێریش كه قه‌ڵای مێژووی شاره‌كه كه ده‌كه‌وێته ناوجه‌رگه‌ی شاره‌وه، ده‌بوایه به دووری چه‌ند كیلۆمه‌ترێك رێگا به باڵه‌خانه‌ی به‌رز نه‌درێت دروست بكرێت، بۆ ئه‌وه‌ی له هه‌ر شوێنێك بوه‌ستیت قه‌ڵاتت لێ دیار بێت كه هێمای شاره‌كه‌یه، له لایه‌كی تره‌وه ئه‌و كه‌ره‌ستانه‌ی كه به‌كاردێن بۆ نۆژه‌نكردنه‌وه و دروست كردنه‌وه‌ی باڵه‌خانه‌كان له ناو شه‌قامی ٣٠ مه‌تری ده‌بووایه هه‌مان كه‌ره‌سته بوونایه بۆ ئه‌وه‌ی لێكچوونێك هه‌بووایه، بۆ نموونه كه ده‌چیته عه‌ممانی پایته‌ختی ئوردن هه‌موو شاره‌كه سپی ده‌چێته‌وه و هه‌موو باڵه‌خانه‌كان پێویسته هه‌مان جۆری به‌ردی حه‌لان و به‌ردی چیا به‌كار بهێنن، یان كه ده‌چیته گه‌ڕه‌كی وارشۆی كۆن هه‌مووی له كه‌رپووچ و دیزاینی خانووه‌كانیش یان وه‌كو یه‌كن یان له‌یه‌كه‌وه نزیكن، كه ده‌چێته له‌نده‌ن هه‌مان شت و كه‌س ناتوانێ له گه‌ڕه‌كێك یه‌كێك په‌نجه‌ره‌كه‌ی بۆیه‌ی سپی بێت و ئه‌وی تر ره‌ش، پێویسته هه‌موو هه‌مان ستایل و هه‌مان ره‌نگ بن، كه‌چی له هه‌ولێر و له ناوجه‌رگه‌ی شاره كۆنه‌كه باڵه‌خانه هه‌یه به ئه‌لیكۆپۆن روو پۆش كراوه یان به بلۆك و كۆنكریت دروست كراوه، هیچ باڵه‌خایه‌كی لێكچوو نادۆزیته‌وه‌و هه‌ر كه‌سه هه‌ڵده‌ستێ به ئاره‌زووی خۆی باڵه‌خانه‌كه‌ی نۆژه‌ن ده‌كاته‌وه به‌بێ گوێدانه ره‌سه‌نایه‌تی ناوچه‌كه، ئه‌مه هه‌ڵه‌یه‌كی كوشنده‌یه، چونكه گه‌شتیار كه ده‌چێته ناو شار ته‌نیا بۆ سه‌ردانی قه‌ڵا ناچێت، به‌ڵكو قیسه‌ری و ده‌وروبه‌ری قه‌ڵا به قه‌د قه‌ڵای هه‌ولێر گرنگه، باشه به‌یانی ئه‌گه‌ر ده‌لیلی گه‌شتیاری دروست بكه‌یت و خه‌ڵكانێك وه‌كو وڵاتان باسی مێژووی شاره‌كه‌یان بكه‌ن بۆ گه‌شتیاران باسی چی ده‌كه‌یت؟

زۆر گرنگه ته‌لارسازه‌كان له هه‌وڵی ئه‌وه‌دابن ره‌سه‌نایه‌تی ناوجه‌رگه‌ی شار بپارێزن و هه‌وڵ بده‌ن دروستكردنه‌وه و نۆژه‌نكردنه‌وه له سه‌ر بنه‌مای مێژوویی بێت، نه‌وه‌ك زاڵبوونی ئابووری به‌سه‌ر كولتوری ره‌سه‌نایه‌تی ته‌لارسازی گه‌له‌كه‌مان، چونكه چۆن زمان پێناسه‌ی نه‌ته‌وه‌یه به هه‌مان شێوه كولتوری ته‌لارسازیش به‌شێكن له پێناسه‌ی نه‌ته‌وه، به‌ڵام به داخه‌وه تا ئێستا هه‌وڵدان بۆ داهاتی باشتر و ئابووری زاڵتره به‌سه‌ر پاراستنی ره‌سه‌نایه‌تی شاره‌كه‌وه، گه‌رچی رۆژێك دێت داهاتی گه‌شتیاری زۆر كاریگه‌رتر ده‌بێت له داهاتی باڵه‌خانه‌یه‌ك كه كه‌س گرنگی پێ نادات.

هۆكارێكی تریش ئه‌وه‌یه ره‌نگه توێژینه‌وه‌ی زۆر له سه‌ر ره‌سه‌نایه‌تی ته‌لارسازی كوردستانی نه‌كراوه، و نابێت ئه‌وه‌شمان له بیر بچێت كه ماوه‌یه‌كی زۆر كه‌مه كورد به ئازادی له سه‌ر خاكه‌كه‌ی ده‌ژی و تاڵانكردنی ژێرخانی كوردستان دووباره كاریگه‌ری زۆری هه‌بووه كه هونه‌ری ته‌لارسازی له هه‌رێمی كوردستان پێش نه‌كه‌وتووه.

له‌به‌ر بێ پلانی و داگیركاری شاره‌كانی كوردستان له‌لایه‌ن داگیركه‌رانه‌وه، هیچ بایه‌خێك به پلانی كاركردن یان ماسته‌رپلان نه‌دراوه و به‌ڵكو هه‌وڵی دانانی ماسته‌ر پلانیشیان نه‌داوه، له دوای پرۆسه‌ی ئازادی كوردستان، حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان هه‌وڵیدا به زووترین كات نه‌خشه‌ی ماسته‌رپلان بۆ هه‌موو شار و شارۆچكه‌كانی كوردستان دابنێ، ئه‌مه له‌لایه‌ك باش بوو، به‌ڵام له لایه‌كی تره‌وه ره‌نگه ئه‌و وڵاتانه‌ی كه به‌م كاره هه‌ڵساون زۆر به وردی له روویی مێژووییه‌وه گرنگیان به ماسته‌ر پلانه‌كه نه‌داوه، بۆ نموونه ئه‌گه‌ر نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی قه‌ڵای هه‌ولێر یان قه‌یسه‌ری به‌پێی ماسته‌ر پلان بێت، ده‌بوایه حیساب بۆ لێكچووی كه‌ره‌سته‌كانی قه‌ڵاو قه‌یسه‌ری و گۆڕستانه كۆنه‌كان بكرابوایه، له كاتێكدا نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی قه‌یسه‌ری له‌سه‌ر مۆدێلی عه‌باسییه‌كان كاری له‌سه‌ر ده‌كرێت، كه‌چی مێژووی قه‌ڵات زۆر كۆنتره. گۆڕستان له وڵاته پێشكه‌وتووه‌كان گرنگی زۆری پێ ده‌درێت زیاتر له پاركێكی گه‌وره ده‌چێت تا گۆڕستان، راسته له‌لایه‌ن تاكه‌وه كه‌س گرنگی به گۆڕستانه‌كان نه‌دراوه و حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستانیش به‌بێ به‌رنامه‌یه و پێویسته خه‌ڵك فێری ئه‌وه بكه‌ین گرنگی زیاتر به گۆڕستانه‌كان بده‌ن، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش تێكدانی گۆڕستان به شێوه‌یه‌كی هه‌ڕه‌مه‌كی له رووی مێژووییه‌وه كارێكی هه‌ڵه‌یه، به‌ڵام ده‌كرێ له گۆڕستانه تایبه‌ته‌كانی ناو شار قه‌ده‌غه بكرێت له‌مه زیاتر مردوو بنێژرێت بۆ ئه‌وه‌ی كۆنترۆڵ بكرێت و حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستانیش هه‌ڵسێ به سه‌وزكردن و رێكخستنه‌وه‌ی گۆڕستانه‌كان.

كێشه‌یه‌كی تری گه‌وره له داهاتوو بۆ ئه‌م شاره و شاره‌كانی تری كوردستان دروست ده‌بێت كه خۆمانمان بۆ ئاماده نه‌كردووه، باڵه‌خانه‌ی ستوونیه‌كانه كه له رووی زانستییه‌وه دروسته له پێناوی گه‌وره نه‌بوونی شار به هه‌ڕه‌مه‌كی و بۆ كۆنترۆڵكردنی گرفتی ئاو و كاره‌با، به‌ڵام له‌به‌رئه‌وه‌ی تا ئێستا به‌پێی ماسته‌رپلان بۆڕی زێرابی ئاوی قورس و ئاوه‌ڕۆی سه‌ره‌كی شار دروست نه‌كراوه و تۆڕی گرێدانی ئه‌م جۆره ئاوه‌ڕۆیانه به‌یه‌كه‌وه نه‌به‌ستراونه‌ته‌وه، له داهاتوویه‌كی نزیكدا تووشی گرفت ده‌بین. گرفتێكی تریش له كۆمه‌ڵگاكانی نیشته‌جێ بوون به‌دی ده‌كرێت له كاتی دروستكردنی خانووه‌كانی یه‌كه‌ی نیشته‌جێبوونی ستوونی به‌رز دروست ده‌كرێت به‌بێ ئه‌وه‌ی حیساب بۆ دیكۆری ناوچه‌كه‌و ژینگه‌كه‌و ره‌سه‌نایه‌تی كلتوور بكرێت، بۆیه ده‌بینین باڵه‌خانه‌ی ستوونی له پێش خانووی ئاسایی دروست ده‌كرێت و جوانی كۆمه‌ڵگه‌كه ده‌شارێته‌وه، دێن باڵه‌خانه‌ی ستوونی ده‌خه‌نه نێوان شه‌قامی سه‌ره‌كی و خانووه‌كان، ئه‌مه‌ش ده‌بێت شاردنه‌وه‌ی سیمای گه‌ڕه‌كه‌كه. ئه‌م دیارده‌یه‌ی باڵه‌خانه‌ی ستوونی به داخه‌وه له سه‌نته‌ری شاریش به‌دی ده‌كرێت كه بۆته هۆكاری شاردنه‌وه‌ی قه‌ڵای هه‌ولێر. له كۆمه‌ڵگه‌كانی پێش كه‌وتوو له‌كاتی نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی باڵه‌خانه‌یه‌ك پێوسته وه‌كو خۆی له رووی ته‌لارسازییه‌وه دروست بكرێته‌وه به‌بێ گۆڕانكاری.

خاڵێكی تری گرنگ له شوێنی دانانی په‌یكه‌ره له ناو شار، دیسان ده‌بوایه حیساب بۆ لێكچوونی ته‌لارسازی ناوچه‌كه بكرێت، زۆربه‌ی زۆری په‌یكه‌ره‌كان له وڵاته پێشكه‌وتووه‌كان له شوێنێك داده‌نرێت كه ناوه‌ڕۆكی په‌یكه‌ره‌كه و مێژووی شوێنه‌كه له‌گه‌ڵ یه‌كتر ده‌گونجێن، بۆ نموونه په‌یكه‌ری شێوه‌كارێك كه خۆی هونه‌رمه‌نده ناكرێ له نزیك نه‌خۆشخانه‌یه‌ك دابنرێت. من نازانم هونه‌ری دانانی په‌یكه‌ری ئیبن ئه‌لمسته‌وفی چییه له پێش ده‌رگای قه‌ڵات؟ ده‌بوایه ئه‌م په‌یكه‌ره له سه‌ر چوارڕیانێكی سه‌ره‌كی له‌ناو شار یان له‌ناو پارك و باخچه گه‌وره‌كانی شاردا دابنرایه. یاخوود مێژووی قه‌ڵای هه‌ولێر و په‌یكه‌ری ئیبن ئه‌لمسته‌وفی چ شتێك به یه‌كیانه‌وه گرێ ده‌داته‌وه؟ ئه‌وه وه‌كو ئه‌وه وایه په‌یكه‌ری وه‌رزشوانێك له نزیك مزگه‌وتێ دابنرێ. بۆیه پێویسته لیژنه‌یه‌ك هه‌بێت بۆ جۆر و شوێن و گه‌وره و بچووكی په‌یكه‌ر دانان له‌ناو شاردا كه چه‌ند كاریگه‌ریی له‌سه‌ر ژینگه و شوێنی دانانی په‌یكه‌ره‌كه ده‌بێت.

**له هه‌ولێر و له ناوجه‌رگه‌ی شاره كۆنه‌كه باڵه‌خانه هه‌یه به ئه‌لیكۆپۆن روو پۆش كراوه یان به بلۆك و كۆنكریت دروست كراوه**

**ئه‌گه‌ر نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی قه‌ڵای هه‌ولێر یان قه‌یسه‌ری به پێی ماسته‌ر پلان بێت، ده‌بوایه حیساب بۆ لێكچووی كه‌ره‌سته‌كانی قه‌ڵاو قه‌یسه‌ری و گۆڕستانه كۆنه‌كان بكرابوایه**

**تێكدانی گۆڕستان به شێوه‌یه‌كی هه‌ڕه‌مه‌كی له رووی مێژووییه‌وه كارێكی هه‌ڵه‌یه، به‌ڵام ده‌كرێ له گۆڕستانه تایبه‌ته‌كانی ناو شار قه‌ده‌غه بكرێت له‌مه زیاتر مردوو بنێژرێت بۆ ئه‌وه‌ی كۆنترۆڵ بكرێت**